# خەباتنامە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# خەباتنامە

کورتە مێژووی پارتی و کولتووری بارزانیی نەمر

**محەمەد مەلا قادر**

ناوی کتێب: خەباتنامە – کورتە مێژووی پارتی و کولتووری بارزانیی نەمر
نووسینی: محەمەد مەلا قادر
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٤٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە : سەنگەر عەبدولقادر
دەرهێنانی بەرگ: مەریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٦٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ




بارزانیی نەمر

## خەباتنامە

خەباتنامە کتێبێکی مێژوویی و کەلەپوورییە واتە لە لایەك بەکورتی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوون دەکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە هەندێ لە کولتوور و کەلەپووری ڕێبەری مەزنی کورد مەلا مستەفا بارزانی نەمر دەگرێتە بەر خۆ، واتە خەباتنامە دووانەیە بە یەك زگ لە دایك بووە و بەو ئومێدەی دووانەی تریش لە کوردستان هەمیشە زۆر بێ و لە برەوبێ و بەهەموو لایەکی ڕۆشنبیری بتوانین مێژووی دەوڵەمەندی پارتی و کولتووری پیرۆزی بارزانیی نەمر بەتێروتەسەلی بنووسرێ هەرچەندە زۆریش نووسراوە.

هەروەها بۆیە خەباتنامە بەجمکی لە دایك بوو چونکە مێژووی پارتی تێکەڵاوە لەگەڵ بارزانیدا.

بەڕاستی مێژووی کورد لە سەردەمی نوێ و مێژووی پارتی و مێژووی بارزانی و کەلەپووری بارزانیی نەمر هەمووی تێکەڵاوی یەکە و لە یەك جودا ناکرێنەوە و بەیەکەوە ژیان دەبەنە سەر.

من لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لەوەتەی خۆم ناسیوە لە پاڵ بیروباوەڕ و ڕێباز و هەڵوێستەکانی بارزانیی نەمردا بوویمە.

لە ساڵی ١٩٦٤ کە دووبەرەکی لە ناو پارتی ڕووی دا دوای کۆنفرانسی ماوەت کە برایم ئەحمەد و تاقمەکەی بەستایان و بووە هۆی دووبەرەکی لە نێوان سەرکردایەتی بارزانی و چەند ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامانی م.س و چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

من لە یەکەم ڕۆژەوە لایەنگریی لایەنی بارزانیم کرد و لە لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی شەشەم بوومە ئەندام و کۆنگرەی شەشەم بەستراو

تاقمەکەی (برایم ئەحمەد و جەلال) شکستیان خوارد و لە دواییدا ڕایان کرد بۆ هەمەدان و لە دوایدا پاش ساڵێك گەڕانەوە و دوای ئەوە چوونە پاڵ حکوومەتی عێراق.

بەڵێ من ئەو ڕێبازەم گرت بۆچی؟

ئایا کۆر کۆرانە بوو یان زانست و هۆشیاری بوو؟

بێگومان لە تێگەیشتنی زانستی بوو چونکە من بەبەڵگەی مەنتقی مامەڵەم لەگەڵ ڕووداوەکانی ١٩٦٤-١٩٦٦دا کرد.

من لێکم دایەوە کە بارزانییەك هەر لە تەمەنی منداڵی و لاوێتیدا خەریکی شۆڕش و کوردایەتی و ئاوارەیی و زیندانی و دوورخستنەوە ببێ بەهۆی کوردایەتی و لە ڕێبازی خۆی لای نەدابێتەوە، بەمرۆڤێکی ڕاست و ڕاستگۆ دێتە ئەژماردن.

بۆیە بڕوای تەواوم بۆ دروست بوو کە لایەنی بارزانی ڕاستە و لەسەر هەقە و ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتییە، ڕێبازەکەی هەر ئاوەدانە و ڕێبوارانی ئەوەندە زۆرن وەك دەریا شەپۆلی گەورەی دابێ، جا من لێرەدا هەولم داوە کورتە مێژوویەکی پارتی بنووسم کە پێشتر بۆ پەیمانگەی کادیرانم ئامادە کردبوو وەك کۆوانە (محاضرة). بۆم شی دەکردنەوە و وەك نامیلکەیەك بۆم ئامادە کرد و لە زۆر خولی ڕۆشەنبیری هەمان کۆوانەم پێشکەش کردن.

دەربارەی کولتووری بارزانی نموونە گەلێك زۆرن و من لێرە کورتەیەك لەگەڵ وتارە مێژووییەکەیدا ئامادەم کردووە و لە خولی ڕۆشنبیریی (١١-١٢-١٣) لقی١ وەك وانەیەکی نووسراو پێشکەشم کردن و ئێستا ڕێکوپێکترم کردووە بە دوو بەش پێشکەشی دەکەم بۆ پەیمانگای کادیران و خولەکانی ڕۆشنبیری، بەو هیوایەی سوودی لێ وەربگرن یانیش بیکەن بەبەرنامەی وانەکانی خۆیان.

کورد گوتەنی (دیاری شوانێ ئاڵە کۆکە)، هەروەها لە لایەکی تر دەمەوێ ویژدانی خۆم بەرامبەر بەم ڕێبەرە مەزنە ئاسوودە بکەم چونکە بارزانی بۆ ئێمەمانان و بۆ کورد ڕێبەر و مامۆستای کوردایەتی و ژیانی نوێ بوو، لەسەر هەمووان بەتایبەتی ئەوانەی شارەزاییان لەسەر ڕێباز و کولتووری بارزانی ئەمر هەیە بیخەنە بەردەستی خوێنەران و هەڤالان و لەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا جێیان بۆ بکەنەوە. خوا لە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ: (ومن یكتم الشهادة فانه آثم قلبه)، لەسەر هەمووان ئەرکێکی پیرۆزە لە ئاستی ڕاستی ڕاست و ملکەچ بێ و کاری بۆ بکات ئومێدم زۆرە هەڤالانی پارتی بەگشتی سوودی لێ وەربگرن و خەباتنامە ببێ بەژیاننامە و ڕاستنامە.

نووسەر

## بەشی یەکەم

### کولتووری بارزانی نەمر

### یان ڕێبازی بارزانی نەمر

هەرچەندە کولتوور و ڕێباز جیاوازییان هەیە بەڵام زۆر لە یەك نزیك دەبنەوە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری هاوبەش، لێرەدا ئێمە دەمانەوێ باسی کولتوور بکەین: کولتوور واتە کەلەپوور: کولتوور ئەمەش لە لاتینیدا Cultureی پێی دەڵێن.

کولتوور ئەوەی لە دوای مرۆڤ بەجێ دەمێنێ چ شتی مادی بێ یان شتی دەروونی (معنوي). مەبەستی ئێمە هەر وەك لە مادەی یەکەمی پرۆگرامی پارتی باسی لێوە کراوە، کەلەپووری واتەیی و دەروونییە چونکە زیاتر ئەم بابەتەیان یان ئەم بەشە بەکەڵکی ئێمە دێت وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بێ گومانە کەلەپووری بارزانیی نەمر لە ڕێباز و بیر و باوەڕ و کردەوەکانی لە ٥٠ساڵی خەبات و شۆڕشدا دەردەکەوێ.

نموونەکانی کەلەپووری بارزانیی نەمر یەکجار زۆرن بەئاسایی نایێتە ئەژماردن و نووسین لە چەند لاپەڕەیەکدا، چونکە هەموو ئەم کار و کردەوە و هەڵوێستی بارزانی نەمر کە لە مێژوودا بەتایبەتی لەو کتێبانەی کە لەسەر بارزانییان نووسیوە هەندێك لە کەلەپووری بارزانیی تێدایە بەتایبەتی ئەم کتێبەی هەڤاڵی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی مێژووی بارزانی نووسیویەتی لە ژێر ناوی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) لە چەند قۆناغێك و لە چەند بەرگێکدا، هەروەها ئەم وتارەی بارزانیی نەمر لە کۆنفرانسێکی سیاسی – عەسکەریدا لە ١٩٦٧/٤/١٥ پێشکێشی کردووە، بەڕاستی لەوێدا

زۆر بەڕاشکاوی کولتووری هزری (فیکری) بارزانیی نەمر بەڕوونی خۆی دەردەخات.

هەر وەك من کورتم کردووەتەوە و لە ٢٥ خاڵدا ڕوونم کردووە جەوهەر و ناوەڕۆکی وتارەکە تا ڕادەیەك خۆی دەنوێنی، جا من داواتان لێ دەکەم ئەو خاڵانەی وتارەکەی بارزانی بخوێننەوە، لێرەش من چەند خاڵی تر بەکورتی لە بارەی هزری بارزانیی نەمرەوە دەنووسم بەهیوای ئەوەی چەند تنۆکێك لە دەریای هزری بارزانیی نەمر نیشان بدات.

١- بارزانی لە بنەماڵەیەکی ئاینی کە پەیڕەوی تەریقەتی نەقشبەندییان کردووە و ئاوێتە بووە لەگەڵ هەندێ ڕەفتاری هۆزایەتی و عەشائیریی ئەو سەردەمە، بەڵام ئەوەش هزری تازە و فکری خۆی لە لایان هەبووە لە دواییدا لە سەرەتای سەدەی بیست بیروڕای ڕامیاری (سیاسی)یشیان لەلا پەیدا بووە و کاریان تێدا کردووە، کەواتە بارزانی پەروەردە بووە و گەورە بووە و گەشەی کردووە لە هەموو ڕوویێکەوە بەبیرو باوەڕی ئاینی سۆفیگەری و عەشائیری و سیاسیی سەردەم ئەگەر بەوردی بیر و ڕای بارزانی بخوێنینەوە بەچاکی ئەم ڕاستییەت بۆ ئاشکرا دەبێ و من خۆم لە نزیکەوە کە بەخزمەتی گەیشتبووم و دەمناسی وام دەناسی زۆر جاریش من بەو شێوەیە لە کۆڕ و سیمنارەکان بەو شێوەیە باسم لێ کردووە.

٢-بارزانی هەمیشە بەزمانی خەڵك قسەی دەکرد، واتە چ لەگەڵ بارزانییان یان لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە بەکرمانجی سەروو قسەی بکردایە وەك ئەوان بەلەهجە و شێوە زاری ئەوان قسەی دەکرد و ئەگەر لە ناوچەکانی کرمانجی خواروو و (سۆرانی) قسەی بکردایە بەشێوازی ئەم ناوچانە قسەی دەکرد خۆ ئەو وتارەی من باسم لێ کرد تاڕادەیەك بەشێوازی کرمانجی خوارووە و زمانێکی زۆر سادە و ئاسانە و بەڕاستی زمانی خەڵکە.

خۆ هەندێك دێتە بیرتان خوا لێ خۆشبوو جەمال عەبدولناسر سەرۆکی کۆماری میسری لە پەنجاکان تا شەستەکان بەشێوازی میسرییەکان قسەی دەکرد و بەوتاربێژێکی چاك ناوی دەرکردبوو، هەروەها ئیمام خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئێران لە هەشتاکان ئەویش بەشێوە زمانی خەڵك قسەی دەکرد.

کەواتە بارزانی لە ناو خەڵك دروست بووە بۆ ئاوات و ئامانجی خەڵکی کورد خەباتی دەکرد و لەم پێناوەدا سەری بەرزی نایەوە.

٣- بارزانی نەمر پێشمەرگەیەك و قارەمانێکی نەتەوەیی میللەتی کورد بوو، بەشداری کۆماری مەهابادی کوردستانی ئێرانی کردووە و لەوێ فەرماندەی لەشکری کۆمارەکە بووە و ڕۆڵی قارەمانێتیی خۆی و پێشمەرگەکانی نیشان داوە و هەروەها لەگەڵ نزیکەی ٢٠٠ پێشمەرگە، بارزانی لە ساڵی ١٩١٩ بەشداریی شۆڕشی شێخ مەحموودی کرد و نزیکەی دوو مانگ لەوێ مایەوە.

لە شۆڕشەکانی بارزانیش دەوری فەرماندەیی بنەڕەتی هەبووە و لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزنیش فەرماندە و ڕێبەری شۆڕشەکە بووە.

٤- لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەفسەر و ڕۆشنبیر لە ساڵی ١٩٤٦ کاتێ لە کۆماری مەهاباد بووە، بیرۆکەی بنەڕەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازی و کۆمەڵناسی و خۆ فیداکاری زیاتر لە خۆی سەرچاوەی گرتووە و هەمیشە لە کاتی ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناو پارتیدا ئەو لایەنی ڕاست و دروست بووە، هەر ئەو لایەنیش سەرکەوتووە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ واقع بینی و شارەزایی و ڕاستگۆیی بارزانیی نەمر.

٥- نەریت و ڕەوشتی بەرزی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەمیشە لە بارزانی بەدی دەکرا، واتە بارزانی لەو پیاوە گەورانە بووە بەهیچ شێوەیەك لە ڕووی کۆمەڵایەتی شتی دوور لە ئاین و نەریتی کوردایەتی لێ

ڕوونەداوە و هەمیشە لە وتەکانی و لە دانیشتنەکانی داکۆکی لەسەر ڕەوشتی بەرز دەکرد، ئەگەر وتارەکەی بارزانی لە ١٩٦٧/٤/١٥ بخوێنییەوە دەبینی بەچاکی داکۆکی لەمە کردووە.

٦- بەرخودان و خۆڕاگری و ئازایەتیی بارزانی بەئەندازەیەك بووە هەتا دوژمنەکانیش شایەدییان بۆ داوە.

خۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان بارزانی خۆی تەسلیمی دوژمنەکەی خۆی نەکردووە و هەموو ڕێگای سەخت و ناخۆشی گوتووەتە بەر و خەباتی بارزانی نەمر زیاتر لە ٥٠ ساڵ بوو، کە بریتیی بوو لە ئاوارەیی و دوورخستنەوە و زیندانکردن و پێشمەرگایەتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و ڕۆژێك لە ڕۆژان بەڵگەیەك لە دەست دوژمنان نییە کەوا بارزانی بۆ دوژمنەکانی دایشکاندووە (تنازل) کردووە لە ئاست ڕێبازی خۆی، بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنەکان زۆر سەر سەختانە بووە.

٧- بارزانی بەرامبەر بەدوژمنەکانی کورد دژوار بووە بەڵام بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان بەخشندە و لێبوردە بووە ئەگەر گوێ لە قسەکانی بگیرابوایە زۆر بەڕاشکاوی هەستی پێ دەکرا هەر وەك خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (أشداء على الكفار رحماء بينهم).

٨- بۆ هاوڕێ و هەڤاڵان و پێشمەرگەکانی خۆی هەمیشە زۆر دلۆڤان و بەزەدار بووە و دەڵێ: (ئەگەر ڕەفیقێکم برسی بووبێ و من لە نانی خۆم لە خواردنی خۆم بەشم داوە و لێ نەگەڕاوم ئەو برسی بێ و منیش تێر بم) واتە بارزانی رەفیقەکانی خۆی خۆش دەویست و ڕێزی لێ دەگرتن و هەوڵی دەدا یەکسانی لە نێوان هەڤاڵانیدا هەبێ و هەست بەجیاوازی نەکەن.

٩- دادپەروەری و عەدالەتی بارزانی:

بەڕاستی بارزانی لە کاتی دەسەڵاتداری خۆی وە بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا بەچاکی دیار بوو هەوڵی دەدا عەدالەت لە ناو

کۆمەڵگادا هەبێ، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك یەکی تری بکوشتایە بارزانی وای دەکرد دادگایی بکرێ بەپێی یاسا و زۆر جار ئەوەی قەتلی بکردایە لە دادگا ئیسپات بووبوایە ئەوا کابرای بکوژ لە سێدارە دەدرا، واتە دەکوژرایەوە لەبەر چاوی خەڵك، زۆر شتی تر ئەوە وای کردبوو لە کوردستانی ڕزگارکراودا ئاسایشی سەرتاسەری هەبێ چونکە ئیجرائاتی یاسایی بەتەواوی هەبوو لە قۆناغە گونجاوەکاندا.

١٠- پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بارزانی لەگەڵ جەماوەر و لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستان زۆر بەهێز بوو. هەمیشە لە بارەگای ئەو بەتایبەتی شەوانە لە کاتی ١١ی ئادار خەڵکی لە دیوانەکەی ئامادە دەبوون لە مەلا و شێخ و ئاغا و جوتیار و پێشمەرگە و شوان و هەر کەسێك ئارەزووی هەبوایە و ئەوە لە لای هەموو خەڵك دیارە و ڕەنگدانەوەی هەبوو.

١١- لە چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی خۆی زۆر دەوری هەبوو و زۆر لە گرفتەکانی کۆمەڵایەتی خەڵك هەندێ جار خۆی چارەسەری دەکرد و هەندێ جاریش لێژنەی تایبەتی دروست دەکرد بۆ ئەم مەبەستە و هەندێ جار ئاگاداری لق و هێزەکانی پێشمەرگەی دەکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانە هەروەها لە پێشوازی خەڵکدا بەزمانی ئەو خەڵکە دەدوا زۆر بەسادە و تەوازوعییەوە قسەی لەگەڵ خەڵکدا دەکرد، واتە لە خۆباییبوون و غرووری تێدا بەدی نەدەکرا، بەڵام ئەوەشتان لەبیرنەچێ هەروەك وتم بەرامبەر بەدوژمنان ڕەق و سەر سەخت بەرامبەر بەخەڵك سادە و بەڕەحم بوو.

١٢- بارزانی هەمیشە دەست فرە و دەست کراوە بوو (سەخی)، واتە لە کاتی کەسێکی هەژار و محتاج ڕووی تێ کردبوایە بەنائومێدی ڕەوانەی نەدەکردەوە، یارمەتی خەڵکی دەدا لە کاتی پێویستی و نەبوونیدا و ئەمەش لە بارزانیدا وەك ڕۆژ لە نیوەڕۆدا دیار بوو و هەموو خەڵك ئەوەی دەزانی.

ئەوەش مانای وا نییە هەر خۆی پارە دەدا بەڵکەم لە دەزگاکانی تر بەپێی ئامۆژگاری و ڕێنمایی کار دەکرا، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی تایبەتمەندندا، بارزانی خەڵکی بەنائومێدی نەدەگێڕایەوە پاش و خوا لە قورئان فەرموویەتی: (وأما السائل فلا تنهر) بەو شێوەیە ڕەفتاری دەکرد.

١٣- بارزانی هەر وەك لەمەو پێش باسم کرد لە بنەماڵەیەکی ئاینی بووە و خۆشی شارەزایەکی ئاینی بوو، بۆیە پێی دەگوترا مەلا مستەفا بارزانی بۆیەش خۆی پابەندی ئاین بوو بەشێوەی تایبەتی و ڕێزیشی لە ئاینپەروەران دەگرت و لە کاتی ئاریشەی کۆمەڵایەتی زۆر جار پرسی بە مەلاکانی کوردستان دەکر، کێشەکانی حەواڵەی قازی شەرعی دەکرد تا دادگەی شەرعی خۆی بڕیاری لەسەر بدات.

هەروەها ڕێزی لە ئاینی تریش دەگرت، واتە ڕێزی مەتران و قەشەکانی مەسیحی و پیاوانی ئاینی یەزیدی و... دەگرت، ئەوانیش بڕوای تەواویان بەبارزانی هەبوو.

١٤- بارزانیی نەمر ئەو ماوەی لە یەکێتی سۆڤێت بوو لە ساڵی ١٩٤٧ تا ساڵی ١٩٥٨ وەك باڵوێزێکی هوشیار و لێهاتووی میللەتی خۆی کاری کردبوو، وەك ڕێبەرێکی میللەتەکەی خۆی پێوەندیی لەگەڵ ڕێبەرەکانی جیهانی ئەو سەردەمە لە سوشیالیزم و جیهانی سێیەم (بێلایەن)دا هەبوو، ناسیاری و پێوەندیی لەگەڵ ئەحمەد سوکارنۆ کە سەرۆکی ئەوسای ئەندەنوسیا بوو، ژەنەراڵ تیتۆ سەرکردەی یوگسلافیای ئەو کاتە و چاوچیسکۆی ڕۆمانیا و عەبدولناسری میسر و جەواهر لال نەهرۆی هیندستانی و زۆرانی تریش، بەڕاستی کێشەی کورد بەتەواوەتی لە سەردەمی بارزانیی نەمردا بەجیهان ناسراوە و لە ساڵی ١٩٦٢ەوەش دەستی کرد بەدانانی نوێنەرانی شۆڕشی کوردستان لە دەرەوە.

کەواتە بارزانی گەورەترین دیبلۆماسی بووە هەر وەك چۆن گەورەترین فەرماندەی سەربازیی کورد بووە.

١٥- پـێڕۆکـە (مسيرة) بـەنـاوبـانـگـەکـەی بـارزانـیـی نـەمر لـەگـەڵ ٥١٥ پێشمەرگەی کورد لە ناوەڕاستی مانگی٥/١٩٤٧ دەستی پێ کرد و لە کۆتای مانگی حوزەیران ١٩٤٧ کۆتای پێ هات و لە ئاوی ئاراس پەڕینەوە و چوونە خاکی ئازربایجانی سۆڤێتی ئەوسا، بەڕاستی هەر چەندە نزیکی ٤٠ ڕۆژی خایاند بەڵام بەدووەم پێڕۆکەی سەربازیی پێشمەرگایەتی دەژمێردرێ لە بارودۆخێکی یەکجار نالەباردا سێ کوچکەیەکی سنووری نێوان عێراق و تورکیا و ئێرانی بڕی کە هەرسێکیان هاوپەیمان و دوژمنی کورد بوون لە هەموو لایەکەوە لە زەوی و ئاسمانەوە چاودێری دەکران و ئابلۆوقە درابوون و ئەو دەمەی ساڵیش چیاکانی زاگرۆس هێشتا پڕبوو لە بەفر و سەهۆڵبەندان.

هەروەها لە ڕێگاشدا تووشی چەند شەڕی گەورە هاتن بەڵام توانییان خۆیان دەرباز بکەن ئەویش پاش پێشکێشکردنی ژمارەیەك شەهید و قوربانی، چەندان داستانی ئەفسانەیی و مێژوویین لەم ڕێگایەدا نیشان دان کە هەتا هەتایە بەزیندوویی لە مێژووی کوردستان دەمێنێ و بەدێری زێڕین دەنووسری، بەڕاستی ئەم ڕێپێوانە گەورەیە و لێرەدا من ناتوانم مافی خۆی پێ بدەم، بەڵام ئاشکرا دەڵێم لە کوردستاندا بەتایبەتی و هەتا لە زۆربەی جیهانیشدا پێڕۆکەی وا کەم ڕووی دایە، بەداخەوە لە ناو کوردا ئەم جۆرە مێژووانە بایەخی پێ نەدراوە، لە لایەکی تریشەوە ئەو ڕێپێوانە مەزنە بووە ڕێچکەیەك بۆ بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و زۆر پەند و ئەزموونی تری تێدایە.

١٦- بـارزانـی لـە کـاتـی شۆڕشی ئـەیـلـوولـی مـەزنـدا لـە نێوان زۆر لـە عەشیرەتەکان دوژمنکاریی هەبوو توانی لە نێوانیان ئاشتبوونەوە (صلح) پـەیـا بـکـات، هـەر وەك لـە نـێوان عـەشیـرەتـی بـرادۆست و عەشائیری بارزان ناکۆکی و دووبەرەکی هەبوو، بەڵام بارزانیی

نەمر توانی لە نێوان ئەم دوو عەشیرەتە گەورەیە ئاشتبوونەوە و برایەتی دروست بکات، ئێستا وەك برا بەیەکەوە کار دەکەن و پێشمەرگایەتی دەکەن و بەرامبەر بەدوژمن وەستاون، لە نێو هۆزەکانی تریشدا بارزانی دەوری ئاشتبوونەوە لە نێوان کەسایەتییەکانیشدا بینی.

١٧- بەکوردی و بەکورتی بارزانی کوردی فێرە ئەوە کرد خۆی بناسێ و بەرگری لە خۆی بکات و زیللەت و سەرشۆڕی لە دوژمنان قەبووڵ نەکات، ئێستا ڕێبازێکی ڕاستەقینەی کوردایەتی دروست بووە کە پێی دەڵێن ڕێبازی بارزانی، ئەم ڕێبازەش بەسەدان هەزار ڕێبواری هەن نەوەك هەر لە کوردستانی عیراق بگرە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا.

١٨- هەر وەك لەمەوپێش باسم کرد بارزانی هەوڵی دەدا بەیەك چاو تەماشای خەڵکی ناوچەکانی کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین و یا لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بکات.

بارزانی بەکار و کردەوەش وای دەکرد هەتا بۆ نموونە بۆ هەندێ لە کوڕەکانی خۆی، خزمایەتی بۆ کردن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی، ئەمەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کارێکی گەورە بوو بۆ یەکگرتنی هەموو ناوچەکانی کوردستان تا جیاوازی نەبێ، ئەوەی من نووسیم چەند خاڵێکی گرنگە و هەڵدەگرێ زۆری لەسەری بنووسرێ و ببێ بە بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ کولتووری هزری بارزانیی نەمر.

## ڕوونکردنەوە

ئەم وتارەی سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی لە ١٩٦٧/٤/١٥ لە زەویەکی گوندی ڕێزانۆك لە ناوچەی باڵەك، بە دوو کیلۆمەتر لە باکوری گوندی ڕێزانۆك، بەو زەوییە دەگوترا کانی سماقۆك، بارەگای مەکتەبی تەنفیزیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەوێ بوو بارەگای مەکتەبی سیاسی لەناوپردان هەر لە ناوچەی باڵەك بوو.

واتە ئەم کۆنفرانسە (عەسکەری-سیاسی)یە لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی دەستی پێ کرد. لە کاتێکدا ئەم کۆنفرانسە گیرا کە لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی عێراق شەڕ وەستان هەبوو، ئەویش لە ئەنجامی ئەو بەیان و ڕێککەوتنەی بە بەیانی ٢٩ی حوزەیران ناوزەند کرابوو.

ئەو شەڕ وەستانە بەردەوام بوو تا حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ جارێکی تر هاتەوە سەر حوکم.

هەر لەم ڕۆژگارەدا ڕۆژنامەی برایەتی دەرچوو. لەو سەردەمەدا عەبدولڕەحمان عارف برای عەبدولسەلام عارف سەرۆکی کۆماری عێراق بوو، عەبدولڕەحمان بەزاز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو.

بێگومان لەو ڕۆژگاریدا لە کاتێك شەڕ وەستان و وتوویژ لەگەڵ میریدا هەبوو کۆمەڵێك کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سوپایی سەریان هەڵدا.

ئەگەر وتارە بەنرخەکەی بارزانیی نەمر بەوردی بخوێنینەوە تێ دەگەین چ شێوە گیروگرفتێك سەریان هەڵداوە.

جا بەڕاستی لەم کۆنفرانسەدا منیش شەرەفی بەشداربوونم بەرکەوت

وەك نوێنەری لقی (٢)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە سەرەتا تا کۆتایی بەشداریم تێدا کرد.

هەندێ شتم لە بیرماوە بەڵام ئەو مێژووە پڕ هەوراز و لێژە زۆر شت لە بیر مرۆڤ دەباتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شتم لە بیرماوە.

لەو کۆنفرانسەدا باسی کەس و کاری شەهیدان و یارمەتیدان و یاسای یارمەتیدانیان کرا. لەم کۆنفرانسەدا باس لە پێوەندیی نێوان شۆڕش و حکوومەت کرا.

هەروەها باسی جاشەکان کرا چونکە لە ناو شارەکاندا بەهاوکاری ئیستخباراتی عەسکەری کار و کردەوەی زۆر ناشیرین و خراپیان دەکرد.

باسی ڕێکخستنی پێشمەرگە و هێزەکان و هەندێ ئاڵوگۆڕ کرا. وتاری سەرۆکی نەمر بارزانی، یەکەم بابەتی کۆنفرانسەکە بوو. دووەم بابەت وتاری مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی بوو کە لە لایەن خوا لێخۆشبوو نوری شاوێس ئەندامی م.س خوێندرایەوە. کۆنفرانسەکە یەك ڕۆژی خایاند و زۆر لە بەشداربووان قسەیان کرد و کۆمەڵێك بڕیاری سیاسی-عەسکەری وەرگیران.

ئەو وتارەکەی بارزانی سەرپێیی (ارتجالی) بوو بەڵام وا دیار بوو خۆی بۆ ئامادە کردبوو، وتارێکی ڕێکوپێك بوو و نزیکەی ٤٥ خولەکی خایاند.

ئەو وتارە لەسەر ئامێری تۆمارکردن (ڕیکۆردەر) تۆمار کرا و لە دواییدا دەقەکەی بەبێ کەم و زیاد و گۆڕین چاپ کرا و بڵاوکرایەوە و تا ئێستا چەند جار چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

ئەوانەی بەشداریی ئەم کۆنفرانسەیان کرد لە سیاسی و عەسکەری، نزیکەی ٥٠ کەس دەبوون، من لێرەدا ئەوانەی لە بیرم ماون دەیان نووسم و داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر چەند ناوێکم لە بیر نەمابێ. چونکە هەروەك وتم ڕۆژگار زۆر شت لە بیر مرۆڤ دەباتەوە.

**ناوەکانی بەشداربووی کۆنفرانسەکە**

١– نەمر مەلا مستەفا بارزانی: سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردە و ڕێبەری شۆڕش.

٢– حەبیب محەمەد کەریم: سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣– عەلی عەبدوڵڵا: ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

٤– نووری شاوێس: ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

٥– سامی عەبدولڕەحمان: ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

٦– عەزیز عەقراوی: ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ف. هـ. سەفین.

٧– ساڵح یووسفی: ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

٨– د. مەحموود عوسمان: ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

٩– نافیز جەلال: سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی.

١٠– محسن دزەیی: ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی.

١١– یەدوڵڵا کەریم: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٢– عەلی سنجاری: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٣– ئیسماعیل مەلا عەزیز: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٤– شەکیب عەقراوی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٥– شێخ محەمەد هەرسین: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٦– محەمەد مەلا قادر: ئەندامی کارگێڕی لقی ٢.

١٧– وەهاب ئاغا محەمەد عەلی جوندیانی: ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی.

١٨– ڕەئیس یووسف میرانی: ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی.

١٩- شێخ ڕەزا گولانی: ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی.

٢٠- عەبدولوەهاب ئەتروشی: فەرماندەی هێزی خەبات.

٢١- عەبدوڕەحمان قازی: فەرماندەی هێزی ڕزگاری.

٢٢- عەبدوڵڵا ئاغا پشدەری: فەرماندەی هێزی باڵەك.

٢٣- حەسۆ میرخان ژاژۆکی: فەرماندەی هێزی کاوە.

٢٤- فارس باوە: فەرماندەی بەتالیۆنی دەشتی هەولێر.

٢٥- ئیبراهیم کاکۆ: فەرماندەی بەتالیۆنی سەفین.

٢٦- حەمە ڕەشید عەلی حافز: فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی خەبات.

٢٧- فازڵ سۆرانی: فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی خەبات.

٢٨- فازڵ تاڵەبانی: فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی خەبات لە بەمۆ.

٢٩- عەلی شەعبان بارزانی: فەرماندەی هێزی بێتواتە.

٣٠- حەمە سوور حوسێن: فەرماندەی بەتالیۆنی (١)ی شوان.

٣١- حەمید بەرواری.

٣٢- حاجی شێخ قادر ئەغجەلەری: فەرماندەی بەتالیۆن.

٣٣- حەمە شەمرانی: فەرماندەی بەتالیۆن.

٣٤- محەمەد ئەمین بەگ: ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی.

٣٥- عزەت سلێمان بەگ: فەرماندەی بەتالیۆن.

٣٦- نووری مەلا مارف.

٣٧- ڕەشید سندی.

٣٨- جەمال نامق: فەرماندەی بەتالیۆن.

# وتاری بارزانی نەمر لەساڵی ١٩٦٧

* هیچ سەروەرییەك بەبێ قیادەی حزبێکی مونەزەم ناجح نابێ.

بارزانیی نەمر

* ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمان بێ دوژمن هەزار جار قووەتی زیاتر بێ ناتوانێ بمانشکێنێ، ئەگەر میللەت لەگەڵمان نەبێ وەڵاهی بەئێوە بڵێم هەزار دەفعە لە ئێستا بەقووەتتر بین دەشکێین و ناتوانین نەجاحەت وەربگرین.

بارزانیی نەمر

برایانی عەزیز:

سەلامتان لێ ئەکەم...

زۆر ئیفتخار ئەکەم بەو کوڕە کوردانە کە لەم مودەتە زۆرەدا لە دەست پێکردنی شۆڕشمان حەتا ئەمڕۆکە هەموو ئەزیەت و ئازاریان قبووڵ کردووە: گەرما، سەرما، گرتن، کوشتن، بڕین. ئەو مێرانی و تەحەموول و ڕەشادەتە جێگای فەخرە بۆ هەموو لایەکمان و بۆ تاریخی میللەتی کورد لە حازریش و لە موستەقبەلیشدا، ئەوەی کە تا ئێستا کراوە هەمووی جێگای فەخرن و مایەی ئەوەیە ئینسان دڵی پێ خۆش بێ و سەری پێ بەرز ببێ. ئەو پیاوەتی و غیرەت و ئازایەتییە کە ئەو میللەتی کوردە کردوویە: ئەو بتووڵەت و شەرەف و ناموسە کە کوڕی کورد لەو شۆڕشە ئیزهاری کرد، کە بەو هەموو پەرێشانی خۆی موقابلی ئەو هەموو غەدر و زوڵم و زۆرە کە لێی کراوە خۆی گرتووە و مقاوەمەتی کردووە. لە ناو هیچ میللەتان و هیچ جێگەیەك ئەوە ڕووی نەداوە ئیللا لەم کوردستانە. ئەوەی کە بەسەر میللەتی کورد هاتووە خەڵکی خاریج لە سەدا چواری گوێی لێ نەبووە، بەڵام لە

ولاتانی خاریج ئەگەر شۆڕشێك و بتووڵەتێك بێت ئەگەر چوار بیٚ بە سەد نیشان دراوە، چونکە ئەوان خەڵك کۆمەکی پیٚ کردوون و وەسایلی دیعایەیان هەبووە و لە سەریان بەجواب هاتوون، بەلاّم ئەوی لە کوردستان ڕووی داوە بەبیٚ کۆمەکی هیچ کەس و بەو سیلاحی کەم موقابلی قووەتێکی زۆری غەدار و زاڵم ئەو چەند ساڵە مقاوەمەت کراوە سەبر و تەحەموول کراوە بۆ کەس ڕووی نەداوە، ئەوەیە کە ئێمە ئەبیٚ فەخر و ئیعتیزاز بەو میللەتە بکەین چونکە ئەوەی ئەو میللەتە تەحەمولی کردووە لە تاقەتی بەشەر خاریجە، وە هەروەك هەزار جار گوتوومە ئەو فەخر و سەربەرزییە تەنیا هەر بۆ ئەوانە نییە کە تفەنگیان لەسەر ملی خۆ داناوە، بەڵکو هەموو فەلاحێکی کورد، هەموو ئافرەتێکی کورد و پیر و جوان و منالّی کورد هەموو لەو بتووڵەتە بەشدارن و لەو سەورەیە هەموو کەس زۆر ئەزیەتی دیتووە و عەزابی بەسەر هاتووە.

برایانی عەزیز:

هەموو سەورەیەك و هەموو حەرەکەیەك لە دنیا دێتە کرن بۆ خزمەتی میللەت، لازمە ئەو کەسانە کە ئموری ئەو میللەتە لە دەستیاندایە، تەنها مەساڵحی میللەتەکە بدەنە بەر نەزەری خۆ و هەموو ئەنانییەت و مەساڵحی شەخسی لە بیری خۆیان بەرنەدەر و هەرچی کارێکی بۆ ئەوە بکەن و لە دووی هەوای نەفسی خۆیان نەڕۆن.

جا من لێرەدا کە ئەمەویٚ چەند شتێکتان بخەمە بیر وا حیساب مەکەن ئینتقادی شەخسەکی موعەیەن دەکەم، نابیٚ واش بزانن کە من ئینتقادی کەس ناکەم، من لەو نوقتانەدا کە ئەیڵێم ئینتقادی خۆشم ئەکەم ئەگەر کارێکی وا بکەم بۆ سەورە و بۆ میللەت زەرەری هەبیٚ. ئێمە ئەبیٚ وەزیفەی خۆمان زۆر باش بزانین ئەگەر هەموو مەسئولێکی شۆڕش بۆ مەسڵەحەتی شۆڕش کارنەکا و ئیهمال لە وەزایفی خۆ بکا ئێمە خۆمان ئەبین بەدوژمنی خۆمان و خزمەت ئەکەین بەدوژمنی میللەتەکەمان.

ئێمە ئەبێ تێ بگەین میللەت مەعنای چییە؟ ئیتفاق مەعنای چییە؟ کوردایەتی یان قەومییەت مەعنای چییە؟ ئەو مەسئوولەی کە بۆ مەرامی شەخسی واز لە مەسڵەحەتی سەورە بێنێ، یان بۆ کیسەی خۆی بۆ ئیستیفادەی پارە یان بۆ تەفاخورێکی بەدەم محاوەلە بکا، یان ئیتاعەتی ئەوامر نەکا و لە نیزام دەرچێ، ئەو کەسە نە کوردە و نە خزمەت بە سەورە دەکات.

مەسەلەن: ئەگەر لوجنەیەکی مەحەلی لێرە دابندرێ، لوجنەیەکی مەحەلی لەو سەرە دابنرێ، ئەو لوجنەی مەحەلی پێشوو لە جێگای خۆی حەز بکا کە ئەم لوجنەیە ناجح نەبێ هەر بۆ خاتری ئەوە بڵێن ئەوان باش و ئەمە خراپن، ئەگەر ئامر هێزێك حەز بکا کە ئامر هێزێکی تر ناجح نەبێ تا بڵێن هەر ئەو ئامر هێزە باشە، ئەمە نە عەقڵە و نە قەومییەت نەحزبایەتییە و نە سەورییەت و قەومییەت. حزبییەت و سەورییەت ئەوەیە هەموویان پێکەوە تەعاون بکەن بۆ مەسڵەحەتێکی عام، بۆ شەعبی خۆمان. بەڵێ هەروەکی دوو هەزار کەس قوربانییان داوە، وە بەشکم زیاتریش ئەوانە ڕۆحی خۆیان فیدا کردووە بۆ خاتری ئەم میللەتە و ئەم وەتەنە، بۆ خاتری ئەم حقووقە، ئەم حقوقەش کە من هەزار جار گوتوومە: کە ئێمە لەو مەزڵوومیەتە دەرچین، ساحیبی حەقی خۆ بین و بتوانین دوو قسە بکەین لە هەر شتێکی ببێ: عەقڵە، عیلمە، ئیدارەیە خوێندنە هەرچی کە عەلاقەی بە وڵاتی خۆمان هەیە، حەقی قەراراتمان هەبێ، هەقی ڕەفزمان هەبێ و بتوانین وەکو ئینسان بژین، زوڵم نەبێ، ئەگەر زوڵم هاتە سەر ئێمە تەعدامان لێ کرا دەستێکمان ببێ نەهێڵی ملمان بگرن و بمانخنکێنن. ئیتر ڕەجای من ئەوەیە هەمووتان پێکەوە بەدڵپاکی تەعاون بکەن و کارێکی وا مەکەن ئەعمالی خۆمان ببێتە دوژمنێکی گەورە لە داخلی خۆمان، ئەگەر ئێمە هەموو بەبرایەتی و بەتەعاونێکی موخلیس پێکەوە بۆ مەسڵەحەتی عام ماندوو ببین و هەر کەسە مەسڵەحەتی کوردستان و سەورە زیاتر لە مەسڵەحەتی

شەخسی و عەزەمەت و فایدەی زاتی خۆی دەنەزەر بگرێ هیچ قووەتێك ناتوانێ حەق بەئێمە نەدا و کەس ناتوانێ زوڵم لە میللەتەکەمان بکا، کاکی خۆم ماڵی دنیا ئەوەندە ناهێنێ کە ئێمە بۆ خاتری خواردنێکی خۆش یان جێگەیەکی نەرم واز لە شەرەفی قەومییەتمان بێنین و وەتەن و مەسڵەحەتی میللەتی خۆمان لە بیر بچێ. ئێوە بیربکەنەوە ئەو ملیۆنێرە زۆر دەوڵەمەندانەی کورد کە یارمەتیی سەورەی میللەتی خۆیان نەکردووە چەند لەبەر چاوی هەموو کەس ڕەزیل و پیس دیار ئەکەن، بەدەوڵەمەندی شەرەف پەیدا نابێ، پارە و دەوڵەمەندی ئەگەر بۆ مەسڵەحەتی میللەت سەرف نەکرێ مایەی سەرشۆڕی و ڕەزالەت ئەبێ. قەت لە تاریخ نەمانبیستووە مەدحی کەسەك بکەن بڵێن خواردنی زۆر خۆشی دەخوارد یان لەسەر جێگەی زۆر نەرم دەنووست! هەر تەنها ناوی ئەو کەسانە بەشەرەف زیکر دەکرێ کە بۆ مەسڵەحەتی عام و بۆ وەتەن و میللەتی خۆ ئەزیەتیان دیوە و فایدەیان بۆ میللەتی مەزڵوومی خۆیان هەبووە.

بەڵێ هەر شەرەف و نامووس و ئیتفاق و برایەتی و کۆمەك بەیەك و دوو کردن ئەبێتە مایەی فەخر بۆ هەموومان، هەزار دەفعە من بەئێوەم گوتووە هەرچی لە هەمووان بچووکترە من خزمەتی ئەکەم، من ڕەئیسی کەس نیمە، ڕیاسەتی کەسیشم ناوێ، بەڵام ئەمەوێ برای ئێوە بم خزمەت بۆ ئێوە بکەم ئێوەش برای من بن و کۆمەکی من بکەن، پێکەوە ببینە کوڕی میللەت، خزمەت بۆ میللەت بکەین، حوبی زاتی و ئەنانییەتی بێ مەعنا و تەماعی دنیا لە خۆمان دوور خەینەوە، زیرەك و بەحەزەر بین لە دوژمن، بە کاغەزەك بە قسەیەك، بە درۆیەك، واقیعمان لە بیر نەچێت و حیلەمان لێ نەیەتە کرن.

تەقەدومییەت مانای ئەوەیە بۆ عیلم و عەقل و پیاوەتی و عیفەت و دەست و داوێن پاکی و ڕاستی و بۆ خزمەت بەمیللەت ماندوو بین، ئەو کەسەی کە بۆ ئەو شتانە محاوەلە نەکا ئەگەر هەر کەس بێت من بە

تەقەدومی نازانم و ئەو کەسەی تەماع لە ماڵ و نامووسی خەڵك و زوڵم و تەعەدا ئەکا و خوا و خەڵك لە خۆی ناڕازی ئەکا ئەوە قەت بەئینسان حیساب ناکرێ.

برایانی عەزیز

ڕەجای من لە ئێوە کە کوڕی میللەتن ئەوەیە محاوەلە بکەن ڕۆژ بەڕۆژ حزبەکەتان بەقوەتتر و مونەزەمتر بکەن و هەموو لایەك تەعاونی لەگەڵ بکەن، ئەگەر حزب تەنزیماتی باش بێت و ئەمری زۆر بەباشی ئیجرا بکرێت مەعنای ئەوەیە لەشکریش و میللەتیش بەقوەتتر و باشتر دەبن. حزب یەعنی تەشکیلاتی هەموو میللەت، لەشکر و هەموو سنفێکی تریش جوزئێکن لەو میللەتە.

هیچ سەورەیەك بەبێ قیادەی حزبێکی مونەزەم ناجیح نابێ ئەگەر ئەڵێم حزب مەعنای ئەوە حزبێکی موخلیس بەمیللەت و مەسالیحی میللەت لەبەر چاوی بێ نەك وەك ئەوانەی کە لە ماوەت بوون و زوڵمیان لە میللەت ئەکرد و ناوی خۆشیان نابوو حزب. ڤێچا ئەگەر ئێمە بمانەوێ سەورەکەمان سەرکەوێ لازمە زۆر تەقویەتی ئەم حزبەی هەمانە بکەین و هەموومان من یان لەشکر یان میللەت بەئیخلاس یاریدەی حزبەکەی خۆمان بکەین نابێ کەسمان چاومان لە ڕیئاسەت و گەورەیی ببێ، هەر کەس بتوانێ زۆرتر قابلیەتی هەبێ و بەرانبەر بەو قابلیەتە خزمەت بەمیللەت بکا میللەت بەڕەئیسی خۆی دەزانێ.

ئەگەر من قابلیەتی ئەوەندەم هەبێ کە ئیداری دە پێشمەرگە بکەم، بەڵام بمکەن بەسەر لق یان سەرپەل یان ئامر بەتالیۆن هەر بۆ ئەوەی ناوەکەم گەورەبێ، ئەو ڕیئاسەتە وەك لقە دارێکی وشك وایە کە ئەچمە سەری و ئەشکێ و لێی دەکەومە خوارەوە و ملی من ئەشکێ. پیاوەتی و خزمەتی سەحیح ئەوەیە کە هەر کارێك پێیان سپارد زۆر بەئیخلاس بیکا و چاوی

لەوەی بێ خزمەت بەمیللەت دەکا. دڵپاکی و ئیتفاق لەگەڵ یەك و دوو شەرتە بۆ نەجاحەتی سەورە، ئەگەر ئەنانیەت و نیفاقمان لەبەین بێ ئەوە خزمەت بەدوژمن ئەکەین و دوژمنایەتییە لەگەڵ خۆمان و میللەتی خۆمانی ئەکەین.

ئەو کەسەی کارێکی بەدەستە و لە چەند کەسێك مەسئولە لازمە لە ژێر دەستەکانی خۆی زیاتر ئەزیەت بکێشی، ئەگەر یەکێکی لە جەماعەتەکە برسییە ئەبێ نانی خۆی بدا بەو خۆی برسیەتی قبووڵ بکا چونکە ئەبێ گەورە تەحەمولی لە بچووك زیاتر بێ، ئەگەر من ناوی خۆم بنێم گەورە و بۆ خۆم تێربم و بچووکتر لەبەر چاوی من برسی بێ من زۆر بە عارێکی گەورەی ئەزانم.

بەڵام ئەگەر خۆم لە برسان بمرم و فەقیرێك لە برسیایەتی خەلاس کەم پێم شەرەفێکی زۆر گەورەیە، ئینسانییەت ئەوەیە قوربانی بە لەزائیز و خۆشی خۆت بدەی بۆ مەسڵەحەتی زەعیف و فەقیران. ئێمە ئەگەر ئەو تەعاون و ئەو ڕۆحی تەزحیە و فیداکارییەمان نەبێ ناتوانین بە جدی خزمەتی میللەتی خۆمان بکەین ئەبێ ئەوە بزانین کە ئێمە تەنیا بە سیلاح سەرناکەوین، بەدەست درێژکردن بۆ حقووقی خەڵك بەکوشتن و بڕین سەرناکەوین، ئێمە وەختێك سەرئەکەوین کە هەموومان دڵمان لەگەڵ یەکتری پاك بێ و گەورە و گچکە ئیحترامی یەك و دوو بگرین و هەر کوردێك قازانج و زەرەری هەموو برایەکی کورد بەقازانج و زەرەری خۆی بزانێ هەموو بەڕاستی پێکەوە براین تۆ شکای بەهاوارتەوە بێم من برسی بووم تۆ لە نانی خۆت بەشم بدەی، ئەگەر موحتاجی کۆمەکی من بووی یان من موحتاجی کۆمەکی تۆ بووم بەهاواری یەك و دوو بێین، ئەبێ بۆ خزمەتی میللەت ئەنانیەت لە بەین نەمێنێ، تۆ کوڕی کوردی منیش کوڕی کوردم، من بۆ میللەت ئیش ئەکەم تۆش بۆ میللەت ئیش ئەکەی، لازمە ماڵ و ژیان و عەقڵ و عیلم و هەرچی هەمانە بۆ ئەو میللەتەی سەرف

بکەین، تا ئازادی بۆ بستێنین و دەستی دوژمنی غەدار و زاڵم لەسەر لابەرین. ئەگەر ئێمە ئاوا بەئیخلاس و مەحەبەت بۆ میللەتمان سەعی نەکەین ئەبێ بزانین کە خزمەت بەدوژمن ئەکەین و مەسئوولی لای خودا و تاریخ و میللەت ئەبین.

من زۆر جار ئەو حکایەتەم کردووە ئێوەش گوێتان لێ بووە:

وەکو باوکێك یان دایکێك دوو کوڕی ببێ و یەکێ شەپڵە لێی داوە لە ماڵەوە کەوتووە هەموو ڕۆژێ بابە، دایە، بمشۆ، بمبە، بینە، ببە، ساڵەك، دوو ساڵ دایك و باوکی بەڕەحمیش ئەڵێن: خوا مسیبەتەکی بۆ من هێناوە، یاڕەبی بەڕەحمی خۆت لێم بستێنیەوە! چونکە لێی دەبێتە قورسی، ئەمەلی خێریشی پێ نەماوە، بەڵام ئەو کوڕەی تر کە سەلامەتە ئەوی کە دایکی و باوکی ئیمکانی بێ، پوولەك یان جلك، بەو سەرف ئەکا، چونکی ئەگەر کوڕی مەلیکە ئەڵێ دەبێتە (وەلی العهد)، ئەگەر کوڕی گاوانە ئەڵێ سوبحەینێ پیر ئەبم گاڕانەکە ئەبا بۆ دەرەوە و نانەکم بۆ پەیدا ئەکا، ئەمەلی پێ ئەکا کە ئیستیفادە لەو ئەولادەی خۆی ببینێ، ئەگەر ئێوەش وا تەسەور ئەکەن کەسێك لە لاوە یارمەتی بۆ ئێمە بکا ئەگەر ئێمە کە بۆ خۆمان پیاو بین هەموو کەس دەستی یارمەتی بۆ لای ئێمە درێژ دەکا. پیاویش نەبین ئەو کەسانە ئەگەر دایك و باوکیش بن هەر دەفعەیەك کۆمەك ئەکەن. دەفعەی دووهەم سەلامیشمان لێ ناکەن.

ئەگەر پیاو بین و هونەرێکمان بێ هەموو ئاواتمان جێبەجێ دەبێ... ئەو پیاوەتی و هێزە بەعەقڵ و عەمەل پەیدا ئەکرێ بەقسە هیچمان بۆ ناکرێ هەر بەدەم بڵێین وام کرد و وا ئەکەم بەڵام عەمەلێکی دەگەڵ نەبێ فایدە چییە؟

من ئەگەر ئەنانییەت و تەکەبور و حەسادەتم لە موقابیل میللەتی خۆمدا هەبێ چۆن دەتوانم خزمەتی بکەم؟ ئەگەر کۆمەکی بەئیخلاس بەیەکتر نەکەین، ئەگەر چیاش بین ئەڕووخێین، کۆمەکی من بە تۆ بۆ خۆمە و

کۆمەکی تۆ بۆ من بۆ خۆتە نابێ منەت لەسەر یەك و دوو بکەین، چونکە هەردووکمان بۆ میللەت و بۆ خۆمان ئیش ئەکەین و کۆمەکی هەموومان بۆ میللەتەکە ئێمەش کوڕی ئەم میللەتەین من و تۆ برای یەکین و خەڵکی وەتەنێکین و مەسیرمان بەیەکەوە مورتەبیتە. ڤێجا یا ئیخلاس و برایەتیی پاك هەموو دەست لە دەستی یەك و دوو بکەین و ئەو سەورەی کوردستانە کە هەر وەك مایەی فەخرە و ئەوی ئەو میللەتی کورد کردوویە کەسێکی تر ئەمەی نەکردووە لە دەستمان دەرنەچێ و بەهرەیەك لەو هەموو ئەزیەت و ماندوو بوونە وەربگرین. من لە ژیانی خۆمدا تا ئێستا کە توانیبم لەگەڵ برادەر و دۆستانی خۆمدا ژیابم و ئمووری خۆم سیاسی یا عەسکەریم بەڕێوە بردبێ خوا لوتفی کردبێ لەگەڵ من و مابم هەتا ئێستا ئایا بە سەرفرازی یان بە سەرشۆڕی هەرچی هەیە خوا ئەزانێ، ڕەفیقانیشم ئەزانن کە قەت خیانەتم نەکردووە، تەماعم نەکردووە، حوبی زاتیم نەبووە موقابیلی ڕەفیقی خۆم، نانم لە گیرفانی خۆم داوە بەئەو من تەحەمولی برسیاتیم کردووە، جلکە داومە بەڕەفیقی خۆم، خۆم تەحەمولی سەرمام کردووە، حەتا ئیمکانی ئەوەم بووە کە لەگەڵ ڕەفیقەکانی خۆم چوومە جەبهە.. من ئەوەل کەس بووم سوئال بکەن، ئەو جێگای کە تۆپ و تەیارە لێی داوە ئەو جێگای کەس تێیدا ناژی من چوومە ئەو جێگایە. ئەگەر لەشکری ئێمە لە پێشەوە هجووم هاتووە بۆی، من یەکەمین شەخس بووم جارەك و دوو نا و دە نا هەتا گەهیشتوومە ئەم حاڵە. لە پاش گەڕانەوەم بۆ عیراق ئیمکانی قووەتی ئەوەم نەما ئەگەر ترسەکە لە پاشەوە بووە من ئاخیر کەس بووم حەتا ئەخیر نەفەس، بۆ؟ چونکە من خۆم لە کەس عەزیزتر نەزانیوە هەموویان بەشەرن وەکو من، هەموومان براین، ئەگەر بتوانین خزمەت بکەین ئەو خزمەتە کە بەئێمە ئەڵێن خزمەتکار لە هەموو ناوی ڕیاسەت و گەورەیی باشترە و جێگای فەخرە پیاو خزمەتکاری میللەتی خۆی بێ.

برایانی عەزیز:

وەك لە پێشدا بۆ ئێوە گوتم ئەگەر حەز بکەین نەجاحەت وەربگرین ئەبێ هەمووومان زۆر تابیعی نیزام و تەنزیم بین، هیچ سەورەیەك بەبێ مراعاتی نیزام ناجح نابێ، ئەگەر ئەمرێك لە قیادەی حزب دەرئەکەوێ ئەوانەی ئەمرەکەیان بۆ ئەچی گوێی لێ نەگرن، مەعنا ئەوە کو دەبێتە فەوزا هەرکەس بەمەرامی خۆی و ئەنانییەتی خۆ دەکا ئەو وەخت ئەو کەسە جوابی ئەوامر نادات، لە جێگەی ئەوە خزمەت بەمیللەت بکا دەبێتە دوژمنی میللەت و لە جاش گەلەك پیسترە. ئەگەر لە ماڵێکدا لە ناو بەینی خێزانی عائیلەیەك گەورە و بچووك و نیزام نەبێ، کەس ئەوامری لە خۆ مەزنتر ئیجرا نەکات، هەرکەس تشتەك، پارەیەك پەیدا بکا، بخاتە بەرکی خۆ بەشی باقی عائیلە ئیش نەکەن، لەو ماڵە ئەبێ بە فەوزا و ماڵ بێ سەروبەر دەبێ!! ئێمەش لەم سەورەدا خێزانێکی زۆرین لازمە هەر کەس ئەوامری گەورەتر لە خۆی زۆر بەئیتاعە جێبەجێ بکا، هەرچی پەیدا ئەکا بۆ مەسرەفی هەموو سەورە سەرف بکا، بۆ خۆ سوود و ئیستیفادە لێ نەکات. ئەگەر یەکێك موحاسەبە کرا نابێ عاجز بێ، هەر کەس پاك بێ لە موحاسەبە کردن ناترسێ، ئەگەر یەکەك بانگ بکرێ بۆ مەحکەمە نابێ بڵێ ناچم، لازمە حەق و حقووق ئاشکرا بێت، ئەوەی بڵێ ناچم بۆ محاکەمە توهمەت لەسەر خۆ ئیسپات ئەکا. ئەگەر یەکێك بەمن بڵێ وەرە مەحکەمە ئەچم، حاکم چی بپرسێ جوابی ئەدەم هیچ پێ عاجز نابم، ئەگەر گوناهەك و تەقسیرەکم نەکردووە بۆ هەموو کەس دەرئەکەوێ من بەریئم و سەرفراز ئەبم ئینسان بەئیتاعەی قانوون و ئەوامر جوان ئەبێ، ئێمە لازمە لە قانوونێك کە بۆ خۆمان داناوە دەرنەچین تا فەوزا نەبێ ئەگەر یەکێك بڵێ ئەوە ئیعتماد بەمن ناکەن بۆیە نەقلم ئەکەن... نا... وا نییە ئەوە مەسلەحەتی شۆڕش وای ئەوێ مومکینە سوبحەینێ یەکی تر بێتە جێگایەکەی ئەو ئەویش بچێتە جێگەیەکی تر، ئێمە ئەبێ ئیتاعەتمان

هەبێ، بۆ مەسڵەحەتی عام ئیش بکەین. ئەبێ هەر کەس لەو سەورەدا ئیش ئەکا ئەوەل من، دوایی هەموو مەسئوولین، تا دەگا بەپێشمەرگەك تا عزوێکی حزب، ئەوە لە بیرمان دەرنەچێ: ئەگەر دڵی گوندییەك، شوانەك، دوکاندارەك، ژنێك، منداڵێك عاجز بکەین، ئەگەر جنێو و قسەی ناشیرین بەئەفرادی میللەت بڵێین، ئەگەر هێلکەیەك، مریشکەك یان هەرچی پێ دەڵێن زەرەر بەغەدر و زوڵم لە میللەت بسێنن، ئەبێ بزانن ئەوە بۆ خۆمان دوژمنی میللەت و دوژمنی خۆمان ئەبین. ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمان بێ دوژمن هەزار جار قووەتی زیاتر بێ، ناتوانێ بمانشکێنێ...

ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمان نەبێ، وەڵاهی بەئێوە بڵێم هەزار دەفعە لە ئێستا بەقووەتتر بین، دەشکێین و ناتوانین نەجاحەت وەربگرین، ئەگەر هەموومان پێکەوە بۆ مەسڵەحەتی عام ئیش نەکەین و ئەنانیەت و حوبی زاتمان هەبێ خزمەت بەدوژمن ئەکەین بۆ مەحوی خۆمان.

برایانی عەزیز:

من هەروەك لە چل و پێنج و لەساڵی شێست و هەمیشە گوتوومە ئێستەش ئەڵێم: ئێمە شەڕی عەرەب و کورد ناکەین، نەك هەر ئەڵێم شەڕی عەرەب ناکەم. شەڕی هیچ قەومیەت ناکەم، لەگەڵ هیچ میللەتەك لەسەر ناو، ئەمە زەردە، ئەمە سوورە، ئەمە ڕەشە، ئەمە شینە، ئەمە سپییە، شەڕ ناکەم، کورد و عەرەب برای یەکن وە ئەتوانن زۆر بەتەبایی و برایەتی و خۆشی و ئاشتی بژین، بەڵێ عەرەب برای گەورە و ئێمەی برای گچکە، ئێمە ئەڵێین ئەوە عەدل و ئینساف نییە برای گچکە برسی و ڕووت بێ و نەتوانێ بخوێنێ بۆ خۆ فێری شتێك بێ و نەتوانێ ڕەئی خۆ لە ئیدارەی ماڵی موشتەرەکی خۆدا بەیان بکات، وە برای گەورە هەموو شتەکی ماڵەکە بۆ خۆ ببات!! لازمە موراعاتی عەدالەت بکرێ، برای بچووك خۆ بەمەزڵوم نەزانی و غەدر و زوڵمی لێ نەیەتە کرن.

ئێمە لەگەڵ حکوومەت موخالەفە ناکەین ئەگەر حکوومەت نەکەوێتە دەستی حیز و دزەکان!! ئەوانەی کە خزمەت بۆ دوژمنی کورد و عەرەب ئەکەن. ئێمە لەو سەورەی خۆمان مەسڵەحەتی عێراقمان ئەوێ، ئەوەل بۆ عەرەب سانییەن بۆ کورد و بۆ هەموو خەڵکی عیراق، تورکمانە، ئاشوورە، ئەرمەنە، هەرکەس هەیە... ئێمە ئەمانەوێ حکوومەتەکی عادلی دیموکراتی بەئینتخاباتەکی حورِ بەبێ زەغت و ئیکراهـ و زوڵم و تەعەددا لە عێراق هەبێ. قانوونەکی پڕ عەدالەتی وا هەبێ کە میللەتی عیراق بۆ خۆ دابنێ. هەر ڕۆژە عەسکەرییەك نەڵێ: (قررنا ما يلي) وە بەئارەزووی نەفسی خۆ و ئەنانییەت حوکم لەسەر میللەتی عێراق بکا وە میللەت نەتوانێ و نەوێرێ موحاسەبەی بکات...

ئێمە هجوم بۆ کەسمان نەکردووە و هجومیش بۆ سەر کەس ناکەین، ئێمە دیفاع لە حقووقی شەرعی و لە ماڵ و نامووس و حەیاتی میللەتی کورد ئەکەین. ئێمە قەت حەز ناکەین خوێنرێژی و کوشتار بکەوێتە ناو بەینی دوو برای عەرەب و کورد، چونکە شەڕ و کوشتاری ئێمەی کورد و عەرەب خزمەت بۆ دوژمنانی عێراق ئەکات. ڤێجا ئومێدم ئەوە خودا عەقل و تێگەهیشتن بخاتە سەری ئەوانە کە ئەیانەوێ شەڕمان لەگەڵ بکەن، با ڕەحمێك بەمیللەتی عیراق بکەن چاویان لە زوڵم و تەعەددا لە میللەتی کورد نەبێ تا بتوانین ئێمە هەموو گەلی عێراق بەخۆشی و برایەتی و ئاشتی و عەدالەت بەیەکەوە بژین...

برایانی عەزیز:

ئەبێ بزانین کە دنیا بۆ کەس نامێنێ و هەزار قەسری ئاڵتوونیشمان هەبێ بەجێی ئەهێڵین و ئەچینە ژێر خاك، خوا لە قورئانا فەرموویەتی:

(منها خلقناكم وفيها نعيدكم ومنها نخرجكم تارة اخرى).

تەنها شەرەف و نامووس و ئینسانییەت لە وجودی بەشەردا قیمەتی

هەیە، پیاو لازمە لە خوا بترسێ، خزمەتی قەومی خۆی بکات بە سەداقەت و ئیخلاس، شان بدا شانی یەك و دووو دیفاع زدی زوڵم بکات، تابیعی عەدل و ئینساف و مساوات بێ لە بەینی عالەمدا. ئەگەر ئێمە ئیشی باش بکەین... لای خودا و خەڵك ون نابێ، وە ئەگەر ئیشی خەراپیش بکەین هەر ون نابێ، خوای تەعالا لە قورئانا فەرموویەتی: (فمن یعمل مثقال ذرة خیراً یره ومن یعمل مثقال ذرة شراً یره). ئیتر ئەمەلی من ئەوەیە ئینتیقاد بۆ خۆتان قبوڵ بکەن، ئیخزاعی ئەوامر بن، مەسڵەحەتی عام و خێری عام لەبەر چاوتان بێ، پێکەوە تەعاون لەگەڵ یەك و دوو بکەن... ئیتر ئەو هێندە ئەتوانم... بەخواتان ئەسپێرم...

خوا کۆمەکی چاکە پێمان بکا...

## ناوەڕۆکی وتاری بارزانی نەمر لە ١٩٦٧/٤/١٥

من دەمەوێ یەکە یەکەی ئەم خاڵە گرنگانە بخەمە بەردەستی هەڤالان و خوێنەران بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن.

١- پێشەکی سەرۆك بارزانیی نەمر بەزمانێکی شیرین گەلێ قسەی کردووە کە ئامادەبووان بەهەموو شێوە زارەکانی جیاواز سوودی لێ وەربگرن.

٢- بارزانی وەك مرۆڤێکی خواناس و موسڵمان قسەی کردووە و لە وشە و ئایەتەکانی بە بەڵگە هێناویەتی ئەم دیاردەیە دەسەلمێنێ.

٣- لە سەرەتای وتارەکەدا بارزانی لەوە دەدوێ کەوا خەڵکی کوردستان و کوڕەکانی ئەزیەت و ئازاری زۆریان دیوە، ئەیەوێ لێرەدا ئەگەر هیچی بۆ نەکرێ بۆ پاداشی ئەم خەڵکە چاکە بەخەڵك و پێشمەرگە بەقسەی خۆش و قسەی چاك سوپاسیان بکات و ڕێزیان لێ بگیرێت و لە کاتی پێویست هاوکاری بکرێن.

٤- هەروەها باسی ئەوە دەکات کەوا خەڵکی کوردستان زۆری کردووە و زۆری بەسەر هاتووە، کەم باس کراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پروپاگەندە لە سەدا چواریش باسیان نەکردووە بەڵام هی میللەتانی تر وا نییە وە بەزیادەوە باس کراوە.

٥- بارزانی باسی ئەوە دەکات کەوا تەنیا ئەوانەی چەك هەڵگرن واتە پێشمەرگەن فەخر و شانازی ئەم شۆڕشە بۆ ئەوان نییە، بەڵکەم بۆ ئەو کەسانەشە کە لە ناوچە ڕزگار کراوەکانی شۆڕش ژیاون وەك ژن و پیاو و منداڵ، پیر و جوان و جوتیار و...... هتد. چونکە ڕاستە پێشمەرگە ماندوو دەبێ و قوربانی دەدات بەڵام جەماوەرەکەی ناوچە

رزگارکراوەکان کۆمەکی شۆڕشیان دەکرد بە گیان و بە ماڵ دەکرد بۆیە فەخر و شانازی بۆ هەمووانە.

٦- بارزانی باسی ئەوە دەکات کەوا دەبێ بەرژەوەندیی گشتی بخرێتە سەر بەرژەوەندیی تایبەتی و ئەبێ خۆپەرستی و ئەنانیەت لە خۆیان دوور بخەنەوە، هەروەك دەفەرمووی (لازمە ئەو کەسانەی کە ئوموورى ئەو میللەتەیان لە دەستیاندایە تەنها مەساڵحی میللەتەکە بدەنە سەر بەرژەوەندی خۆ، هەموو ئەنانیەت و مەساڵحی شەخسی لە بیر خۆیان بەرنەوە).

٧- بارزانی باسی ئەوە دەکات کە ئەم ڕەخنانە دەگرێ مەبەستی تەنیا کەسێك نییە و بۆ شکاندنی کەس نییە بەڵام مانای وا نییە ڕەخنەش لە کەس ناگرێ هەتا دەفەرمووێ من ئینتیقادی خۆشم دەکەم، واتە ئەبێ سەرکردە بە سەراحەت و ڕاشکاوی لە ڕەخنە گرتن و شتی تر سڵ نەکاتەوە و دەبێ بەرامبەر هەموو کەم و کورتییەك ڕەخنە و ئیجرائاتی هەبێ.

٨- بارزانی داکۆکی لەوە دەکات کەوا بۆ بەرژەوەندی شۆڕش کار بکرێت و ئیهمال لە ئەنجامدانی ئەرك و واجبی شۆڕش نەکرێت، ئەگەر نا خۆمان ئەبین بەدوژمنی خۆمان و خزمەت بەدوژمنی میللەتەکەمان دەکەین، کەوا ئیهمال کردن و سستی لە واجب جێبەجێ کردن گوناحێکی گەورەیە و ئەبێ بەربەرەکانی بکرێن.

٩- سەرۆك بارزانی باسی ئەوە دەکات کەوا میللەت چییە و نەتەوە چییە؟ و نەتەوایەتی مانای چییە و ئەبێ چی بکرێ؟ واتە دەبێ هەموومان لەم شتانە بگەین ئەوجا لە دواییدا دەست بە کاربین و بەپاکی کار بکەین و بۆ کیسە و بەرژەوەندی خۆمان کار نەکەین بۆ بەرژەوەندی گشتی کار بکەین.

١٠- بارزانی ئەو کەسانەی خۆ هەڵکێشن و ملکەچی فەرمان نابن و لە ڕێکخستن و نیزام لا دەدەن، بەتوندی هێرشیان دەکاتە سەر و دەفەرمووێ ( ئەو کەسە نە کوردە و نە خزمەت بە سەورە دەکات)، ئەمە وا دەگەینێ کە لەو کاتەدا هەندێ کەس هەبوون دەیانویست بەئارەزووی خۆیان کاربکەن و مل نەدەنە کاری چاك و یاسا و ڕێسا.

١١- نەمر بارزانی لەم وتارەدا باس لەوە دەکات ئەگەر منافەسە و ململانێ و ڕکابەری لە نێوان دوو لێژنەی ناوچە یان دوو هێز هەبێ و حەز بە شکاندنی یەکتر بکەن ئەوە نە کوردایەتییە و نە پیاوەتییە، پێچەوانە دەبێ برایەتی و هاوکاری یەکتر بکەن. هەر لە دوای ئەمە بارزانی داوای هاوکاری و تەعاون دەکات، تاکو بەدوای بەرژەوەندی گشتی بکەون بۆ ئەوەی لە زۆرداری و زۆر لێکراوی دەربازبین.

١٢- بارزانی لە دژی ئەو دەوڵەمەند و پوولەدارانە دەدوێ کە بەدەنگ شۆڕش نایەن و سوود بەشۆڕش ناگەیەنن و هەر بۆ گیرفانی خۆیان کار دەکەن. دەفەرمووێ «لە تاریخ نەمان بیستووە مەدحی کەسەك بکەن بڵێن خواردنی زۆر خۆشی دەخوارد لەسەر جێگای زۆر نەرم دەنووست...»، هەروەها بارزانی دژی ئەو کەسانەش دواوە کە واز لە شەرەف و قەومیەت بهێنن لە پێناو خواردنی خۆش و جێگەی نەرم و شتی تر، بەڵێ بەم شێوەیە بەڕاشکاوی ئەم گیروگرفتانە باس دەکات و شییان دەکاتەوە.

١٣- بارزانی لە وتارەکەیدا باس لە یەکێتی و شەرەف و نامووس و برایەتی و کۆمەك بەیەکتر کردن دەکات و دەفەرمووێ ئەم جۆرە شتانە دەبنە فەخر و شانازی بۆ هەمووومان، هەر لە دوای ئەمە باس

لەوە دەکات کەوا هەرچی کەسێك هەر چەندی بچووك بێ بەژیان ئامادەیە خزمەتی بکات و دەڵێ من سەرۆکی کەس نیم و سەرۆکایەتی کەسم ناوێ و ئامادەیە کۆمەك بەخەڵك بکات و ئەوانیش هاوکار ئەو بکەن، هەروەها هەموومان خزمەت بەیەکتر بکەین و خزمەت بەخەڵکی کوردستان بکەین. لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بەدوای زەعامەت نەکەوێ، مرۆڤ نابێ ئامانجی زەعامەت بێ بەڵکەم بۆ خزمەتی خەڵك بێ و ئەگەر بەباشی خزمەتی کرد و میللەت لێی ڕازی بوو ئەوا بەبێ ئەوەی ئەو داوا بکات میللەت بەپێشەوای خۆیانی دادەنێن.

١٤- هەر لە دوای ئەمەدا بارزانی باسی ئەنانیەت و خۆپەرستی و حوبی زات دەکات و داوا دەکات تەماعی لە خۆمان دووربخەینەوە، هەروەها دەفەرمووێ زیرەك و هۆشیار و بەحەزەر بن لە دوژمن چونکە لەوانەیە بەهۆی کاغەزی بەدرۆ بەقسەی بەدرۆ بەزۆر هەموو ڕاستی و واقعمان پێ لەبیر بکەن، چونکە لەو کاتی ئیستخباراتی عەسکەری عێراقی پێوەندییان بەخەڵك دەکرد چ پێشمەرگە بووایە یان خەڵکی تر بەهۆی نامە و بەهۆی تر داوایان دەکرد پێوەندی بەحکوومەت بکەن، یا بۆ گومان دروستکردن وایان دەکرد، جا بارزانیی گەورە و هۆشیار و ئاگادار داوا دەکات هەموو لایەك لەم پیلانە وریا بن.

١٥- بارزانی باس لە تەقەدومیەت و پێشکەوتنخوازی دەکات و وا نیشان دەدات ئەگەر کابرایەك باس لە پێشکەوتنخوازی بکات و بیەوێ پێشکەوتنخواز بێ دەبێ ئەم شتانەی تێدا هەبێ، عیلم و عەقڵ و پیاوەتی و عیفەت و دەست و داوێنپاکی و ڕاستی و خزمەتکردن بەمیللەت و ماندووبوون و زۆر شتی تر، واتە ئەمانە سەرەتای بوونی مرۆڤن بە پێشکەوتنخواز و تەقەدومی هەر کەسێك ئەو مەرجانەی

تێدا نەبێ هەر کەسێك بێ و لە هەر پایەیەك بێ بە پێشکەوتنخواز حساب ناکرێ، هەتا ئەوەی کاری وا دەکات خوا و خەڵك لە خۆی ناڕازی دەکات و ئەو کەسە بەئینسانیش حساب ناکرێ.

١٦- بارزانی لە بەشێکی تری وتارەکەیدا داوا دەکات بەشێوەی رجا کردن کە هەوڵ بدەن ڕۆژ بەڕۆژ حزب واتە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزتر و ڕێکخراوتر بکرێت و هەموو لایەك هاوکاری و تەعاونی لەگەڵ بکرێت، بە ڕێکوپێکی فەرمانەکانی حزب جێبەجێ بکرێت وای نیشان داوە کەوا حزب یەعنی تەشکیلاتی میللەت. جا دێت بۆ داکۆکی و تەئکید کردن دەفەرمووێ و دەڵێ (هیچ شۆڕشێك بەبێ حزبێکی مونەزەم سەرناکەوێ، واتە حزبێکی دڵسۆز بۆ میللەت و مەساڵحی میللەت) بەلام نە وەك ئەوانەی لە ماوەت بوون و زوڵم و زۆرداریيان لە خەڵك دەکرد و ناویان لە خۆنابوو حزب. کەواتە هەر وەك بارزانیی نەمر فەرمووی هەر حزبێك ئەگەر بیەوێ سەرکەوێ و بە ئامانجەکانی بگات ئەبێ دڵسۆزی میللەت بێ و خزمەتکاری جەماوەر بێ.

١٧- بارزانی باس لەوە دەکات کە کاتێ پلەی بەرپرسی بەیەکێك بدرێ دەبێ بەپێی کەفائەت و لێوەشانەوە بێ و ئەگەر وا نەبێ وەك ئەوە دەبێ کابرایەك بچێتە سەر لکەدارێکی وشکی باریك، کابرا بچیتە سەری دەکەوێ و ملی دەشکێ. جەخت لەسەر ئەوە دەکات پیاو دەبێ ملکەچ بێ و هەر کارێ پێی درا بەدڵسۆزی و پاکی ئەنجامی بدات، ئەمە گەورەیی و پیاوەتییە نە وەك کارێکی لە توانای زیاتر وەرگری و پێی نەکرێ زەرەر بەخۆی و میللەت بگەینی.

١٨- خاڵێکی تر کە بارزانی بەگرنگی دەزانێ داکۆکیی لەسەر دەکات ئەوەیە کەوا بەرپرس ئەبێ لە ژێر دەستەکانی خۆی زیاتر کار بکات و ئازار بخوات و ماندوو بی و ببێ بەقودوە و نموونە، هەر وەك

دەفەرمووێ: «ئەگەر یەکێ لە جەماعەتەکەی برسی بێ ئەبێ نانی خۆی بدا بەو و خۆی برسیەتی قبووڵ بکات، چونکە گەورە ئەبێ تەحەمولی لە بچووك زێتر بێ». هەروەها لە جێگایەکی تر دەڵێ: «پێم شەرەفێکی گەورەیە کە خۆم برسی بکەم و هەژارێك لە برسایەتی ڕزگار بکەم».

١٩- بارزانی لە وتارەکەی باس لەوە دەکات کە گیانی تەعاون و فیداکاری نەبێ بە جدی ناتوانین خزمەتی میللەت بکەین. ئێمە تەنیا بەسیلاح سەرناکەوین، بەئازاردانی خەڵك و زۆر شتی تری ناشیرین سەرناکەوین بەڵکو پێچەوانە بەکاری چاك و بەهاوکاریی یەکتر و بەبرایەتی و هەتا دوایی...

٢٠- سەرۆك بارزانی نەمر لە جێگایەکی تر باس لەوە دەکات ئەبێ ئەگەر ڕەفیقێکی خۆم برسی بوو، من ناخۆم و نانی خۆمی پێ دەدەم، ئەگەر بێ بەرگ بوو من بەرگی خۆمی پێ دەدەم و ئەگەر لە جێگایەك شەڕ بووبێ جاری وابووە خەتەر و مەترسی لە پێشەوە بووە من چوویمە پێش، جار وابووە خەتەر لە دواوە بووە من خۆم خستووە دواوە چونکە گیانی من و ڕۆحی من لەو کەسانەی لەگەڵ مندان زیاتر نییە. بەڵێ ئێمەش کە بیستوومانە و لە خەڵکی کە لەگەڵی بوونە، بارزانی نموونەی سەرکردەی سەرکەوتوو بووە بۆیە پێویستە ئێمەش لەو سەردەمەدا وەك ئەو بکەین یان ئەوەندەی پێمان دەکرێ.

٢١- بارزانیی نەمر جارێکی تر باس لە یاسا و ئیتاعە دەکات و داوا دەکات بەئیخلاس و دڵسۆزی کار بکرێ و ڕێز لە گەل بگرێ، ئەگەر نا ئێمە لە دوژمن و لە جاش خراپتر و پیستر دەبین. دەبێ ڕێز لە گوندییەك و لە ئافرەتێك و لە شوانێك بگیرێ و ئازار نەدرێ شتی بەزۆری پێوە نەکرێ بارزانی بەم وردەکارییە چووەتە ناو کاری جەماوەری و لە گیروگرفتی ناو کۆمەڵی پرسیوە و بەتایبەتی لە ماف و حقووقی

هەژاران و دەڵێ گەورە دەبێ وشیار بێ و ئاگای لە هەموو خەڵکی بێ، بەدەوڵەمەند و هەژارەوە، بەتایبەتی ئاگای لە مەشاکلی خەڵك هەبێ.

٢٢- سەرۆکی نەمر بارزانی خەڵکەکەی ناو شۆڕش وەك یەك خێزان حسێب دەکات و ئەبێ هەموویان ئاگایان لە یەکتر هەبێ و لە دوای مەساڵحی یەکتر بن و دەبێ نیزام هەبێت ئەگەرنا دەبێ بەفەوزا و ئاژاوە و ئەبێ ئەگەر دەستکەوت وە یا پارە هەبوو نابێ بخرێتە گیرفانی چەند کەسێك بەڵکەم دەبێ بۆ هەمووان بێ، وەك خێزانێکی گەورە و زۆر کار بکەین لە نێوان خۆماندا. نابێ یەکێك بۆ لێپرسینەوە و یا موحاسەبە بانگ بکرێ نارەحەت بێ نابێ بترسی، دەبێ لە بەردەمی دادگا ئامادەبێ و هەروەها ئەگەر لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر نەقل کرا و گوازرایەوە نابێ بڵێ وا دیارە متمانە بەمن ناکرێ، بەڵکم ئەبێ بۆ هەر جێگایەك بۆ هەر کارێك نەقل کرا دەبێ بەچاکی بزانی بۆ ئەمڕۆ بۆ ئەو جێگایە و جارێکی تر بۆ جێگایەکی تر، ژیان و کار کردن وا دەبێ بۆیەش وای فەرمووە چ ئێستا و چ پێشان زۆر جار کەسانی بەرپرس وەیان غەیری بەرپرس بەگواستنەوە و لێپێچینەوە و شتی تر زۆر نارەحەت دەبوون بەڵام ئینسانی شۆڕشگێڕ نابێ بەم شێوەیە بیر بکاتەوە.

٢٣- بارزانی باس لە خاڵێکی زۆر گرنگ و ستراتیجی دەکا ئەویش برایەتیی کورد و عەرەب و هەموو نەتەوانی ترە و دەفەرمووێ من شەڕی عەرەب ناکەم شەڕی هیچ میللەتێکی تر ناکەم، بۆیە لە وتارەکەیدا هاتووە (من هەر وەك لە چل و پێنج و لە ساڵی شەست و هەمیشە گوتوومە و ئێستاش دەڵێم شەڕی عەرەب و کورد ناکەین...) بەڵێ بارزانی بۆ دووپاتکردن و داکۆکی لە ستراتیجیەتی پارتی و شۆڕش لە کاتی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧دا بارزانی برووسکەی لێ دا بۆ هەموو لق و هێزەکانی پێشمەرگە تا شەڕ ڕاگرن

له دژی عێراق بۆ ئەوەی لەشکری عێراق ئازاد بیت بۆ بەشداریکردن له شەڕی چارەنووسسازی عەرەبدا، هەروەها بەدرێژی باس لەوە دەکات کەوا عەرەب برای گەورەن دەبێ مافی برا گچکەی خۆیان کە کوردە بدەن و لێی زەوت نەکەن تا کورد هەست بەمەزلومیەت و لاوازی نەکا.

٢٤-بارزانی زۆر بەڕاشکاوی باس لە مافی کورد و عەرەب و تورکمانەکان و ئاشووری و ئەرمەنی دەکات و داوای دەکات لە عیراق حکوومەتێکی دیموکراتی و بە هەڵبژاردن خاوەنی عەدالەت بێتە سەر حوکم، نەوەك هەر ڕۆژە و فەرماندەیەکی سەربازی کودەتا بکات و بەئارەزووی خۆ بڵێ (قررنا ما يلي) چونکە لە ساڵی ١٩٥٨ تا دەگاتە کۆتایی شەستەکان چەند جار ئینقلابی عەسکەری کراوە و کارەساتیان بەسەر عێراقدا هێناوە، تا ئێستاش ئاساری هەر ماوە و بارزانی دژی ئەم جۆرە گۆڕانکارییە ئینقلابییە بووە.

٢٥- بارزانیی نەمر لە کۆتاییدا ئەوە نیشان ئەدات کەوا پارتی و بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش شەڕخواز نەبوونە بەڵکەم داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن و لەسەر ئەمە شەڕیان لەگەڵ دەکرێ ئەوەی ئێمەش کردوومانە شەڕی بەرگری بووە نەوەك شەڕی تر.

جا هەڤالان ئەو وتارەی سەرۆك بارزانیی نەمر پڕیەتی لە پەند و حیکمەت و کەلەپووری کوردایەتی، تکام وایە هەمووتان بەچاکی بیخوێننەوە و سوودی لێ وەربگرن، ئەم وتارە تا ئەمڕۆش هەر بەزیندوویی ماوەتەوە و نەخۆشییەکانی ئەو باسی کردوون ئێستاش لەناو کۆمەڵگای کوردستان و عێراق هەیە... پێویستە پەندی لێ وەربگرین و لەبەر تیشکیدا کارەکانی خۆمان ئەنجام بدەین.

# بەشی دووەم

## کورتە مێژووی پارتی

### مێژووی پارتی

جەنگی جیهانی دووەم بووە هۆی لەناوچوونی نازییەت و هاتنە کایەوەی دیموکراسییەت. هەلومەرجێکی ڕەخساند بۆ بووژاندنەوەی بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازی. لەو کات لە ١٩٤٦/٨/١٦ پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا.

لە تورکیا وەزعی کورد باش نەبوو تورك دانیان بە کورد دانەدەنا و هەر بێ ماف مایەوە.

لە ئێران کە سوپای سووری لێ بوو. بەشێکی لە ژێر ئینتدابی بەریتانیادا بوو. بزاڤی کورد بووژایەوە و کۆماری مەهاباد دروست بوو بەڵام بەداخەوە ساڵێکی نەخایاند و لە ناوچوو.

لە عیراق بڕێك دیموکراتییەت هەبوو. بەڵام شۆڕشگێڕە کوردەکان ئاودیوی ئێران بوون و بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧ ڕووی کردە سۆڤیەتی پێشوو.

### ئەو حزبە نهێنییانەی لە نێوان ١٩٤٥-١٩٤٦دا هەبوون

١- حیزبی هیوا لە ١٩٣٩ دامەزرا و لە ١٩٤٥ هەڵوەشایەوە.

٢- یەکێتیی تێکۆشین... پاشان بوونە - الحزب الشيوعي في كوردستان - سکرتێریان ساڵح حەیدەری بوو.

٣- حزبی ڕزگاریی کورد لە ١٩٤٥ دامەزرا - سەرکردایەتییەکی تێکەڵی هەبوو لە شۆڕش و ئەوانی تر.

سەرکردایەتییان: ساڵح حەیدەری بوو، نافع یونس، د.جەعفەر، نوری شاوێس، نووری محەمەد ئەمین، تەها محیەدین، ڕەشید باجەلان.

## پارتی چۆن دەمەزرا

زستانی ١٩٤٦ لە مهاباد بارزانی نەمر، هەمزە عەبدوڵڵا، میر حاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحموود قودسی، خێروڵڵا عەبدولکەریم، عزەت عەبدولعەزیز، پەیڕەو- پرۆگرامی پارتییان دانا.

قازی محەمەد بڕیاری دا ئەم حزبە لە کوردستانی عیراق ڕابگەیەندرێ.... بۆیە هەمزە عەبدوڵڵایان ناردەوە کوردستانی عیراق و سێ ڕاسپاردەیان پێ دا:

١- شێخ لەتیف و کاکە زیاد ببنە جێگری یەکەم و دووەمی حزب و ئەم بڕیارە تەئسیری لە هەندێ ئەندامانی کرد بەشێوەی نێگەتیف بارزانیی نەمر لە ڕاسپاردەی خۆی بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دیاری کرد کەوا، شێخ لەتیف شێخ مەحموود ببێ بەجێگری یەکەم بەهۆی ئەوەی کوڕی شێخ مەحموودە لە لایەك و لە لایەکی تریش ڕووی شاری سلێمانی بوو و هەروەها نیشتمانپەروەرێکی سەردەمی خۆی بوو. کاکە زیادی حەمە ئاغای کۆیی ببێ بە جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی چونکە ئاغایەکی نیشتمانپەروەری بەناوبانگی ناوچەی کۆیە بووە و دەوری زۆری هەبوو لە هاریکاریی حزبەکانی نیشتمانی، لە لایەکی تریش ئەوسا شاری کۆیە دەوری هەبوو لە جووڵانەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا...

٢- دەستکاری لە پەیڕە و پڕۆگرامدا نەکرێ کە لە مهاباد داڕێژراوە و بەڕاستیش دەستکاریی زۆر کەم کرا.

حزبە کوردستانییەکان بەگژ حکوومەتدا نەچنەوە تا خۆیان نەچەسپێنن.

- هەمزە عەبدوڵڵا گەڕایەوە و کۆبوونەوەی لەگەڵ حزبی شیوعی و شۆڕشدا کرد.

- پێشنیازی یەکەم بووە هۆی لەتبوون لە ناو شۆڕش بۆیە ساڵح حەیدەری و نافع یونس چوونە ناو حزبی شیوعی عێراقی.
- هەمزە لەگەڵ ڕزگاری کۆبووەوە، بڕیاریان دا بێنە ناو پارتی جگە لە ساڵح حەیدەری و نافع یونس.
- شۆڕش و ڕزگاری سەرەتای ئاب کۆنگرەی خۆیان بەست و خۆیان هەڵوەشاندەوە.
- یەکەم کۆنگرە لە ١٩٤٦/٨/١٦ لە ماڵی (سەعید فەهیم) لە بەغدا بەسترا.
- ئەندامانی کۆنگرە نزیکەی ٧٠ کەس بوون.

ئیبراهیم ئەحمەد بۆ کۆنگرە بانگهێشتن کرا بەڵام وتی پرسی قازی محەمەدم نەکردووە، بۆیە کۆنگرەی جێ هێشت.

- ساڵی ١٩٤٧ لقی دیموکرات لە کوردستانی عێراق (ژی-کاف) هەڵوەشایەوە و هاتە ناو پارتی.

**لە کۆنگرەی یەکەم:**

١- پەیڕەو و پڕۆگرامی پەسند کرا و ناوی حزب بووە "پارتی دیموکراتی کورد".

٢- سەرکردایەتیی حزب هەڵبژێردرا.

- بارزانیی نەمر سەرۆك، شێخ لەتیف و کاکە زیاد جێگری یەکەم و دووەم بوون.
- بۆ م.س: هەمزە عەبدوڵڵا، د. جەعفەر، عەلی عەبدوڵڵا، عەبدولکەریم تۆفیق، ڕەشید عەبدولقادر بوون.

٣- دوای کۆنگرە ئەندامانی یەکەم کۆمیتەی ناوەندی ئەمانە بوون:

١- میر حاج ئەحمەد.

٢- سالّح یووسفی.

٣- ڕەشید باجەلان.

٤- مەلا حەکیم.

٥- عەونی یووسف.

٦- تەها محیەدین.

- سەرکردایەتی خەریکی کاری سیاسی و ڕێکخستنی پارتی بوو.

ڕۆژنامەی ڕزگاری دەوری باشی بینی لە شیکردنەوەی بیری حزب و مافەکانی کورد.

- لە سیاسەتی دەرەوەدا باسی دۆستایەتیی پارتی و کەمپی سوسیالیستی دەکرا و دژی ئیستیعماری ڕۆژئاوایی نووسینی هەبوو.

- خەریکی ڕێکخستن حزب و یەکگرتنی ڕێکخراوەکانی شۆڕش و ڕزگاری بوو لە ناو پارتیدا.

- پێوەندیی باش دروست بوو لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەر لە مهاباد واتە بارزانی و هەڤالانی.

- پێوەندی لەگەڵ پارتەکانی عێراقی و عەرەبی دەکرا.

- پێوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی کرا و پێوەندییەکەی باش بوو.

- فەهد سکرتێری شیوعی لە ١٩٤٥ بەیانێکی دەرکرد و گوتی کورد مافی خۆیەتی داوای مافی چارەنووسی بکات و مافی سەربەخۆییشی هەیە، دوای دامەزراندنی پارتی بۆچوونیان گۆڕی وتیان کورد کەمە نەتەوەیە و لە هەردوو ڕۆژنامەی (القاعدە) و (ئازادی)دا دژایەتی پارتی کرا. هەڵوێستی شیوعییەکان (غیر مبدئی و متذبذب) بووە واتە ڕاڕا بوو.

- ڕووخاندنی کۆماری مهاباد کارتێکردنێکی نێگەتیڤی لەسەر کوردستانی عێراق کرد بەتایبەتی لەسەر پارتی کە ساوا و تازە دامەزرابوو.

- بـارزانـی و هـەڤـاڵانـی بـەرەو سۆڤیـەت کـەوتـنـە ڕێ لـە ١٩٤٧/٥/١٢ کاروان دەستی پێ کرد تاکو ١٩٤٧/٦/١٨.
- ئەوانەی لەگەڵ شێخ ئەحمەد گەڕانەوە عێراق تووشی ئازار و گرتن کران و هەندێکیان لە سێدارەدران.
- ئەم چوار ئەفسەرەی لەگەڵ شێخ ئەحمەد دا هاتنەوە لە ١٩٤٧/٦/١٩ واتە لە سەردەمی حکوومەتی ساڵح جەبر لە سێدارەدران.
- پارتی لەکاتی سێدارەدانی ٤ ئەفسەرەکەدا خۆپیشاندانی لە سلێمانی و شوێنی دیکە دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی ورەی خەڵك بەرز ببنەوە.
- عـێراق خـەریـکـی نـوێکـردنـەوەی پـەیمانـی پۆرتس مـاوس بـوو لـەگـەڵ بەریتانیادا خۆپیشاندان دەستی پێ کرد.
- لێژنەی هاوکاریی نیشتمانی لە پارتی، شیوعی، حزبی بەعس و حزبی تر، دروست بوو، هانی جەماوەریان دا ئەو پەیمانە قبووڵ نەکەن.
- لـە سەرەتـای ساڵـی ١٩٤٨ خـۆپـیـشانـدانـی گـەورە ڕووی دا کـە پـێی دەگوترێ (وثبة كانون) واتە ڕاپەڕینی کانوون.
- لە ئەنجامدا حکوومەتی ساڵح جەبر ڕووخا و پەیمانەکە تێك چوو.
- حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتیی (محمد الصدر) دروست بوو کە سەرۆکی باڵایان بوو.
- لە ماوەی ئەو جۆرە ئازادییەك پەیدا بوو بەڵام کە نوری سەعید هات حوکم توند بوو و ئەحکامی عورفیی ڕاگەیاند.
- سێ سەرکردەی حزبی شیوعی (فهد، زکي بسيم، محمد الشبيبي) لە سێدارە دران.

هەڵمەتی دڕندانە دژی شیوعییەکان دەستی پێ کرد، ئەمە کارتێکردنی نەرێنیی لەسەر پارتیش هەبوو لەبەرئەوەی هاوپەیمان بوون.

- چاودێری خرایە سەر پارتی، هەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری پارتی لە بەغدا خۆی شاردەوە، پاشان چووە سلێمانی.
- چاپخانەی حزب لە بەغدا گوازرایەوە سیتەك لە نزیك سلێمانی کە گوندی شێخ لەتیفی حەفید بوو.
- پاشان هەمزە عەبدوڵڵا لە سلێمانی دەستگیر کرا و لە بەغدا ڕەوانەی دادگا کرا. پاشان ڕزگار کرا و گومانی کەوتە سەر.
- لە کۆتای ساڵی **١٩٤٧** هەندێ لە بەرپرسانی حزب ماوەی بەندییان تەواو بوو دەرچوون وەکو: ئیبراهیم ئەحمەد، عەونی یووسف، جەلیل هوشیار، ئینجا بەپەسند زانرا کۆنگرەیەکی نوێ ببەسترێ.

## کۆنگرەی دووەم

- لە ئازاری **١٩٥١دا** لە بەغدا بەسترا لە ماڵی عەلی حەمدیدا.
- نوێنەرانی کۆنگرە **٣٠** کەس بوون کە نوێنەرایەتیی لقەکانی پارتی و لێژنە ناوچەکانیان دەکرد.

## بڕیارەکانی

١- سکرتێری حزب هەمزە عەبدوڵڵا و ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی کە گومانیان لێ پەیدا بوو مەسئولیاتیان پێ نەدرێ هەتاکو لێکۆڵینەوە لە بارودۆخیان دەکرێ.

٢- لێپێچینەوە لە پەیڕەو و پڕۆگرامی حزب بکرێت و سوود لە ئەندامانی کۆن وەربگیرێ.

٣- سەرکردایەتییەکی کاتی بۆ حزب دانرا کە لە (٦) شەش کەس پێك هات: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوێس، جەلیل هوشیار، عومەر مستەفا، بەکر ئیسماعیل، محەمەد ئەمین مستەفا، بەبێ سکرتێر و م.س بوون.

- هەمزە عەبدوڵلا وێڕای ئەوەی بەبڕیاری کۆنگرە ڕازی نەبوو، حکوومەتی عێراق گرتی و ویستی بۆ تورکیا دووری بخاتەوە بەڵام لە

ڕێی زاخۆ توانی بێتەوە مووسڵ و پاشان گەڕایەوە سلێمانی، کە بەهۆی چەند دۆستێکی پارتی لە زاخۆ ڕزگار کرا.

– هەمزە لە سلێمانی خەریکی جیابوونەوە بوو، (تەنزیم)ێکی دروست کرد بەناوی بەرەی پێشکەوتووی پ.د.کورد، ئەوانەی لەگەڵیدا بوون موحەرەم محەمەد ئەمین، شەهاب شێخ نوری، حەمە کەریم فەتحوڵڵا و چەند کەسێکی دیکەی خەڵکی سلێمانی.

## کۆنگرەی سێیەم

لە ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٥٣ لە کەرکووك بەسترا.

– ئەندامانی کۆنگرە ٣٥ – ٤٠ کەس بوون.

## بڕیارەکان

١– ناوی پارتی گۆڕا لە پارتی دیموکراتی کورد بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢– بیر و باوەڕی مارکسی لینینی بەرزکرانەوە.

٣– ئورگانی حزب لە ڕزگاری بوو بەخەبات.

٤– دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان: قوتابیان، لاوان، ئافرەتان.

٥– دەرکردنی هەمزە عەبدوڵڵا بەیەکجاری لە حزب.

٦– هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی پارتی بەم شێوەیە:

– بارزانی: سەرۆك.

– لێژنەی مەرکەزی: میر حاج ئەحمەد، جەعفەر محەمەد، ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوێس، عەلی عەبدوڵڵا، نوری ئەحمەد تەها، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، عەلی حەمدی، ڕەشید عەبدولقادر، محەمەد ئەمین، مەعروف جەلیل هۆشیار.

– ئیبراهیم ئەحمەد بووە بەسکرتێر.

– م.س: نوری شاوێش، عەلی عەبدوڵڵا، عومەر دەبابە.

## کۆنگرەی چوارەم

لە سەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا بەسترا.

- ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی ٣-٤ کە شەش ساڵ بوو و ڕووداوەکان بەم شێوەیە بوو:

ا- باری نێودەوڵەتی:

- شەڕی ساردی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بەردەوام بوو.
- ١٩٥٦ یەکەم شۆڕش لە مەجەر - هەنگاریا لە دژی شیوعیەت کرا.

ب- باری عەرەبی:

- شۆڕشی ١٩٥٢ میسر بە سەرۆکایەتیی جەمال عەبدولناسر ڕووی دا.
- کەناڵی سوێس خۆماڵی کرا.
- لە ١٩٥٦ بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسرائیل، هێرشیان کردە سەر میسر. ئەمە بەهێرشی سێ لایەنە (العدوان الثلاثي) ناونرا.
- بارزانی برووسکەی بۆ جەمال عەبدولناسر لێ دا و ئامادەییی خۆی دەربڕی دژی سێ دەوڵەتە شەڕکەرەکە.
- بەرگرییەکە تەئسیری کردە هەڵکشانی (مد)ی نەتەوایەتیی عەرەبی.
- ساڵی ١٩٥٨ شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ (تەمووز) بەسەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم هەڵگیرسا و ئەفسەرانی ئازاد (ضباط الاحرار).
- پارتی پێوەندیی باشی هەبوو لەگەڵ حزبەکانی عیراقی: ئیستقلال، وەتەنی عیراقی، بەعس.
- پارتی پێوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی لە کورتی و درێژی (مەد و جەزر) دابوو.

- ١٩٥٧ بەرەی یەکێتیی نیشتیمانی لە عێراق دامەزرا و بوار بەپارتی نەدرا بچێتە ناو ئەو بەرەیە بەبیانووی جوداخوازی گوایە!
- تا ١٩٥٨ پێوەندی بەئەفسەرانی ئازاد هەبوو.

ج- باری ناوەوەی پارتی:

- لە ٦/١٠/١٩٥٨ بارزانی و چەند لە هەڤالانی لە سۆڤیەت هاتنەوە عێراق، ئەویش لەسەر ڕەزامەندیی عەبدولکەریم قاسم و حکوومەتی عێراق.
- پارتی خۆی کردبوو بەحزبێکی شیوعی، ئەمەیش (مفتعل) بوو لە ناو حزبدا، واتە کار و کاردانەوە هەبوو.
- حزب دەیویست پێوەندییەکان لەگەڵ چەپ و شیوعیدا بەهێز بکات. دوایی داوای لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی کرد بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی شیوعی. مانای وابوو خۆی بە خاوەنی شیوعی دانا.
- حزب ویستی لەگەڵ (راية الشغيلة)دا بە سەرۆکایەت جەمال حەیدەری و (حزب وحدة الشيوعيين العراقيين)ی عەزیز شەریف بزووتنەوەیەك پێك بهێنێ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.
- پارتی بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٤ی عێراقی کرد بۆ پەرلەمان و مەسعود محەمەد نوێنەری پارتی بوو لەو هەڵبژاردنەدا.
- چالاکیی پارتی لاواز بوو هەر چەندە دروشمی بریقەداری هەبوو.
- لە ساڵی ١٩٥٥ هەمزە عەبدوڵلا و تاقمەکەی: نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرۆ تۆفیق، هاتنە ناو پارتی و ناوی پارتی بەپێشنیازی ئەوان گۆڕا و بوو بە، پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، ناوی ڕۆژنامەی خەبات بوو بەخەباتی کوردستان.
- نەژاد و خەسرۆ هاتنە ناو سەرکردایەتیی حزب و سەرکردایەتی کاتی بەم شێوەیە دروست بوو:

١- مستەفا بارزانی: سەرۆك

٢- ئیبراهیم ئەحمەد: سکرتێر

٣- عەلی عەبدوڵڵا: ئەندام

٤- نوری ئەحمەد تەها: ئەندام

٥- عومەر مستەفا: ئەندام

٦- هەمزە عەبدوڵڵا: ئەندام

٧- جەلال تاڵەبانی: ئەندام

٨- حەبیب محەمەد کەریم: ئەندام

٩- نەژاد ئەحمەد عەزیز: ئەندام

١٠- خەسرۆ تۆفیق: ئەندام

- ١٩٥٧ کۆمەڵەیەکی تر بە سەرۆکایەتیی: ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان، عاسم حەیدەری، هاتنە ناو حزب ئەوانیش بوونە سەرکردایەتیی حزب.

- ئەو مارکسییانەی هاتنە ناو حزب دەستکردی شیوعی بوون، دەیانویست پارتی بکەنە دوو بەش و بیکەنە کلکی شیوعی بەکورتی ئەمانە دەستکردی حزبی شیوعی عێراق بوون.

- شیوعی ڕاپۆرتیان لەسەر جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد نووسی چونکە دژیان بوون، دایان بەبارزانی.

- هەردووکیان هەڵپەسێردران و جارێکی تر هەمزە بوو بەسکرتێری حزب.

- کادیرانی حزب دژی کلکایەتیی شیوعی بوون، ئەوانیش ڕاپۆرتیان دەدا بەبارزانی.

- بارزانی لە دۆخەکە تێ گەیشت. بۆیە داوای بەستنی کۆنگرەی کرد.

- مەیلدارانی شیوعی لە دژی کۆنگرە و کۆنفرانس بوون، دەیانزانی دەردەکرێن.

- بارزانی لەگەڵ لیژنەی مەرکەزی و کەوادری حزب لە ١٩٥٩/٦/٣٠ کۆنفرانسیان لە ماڵی بارزانی بەست لە بەغدا و مەکتەبی سیاسی بە سکرتێرەوە بەشداری کۆبوونەوە نەکران و واتە کۆنفرانسەکە بەسەرۆکایەتیی بارزانی گرێ درا بێ بەشداری بوونی م.س بەسکرتێرەوە.

## بڕیارەکانی کۆنفرانس

١- هەڵپەساردنی مەکتەبی سیاسی پارتی کرا و لەلایەن وەفدی کۆنفرانسەوە ئاگادار کران.

٢- بڕیاری بەستنی کۆنگرەی حزب درا.

٣- پاشان لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە کە پێك هاتبوو لەم هەڤاڵانەی خوارەوە:

١- مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل.

٢- عەبدولوەهاب باجەلان.

٣- جەوهەر هیرانی.

٤- ساڵح مەحموود بارزانی.

٥- کەسانی تریش.

وەفدەکە لە بارەگای م.س ئاگاداری عاسم حەیدەرییان کرد کە ئەو لە بارەگا بوو.

کۆنگرەی چوارەم وەك لە پێشەوە باسمان کرد لە ١٩٥٩/١٠/٣ لە بەغدا بەسترا لە ماڵی کاکە زیاد، ئەمە یەکەم کۆنگرە بوو بارزانی بەشداریی تێدا کردو نزیکەی ١٢٠ نوێنەر بەشدار بوون و دیاریکردنی زۆربەی نوێنەران بەهەڵبژاردن بوو.

- لە کۆنگرە لێکۆڵینەوە لە باری حزب کرا و باسی سەرکردایەتیی لادەر (منحرف) کرا.

– کۆنگرەی چوارەم کۆنگرەیەکی گرنگە. بۆچی کۆنگرەی چوارەم لە کۆنگرە گرنگەکانی پارتی دەژمێردرێ، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١– بۆ جاری یەکەم سەرۆك خۆی لە کۆنگرە ئامادەبوو و سەرپەرشتیی دەکرد.

٢– سەرانی بەندبازی (تکتل) وەك هەمزە عەبدوڵلا و حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری و نەژاد ئەحمەد و خەسرەو تۆفیق و چەندانی تر لە حزب دەرکران.

٣– گۆڕانکاری لە ڕێبازی پارتی کرا و پارتی گەڕایەوە سەر ڕێبازی پێشووی خۆی، واتە سوود لە مارکسییەت وەردەگیرێ نەوەك تەبەنی مارکسییەت بەرزبکرێتەوە.

## بڕیارەکان

١– سەرانی بەندبازی دەرکران کە لە پێشەوە باسمان کرد.

٢– ناوی پارتی گۆڕا بوو بە: پارتی. د. ك/عێراق.

٣– بیرۆکەی ڕۆیشتن لەبەر تیشکی مارکسیەت (السیر علی نهج المارکسیة)، گۆڕا و بوو بە سوود وەرگرتن لە مارکسییەت – لینینیەت (الانتفاع من نهج المارکسیة اللینینیة).

٤– قیادەی تازە هەڵبژاردرا بەم شێوەیە:

ا– بارزانیی نەمر: سەرۆك.

ب– لێژنەی مەرکەزی: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوێس، عەلی عەبدوڵلا، عومەر مستەفا دەبابە، جەلال عەبدوڕەحمان، ئەحمەد عەبدوڵلا، عەونی یووسف، سەید عەزیز، نووری ئەحمەد، دکتۆر موراد، مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل. مەکتەبی سیاسی لەم هەڤالانە پێك هات: ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێر و عەلی عەبدوڵلا، نوری شاوێس، سەید عەزیز، دکتۆر موراد، ئەندامانی م.س.

- بۆ یەکەم جار دەستەی چاودێری و پشکنین دامەزرا کە ئەمانە بوون: شەمسەدین موفتی، حەبیب فەیلی، عەلی عەسکەری، یەدوڵڵا کەریم، زەکیە ئیسماعیل حەقی.
- جەلال تاڵەبانی و نووری ئەحمەد و سەید عەزیز، ئەم سێ ئەندامە ناویان ئاشکرا نەکرا چونکە ئەفسەری یەدەك بوون لە سوپای عێراقدا.

لەبەرئەوەی لەناو سوپادا ڕێکخستنی حزبی قەدەغە بوو.

## کۆنگرەی پێنجەم

- نێوان کۆنگرەی چوار - پێنج هەشت مانگ بوو.
- کۆنگرەی پێنجەم سەرەتای گولانی ساڵی ١٩٦٠ بوو.

## هۆی بەستنی کۆنگرە

- حکوومەتی عێراق یاسایەکی تازەی بۆ کۆمەڵەکان دەرکرد، بەپێی ئەم یاسایە هەر حزبێك ئیجازەی پێ بدرێ لە لایەن حکوومەتەوە دەبوایە لەماوەی شەش مانگدا کۆنگرە ببەستی.
- دوای دەرچوونی ئەو یاسایە سەرکردایەتی پارتی داوایەکی پێشکێشی وەزارەتی ناوەخۆ کرد تاکو مۆڵەتی پێ بدرێ و بەئاشکرا کار بکات.
- داوایەکە لەلایەن (بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە ، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوێس، شەمسەدین موفتی، عەلی عەسکەری، مەلا عەبدوڵڵا، ئیسماعیل عارف، جەلال عەبدولڕەحمان) پێشکێش کرا.
- دوای ماوەیەکی کەم حکوومەت پەسەندی کرد.
- عەبدولکەریم قاسم دوو تێبینیی لەسەر بەرنامەی پارتی هەبوو:

١- بەباشی نەدەزانی مادەی پەیڕەوکردنی مارکسی - لینینی (إعتناق الماركسية اللينينية)ی تێدابێ و دەیگوت لە بەرژەوەندی ئێوەدا نییە.

٢- پێی باش بوو ناوی، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی (الحزب الدیمقراطي الکوردستاني العراقي) بێت.

- لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە پێك هات و کۆنفرانسی ناوچەکان کرا.

- کۆنگرە لە بارەگای حزب لە بەغدا بەسترا و ٥ ڕۆژی خایاند و ١٤٨ نوێنەر بەشدارییان تێدا کرد.

- بارزانی کۆنگرەی کردەوە و لە هەندێ کۆبوونەوە بەشداریی کرد.

- ڕاپۆرتی چاودێری و پشکنینی م.س خوێنرایەوە.

- گرفتەکانی نێوان م.س و چاودێری و پشکنین چارەسەر کران کە کێشە و ناکۆکیی توند لە نێوانیاندا هەبوو.

- قیادەی نوێ هەڵبژاردرا کە بەم شێوەیە بوو:

١- بارزانیی نەمر: سەرۆکی حزب.

٢- م.س: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوێس، دکتۆر موراد، سەید عەزیز، عەلی عەبدوڵڵا.

٣- کۆمیتەی ناوەندی: عومەر مستەفا، ساڵح یووسفی، عەونی یووسف، ناهیدە شێخ سەلام، جەلال عەبدورەحمان، ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەلعەمادی، هاشم عەقراوی، عەبدوڵڵا ئیسماعیل، عەلی عەسکەری، حلمی عەلی شەریف.

جەلال تاڵەبانی، نووری ئەحمەد تەها، سەید عەزیز، ئەفسەری یەدەك بوون ڕانەگەیاندن، هەر لە هەمان کاتدا دەستەی چاودێری و پشکنینی باڵا لە ناو کۆنگرەدا هەڵبژێردرا لەم هەڤالانەی خوارەوە:

١- حەبیب محەمەد کەریم

٢- عەباس حوسێن

٣- جەمال شاڵی

٤- یەدوڵڵا عەبدولکەریم فەیلی

٥- خالد حەسەن یووسفی

لە هەمان کات حزبی شیوعی داوای مۆڵەتی کرد، عەبدولکەریم قاسم ئیجازەی پێ نەدان و بەحزبە شیوعییەکەی تری دا کە داود سایغ سەرۆکایەتیی دەکرد و لە حزبی شیوعی جودا بووبوونەوە.

- مۆڵەت بە حزبی نیشتمانیی عێراقی بەسەرکردایەتی کامیل چادرچی نەدرا و بە(حزبی نیشتمانی پێشکەوتن) بەسەرۆکایەتیی محەمەد حەدید درا.

## کۆنگرەی شەشەم

- لە ١٩٦٤/٧/١ لە قەڵادزە بەستراو نزیکەی ٦٠٠ نوێنەر بەهەڵبژاردن لەم کۆنگرەیەدا ئامادەبوون.

- ڕووداوەکانی نێوان کۆنگرەی ٥-٦.

## لەسەر ئاستی عێراق:

-حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم هەندێ کارگۆڕینی کرد لەوانە:

١- خۆماڵیکردنی نەوت.

٢- قانوونی ریفۆرمی کشتوکاڵی دەرکرد.

## لەسەر ئاستی هەرێمایەتی:

حکوومەتی عێراق پێوەندیی خراپ بوو لەگەڵ میسر و سوریا، یەکگرتنیان لە دژی عەبدولکەریم هەبوو.

حکوومەتی عێراق پێوەندیی خراپ بوو لەگەڵ ئوردن چونکە خێزانی هاشمی لە عێراق قڕ کران، پێوەندی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیاش خراپ بوو.

لەگەڵ کوێتیش پێوەندییەکان خراپ بوون و قاسم بڕیاری دەرکرد بە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی کوێت و بە قەزایەکی سەر بەپارێزگای بەسرەی لە قەڵەم دا و بڕیاری دەرکرد ئەمیری کوێت قائمقامی قەزای کوێتە و هەوڵی دا کوێت داگیر بکات، بەڵام ئینگلیز و ئەمریکا پشتوانییان لە کوێت کرد.

## پێوەندیی پارتی و حکوومەت

١- وردە وردە گیروگرفت لەگەڵ پارتی دەستی پێ کرد بەتایبەتی لەسەر مادەی ٢ی دەستووری عێراقی کە دەڵێ (العراق جزء من الامة العربية) بۆچوونی پارتی ئەوە بوو دەیگوت (الجزء العربي من العراق جزء من الوطن العربي) و (کوردستان العراق جزء من کوردستان الکبری).

هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و ئەلسەورە وەڵامی یەکتریان دەدایەوە و کە وتارەکانی ئەلسەورە داوای تاوانەوەی کوردیان دەکرد لە ناو (بۆدەقەی) عەرەبدا.

٢- حکوومەت بەهۆی ئیسماعیل عوبادی، بەڕێوەبەری پۆلیسی مووسڵ و پارێزگاری هەولێر (بەدرەدین عەلی) هەندێ خێڵی کوردیان چەکدار کرد لە دژی بارزانییەکان و شۆڕش، واتە لە دژی بارزانی و پارتیدا.

٣- لە هەمان کاتدا دوو ڕووداو هاتنە پێش:

ا- کوشتنی ئەحمەد ئاغای زێباری بەدەستی ٤ لە پاسەوانەکانی بارزانی. کە کاتی خۆی باوکی کوشتبوون، ئەمانە پێشکێشی دادگا کران، لە کاتی گواستنەوەدا هەڵاتن و ئازاد بوون. قاسم زۆر بەو ڕووداوە تووڕە بوو.

ب- کوشتنی سدیق میران لە بەینی مەسیف و شەقڵاوەدا لە ١٩٦٠، حکوومەتی عێراق شەمسەدین موفتی و مەحموود کاوانیی گوناهبار کردوە، فەرمانی دەستگیریان دەرکرا لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد چونکە وتیان بەفەرمانی ئەو کوژراوە.

٤- ئازاری ١٩٦١ بارزانی بەغدای بەجێ هێشت و گەڕایەوە بارزان.

٥- لە ١٩٦١/٧/٣٠ پارتی یاداشتێکی دا بەحکوومەتی عێراقی و ١٣ خاڵ داواکاریی تێدا بوو لەوانە کشانەوەی هێزەکانی میری کە تازە هێندرابوون بۆ کوردستان و کشانەوەی ئەو بەرپرسانەی دەوری خراپیان هەبوو.

٦- حکوومەت دەستی کرد بەگرتنی بەرپرسەکان و کادیرانی پارتی لە هەموو لایەك.

٧- زۆر لە هەڤاڵانی پارتی لە ناو سوپا و پۆلیس پێوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە دەکرد.

٨- ماوەی ٣-٤ مانگ زۆر هەوڵ درا دۆخ نەگاتە شەڕ بەڵام قاسم دووپاتی فەرمانەکانی خۆی دەکردەوە.

٩- لە ١٩٦١/٩/٦ پارتی جاڕی (مانگرتن)ی لە شارەکان کرد دژی هەڵسوکەوتی حکوومەتی عێراق و زۆر سەرکەوتوو بوو، لە هەمان کات ڕێگا گشتییەکان وەك ڕێگای هەولێر- کەرکووك، سلێمانی- کەرکووك و هەولێر - مووسڵ و هی تر گیران لە لایەن ئەندامانی چەکداری پارتییەوە.

١٠- لە ١٩٦١/٩/١١ حکوومەت هێرشی هێنایە سەر کوردستان و بۆردمانی کرد و هێزگەلی پیادەی هێنا پێش. سەرەتا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و وای زانی شۆڕش تواوەیەوە.

١١- قاسم کاتی سەردانی بۆ پارێزگای سلێمانی لە کۆتای ١٩٦١دا لە بەنداوی دەربەندیخان وتاری دا و وتی (تمرد) کۆتا هات، بەڵام ڕاست نەبوو، شۆڕش بەهێزتر بوو و راستە هەندێ پاشەکشە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە ڕووی دا، بۆیە عەبدولکەریم تووشی ئەم خەیاڵە پووچە هات.

## هەڵوێستی پارتەکانی عێراقی لە ئاست شۆڕشی ئەیلوولدا

١- حزبی شیوعی - سەرەتا دژی شۆڕش بوون و بە ئیقتاعی و ڕەجعی ناویان دەبرد وایان دەزانی کۆتایی دێت دوایی کە شۆڕش چەسپا هەڵوێستیان گۆڕی و داوای ئاشتییان لە حکوومەت دەکرد.

٢- حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و حزبەکانی تری عەرەبی دژی شۆڕش و عەبدولکەریم قاسم بوون. دۆخی قاسمیان بەهەل زانی و لە ٨ی شوبات ١٩٦٣ ئینقلابیان کرد و لە دواییدا قاسمیان کوشت.

سەرەتا پارتی پشتیوانیی کردن و داوای کرد کێشەی کورد بەئاشتییانە چارەسەر بکرێ.

بارزانی لە ئاداری ١٩٦٣ کۆنگرەیەکی نەتەوەییی لە کۆیە بەست: وێڕای سەرکردایەتی حزب و بەرپرسەکانی پێشمەرگە، هەندێ کەسایەتی خێڵەتی و ئاینی و کۆمەڵایەتی بەشدار بوون.. بەگشتی داوای (حکم الذاتی) کرا بۆ کورد. وەفدێکی ١٤ کەسی بەسەرپەرشتیی جەلال تاڵەبانی و ئەندامیەتیی ئەم کەسانەی خوارەوە:

سالح ئەلیووسفی، مەسعود محەمەد، حسێن خەنەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق، بابەکر ڕەسول، مستەفا عەزیز و چەندی تر. بۆ گفتوگۆ چوونە بەغدا.

هەمان کات عێراق وتووێژی لەگەڵ میسر و سوریا دا کرد... وتیان عێراق لەگەڵ ئەوان ڕێك کەوت داوای فیدراڵی بکرێ بۆیە سەرۆکی شاند چووە قاهیرە بۆ ئەوەی بابەتەکە لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا باس بکا، بەڵام سەرۆکی وەفد نەهاتەوە، وەفدی بەغداش تووشی پاڵەپەستۆ و تەنگەتاوکردن هاتن و هەندێکیان گیران و ئەشکەنجەش دران.

- حکوومەت نا مەرکەزیی لە جیاتی حوکمی زاتی ڕاگەیاند واتە یەك لایەنە بوو، نەوەك بەڕێکەوتن، شۆڕش و میریی عێراق نەگەیشتن بەیەك.

لە ١٩٦٣/٦/٩ حکوومەت هێرشێکی سەرتاسەری دەست پێ کرد.

شاندەکە بەهێلیکۆپتەر گوازرانەوە کەرکووك و لەوێ گیران و بەند کران و ئازار دران.

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا عەبدلسەلام کودەتای لە بەعسییەکان کرد، داوای شەڕ ڕاگرتنی کرد و بارزانی پەسندی کرد.

وتووێژ دەستی پێ کرد، نوێنەری پارتی: بارزانی نەمر، نووری شاوێس، جەلال تاڵەبانی بوون، شاندی حکوومەتیش پارێزگاری سلێمانی حاجی مەحموود عەبدولرەزاق بوو، ڕێکەوتن لەسەر بڕیارەکە کرا بەڵام کاتێ جەلال و نوری شاوێس چوونە ماوەت م.س ڕازی نەبوو، لەوێ جەلالیش هەڵوێستی گۆڕی، م.س بەیانێکی دەرکرد و قسەی ناشیرینیان بەبارزانی گوت، بەیانێکیان دەرکرد لە ژێر مانشێتی (ئایا ڕێکەوتنی مشیر – بارزانی ئاشتییە یان خۆدانە دەستە)، (هل أن إتفاقية المشير – البارزاني صلح أم إستسلام).

لە نیسانی ١٩٦٤ دا واتە لە ٦–٤/١٠ کۆنفرانسێك لە لایەن م.س سازدرا لە ماوەت کە تەنیا کادیرانی سەر بەئەوان بەشدارییان کرد و ژمارەیان نزیکەی ٨٠ کەس دەبوو. لەم کۆنفرانسەدا بڕیاری ڕووتکردنەوەی بارزانییان لە هەموو جۆرە بەرپرسییەك دا، ئەمەش بەپێچەوانەی دەسەڵاتی کۆنفرانس بوو، ئەم کۆنفرانسە و بڕیارەکانی بووە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناو حزبدا.

- لێژنەی چاودێری و پشکنین ویستیان دەور ببینن لە چارەسەری ئەم لەتبونەدا سەردانی هەردوو لایان کرد و ویستیان کۆنگرە ببەستن، بارزانی ڕازی بوو، م.س ڕازی بوو.

- بارزانی ناچار بوو کۆنگرە ببەستێ و لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی پێك هێنا بەم شێوەیە بوو:

لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی شەش لە سەرەتای مانگی ٥/١٩٦٤ دروست بوو و ئەم هەڤالانە تێدا بوون:

١- عەزیز عەقراوی.

٢- هاشم عەقراوی.

٣- نەعمان عیسا.

٤- ئیسماعیل عارف.

٥- شێخ محەمەد هەرسینی.

٦- ئیسماعیل مەلا عەزیز.

٧- محەمەد مەلا قادر.

٨- بابە شێخ شێخ عومەر.

٩- ئەحمەد گەرۆتە.

١٠- عەبدوڵلا ئیسماعیل و هی تریش.

سەرەتای تەمووزی ١٩٦٤ کۆنگرەی شەشەم لە قەلادزێ بەسترا کۆنگرە وەفدێکی نارده ماوەت تاکو بێنە کۆنگرە بەڵام نەهاتن و شاندەکەش لە ١٢ هەڤاڵ پێك هاتبوون و ئەمانەی تێدا بوون:

عەلی هەژار، مەجید ئەتروشی، ئەحمەد ئەتروشی، فاتح محەمەد بەگ، ئیسماعیل مەلا عەزیز، جەلال مەحموود بەگ و هی تر.

## بڕیارەکانی کۆنگرە

١- سەرکردایەتیی تازە هەڵبژاردرا.

- مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی بە کۆی گشتی دەنگ و لە لایەن کۆنگرە یەکسەر هەڵبژێردرا.

– ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەم هەڤاڵانە بوون: حەبیب محەمەد کەریم، دکتۆر مەحموود، عەزیز عەقراوی، سالح ئەلیوسفی، دکتۆر فوئاد جەلال، ڕەمەزان عەقراوی، نەعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، عەلی سنجاری، یەدوڵڵا کەریم، عومەر شەریف، مستەفا قەرەداغی، حەمەدئەمین بەگ، عەگید سدیق. بۆ ئاگاداری ئەم چوارەی دوایی لە لایەن بارزانییەوە دیاری کران کە لە لایەن کۆنگرەوە بارزانی سەرپشك کرابوو.

لە کۆمیتەی ناوەندیی پێشوودا، ئەمانە دەرکران: ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تالەبانی، سەید عەزیز شەمزین، نوری ئەحمەد تەها، عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل، جەلال عەبدوڕەحمان، نوری شاوێس، حلمی عەلی شەریف، حەمەی حاجی تاهیر، کەمال محیەدین و هی تریش.

**م.س: بەم شێوەیە بوو:**

١– حەبیب محەمەد کەریم: سکرتێر

٢– دکتۆر مەحموود.

٣– مستەفا قەرەداغی.

٤– ئیسماعیل عارف.

٥– هاشم عەقراوی.

دەستەی چاودێری و پشکنینی باڵا لەم هەڤاڵانە هاتە کایەوە، ئەویش بەهەڵبژاردن لە لایەن کۆنگرەوە:

١– شەوکەت حاجی عەلی.

٢– محەمەد مەلا قادر.

٣– فارس کورەمارکی.

٤- مەلا سالح حاجی.

٥- مەلا حەیدەر مەحموود و هەڤاڵی تر...

٢- کۆنگرە داوای مەوجوداتی حزبی کرد، لە ماوەت پەسندیان نەکرد. بارزانی پەسندایەتیی کۆنگرەی وەرگرت بۆ ئەوەی بچی بۆ ماوەت بۆ وەرگرتنەوەی کەلوپەلی پارتی وەك ئێزگەی ڕادیۆ و چاپخانەی پارتی، لە دوای کۆنگرە بە یەك حەوتە بارزانی خۆی لەگەڵ هێزێکی چووە سەریان و بەرگرییان پێ نەکرا و کەلوپەلەکانی حزب دەستیان بەسەردا گیرا.

لە کۆنگرەی شەشەم دا بڕیارێك هەبوو ئەنجوومەنێك دروست بکرێ بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش، ئەوە بوو لە ١٩٦٤/١٠/٧بە فەرمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کە پێك هاتبوو لە ٦٣ ئەندام کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندە عەسکەرییەکان و کەسانی کۆمەڵایەتی و ئاینیی تێدا بەشدار بوون و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، مەکتەبی تەنفیزیی هەڵبژارد بە سەرۆك و سکرتێر و ئەندامەوە.

## کۆنگرەی حەوتەم

لە ١٩٦٦/١١/١٥ لە گەڵاڵە بەسترا نزیکەی ٣٧٠ نوێنەر بەشداریی تێدا کرد.

## باری عێراق

- لەسەر ئاستی ئابووریدا لاسایی میسری دەکرد.
- حکوومەت خەریکی خۆماڵیکردن بوو لە بواری ئابووریدا.
- حکوومەت خەریکی دروستکردنی (الاتحاد الاشتراکي العربي) بوو، کوردی لەگەڵدا نەبوو.
- تاقمی جیابووەوە.

لـە هـەمـەدان بـوون دوو سێ جـار هـەوڵـیـان دا بـەهـۆی ئـێران بـێنـەوە کوردستان بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و دەرکران. لە ساڵی **١٩٦٥** بەبڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕش گەڕانەوە کوردستان لێبووردنی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش دەرچوو و ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوو کاریان پێ نەدرا. بـەبـڕیـاری شۆڕش لـە دۆڵـە ڕەقـە دانـران کـادیـرەکـانـی تـر و پـێشمـەرگـە هـەموویـان وەرگیرانەوە و کاریان پێ درا.

ئەم تاقمەیە، سەرەتای ساڵی **١٩٦٦** خۆیان دابەدەستی عێراق و بوون بەدەستکردی ئەو حکوومەتە و زیانی زۆریان بە شۆڕش گەیاند.

## باری پارتی

پارتی ویستی جۆرە دامەزراوەی تازە لە کوردستاندا دروست بکات وەك دامەزراندنی کارگێڕی.

پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا باش نەبوو، عەبدلسەلام باوەڕی بەکێشەی کورد نەبوو، ڕووبەڕووبونەوەیەك لە نێوان پێشمەرگە و سوپا لە ڕێی نێوان کەرکووك – سلێمانیدا ڕووی دا و ١١–١٦ سەرباز کوژران.

– حـکـوومـەت کـابـیـنـەی خـۆی ڕاگـەیـاند، تـەنـیـا یـەك وەزیـر بۆ پـارتـی داندرابوو ئەویش محسن دزەیی بوو، وەزیرێکیش لە تاقمەکەی ئەویش تەها محیەدین مەعروف بوو.

– کە بەعس ئەمەی کرد پارتی خۆی کێشایەوە.

– بەعس پشتی بە تاقمەکە بەست و پڕ چەکی کردن و بارەگای بۆ کردنەوە لە شارەکان و خەڵکی سەر بەپارتییان دەگرت و پاش ئازاردان ڕادەستی حکوومەتیان دەکرد.

١– بۆ کۆنگرەی ٧ لێژنەی ئامادەکار پێك هات لە هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کەسانی تازە کە گەڕابوونەوە ناو حزب و کۆنە ئەندامی م.س پارتی بوون، وەك هەڤاڵان عەلی عەبدوڵڵا و نوری

شاوێس کە بوون بە ئەندام لە لیژنەی ئامادەکار و لە هاوینی ساڵی ۱۹٦٦دا دەست کرا بەهەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە.

٢- لە ١٥/١١/١٩٦٦ دا کۆنگرە لە گەڵاڵە بەسترا نزیکەی ٣٧٠ کەس نوێنەری کۆنگرە بوون کۆنگرە ٦ شەش ڕۆژی خایاند و کۆنگرەیەکی ڕێکوپێك بوو.

٣- هەندێ دەستکاری لە پرۆگرام و پەیڕەو کرا و مەکتەبی سیاسی لە ٥ ئەندام کرا بە ٧ ئەندام و هەندێ دەستکاریی تریش هەبوو.

٤- چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە ڕیزی پارتیان بەجێ هێشتبوو بەیەکجاری لە حزب دەرکران وەك دکتۆر فوئاد جەلال و ڕەمەزان عەقراوی مستەفا قەرەداغی و عەگید سدیق.

٥- سەرۆك بارزانی مستەفا بەتێکڕای دەنگی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرایەوە بە سەرۆکی پارتی.

٦- کۆمیتەی ناوەندی بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژێردرا:

١- حەبیب محەمەد کەریم.

٢- دکتۆر مەحموود عوسمان.

٣- ساڵح یووسفی.

٤- عەلی عەبدوڵڵا.

٥- نووری شاوێس.

٦- سامی عەبدولڕەحمان

٧- عەزیز عەقراوی.

٨- شەوکەوت عەقراوی.

٩- هاشم عەقراوی.

١٠- حەمەد ئەمین بەگ.

١١- عەلی سنجاری.

١٢- نەعمان عیسی.

١٣- شەفیق ئەمین.

١٤- فاتح محەمەد ئەمین.

١٥- شێخ محەمەد هەرسینی.

١٦- مەجید ئەتروشی.

١٧- ئەحمەد ئەتروشی.

٧- حەوت ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە حەبیب تا دەگاتە عەزیز بوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

٨- دەستەی چاودێری و پشکنینی باڵا لەم هەڤاڵانەی خوارەوە پێك هات بە هەڵبژاردن لە لایەن کۆنگرەوە.

١- ڕەشید عارف ئەتروشی: سەرۆك

٢- نەجمەدین یووسفی.

٣- مەلا حەیدەر حەمەد.

٤- سەبری بۆتانی.

٥- مەلا ساڵح و دوو کەسی تر کە ناویان نازانم.

- ڕەوشەکە بەم شێوەیە بوو تا ئاداری **١٩٦٩** پارتی لە دژی هەڵسوکەوتی حکوومەت وەستا، هێزی دەستوەشێنی دامەزراند و لە دامەزراوگەی نەوتی کەرکووکی دا.

- حکوومەت هێرشی کردە سەر کوردستان و بۆردومانی هاووڵاتیانی کرد لە بادینان.

- تاقمەکە لە پێشەنگی سوپای عێراقدا بوون بۆ سەر کوردستان و دەوری دەستکێشیان دەدیت.

- حکوومەت دەرگای ڕۆژنامەی خەباتی قەپات کرد و ڕۆژنامەی نووری دانا کە دژی شۆڕش بوو.
- کۆتاییەکانی ١٩٦٩ حکوومەت زۆر شکانی بەخۆیەوە بینی، دیسان داوای دانوستاندنی کرد. شاندێکیان نارده لای بارزانیی نەمر لە دیلمان بە سەرۆکایەتی سەمیر عەزیز نەجم و فوئاد عارف و عەزیز شەریف.
- دروشمی پارتی حوکمی زاتی بوو و بۆ ئەمە کاری دەکرد.
- شاندێکی پارتی چووە بەغدا تا گەیشتنە ڕێکەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠.
- یەکێك لە مەرجەکان وازهێنان بوو لە تاقمەکە.
- تاقمەکەی خۆیان هەڵوەشاندەوە و هاتنە کوردستان و بەڕەزامەندیی بارزانی نەمر لە ناوپردان دانیشتن.
- دوای ئەو ڕووداوانە کۆنگرەی ٨ بەسترا.

## کۆنگرەی هەشتەم ١٩٧٠/٧/١

ئەندامانی کۆنگرە ٤٨٨ ئەندام بوون.

- ئەم کۆنگرەیە لە هەموو ڕوویەکەوە کۆنگرەیەکی سەر باشقە و نموونەیی بوو لەبەر ئەم هۆیانە:

١- نوێنەران زۆربەی زۆری بەهەڵبژاردن بوو و زۆربەشیان پێش ١١ی ئادار هەڵبژێردرابوون، ئەوانەی ناو شارەکانیش دوای ١١ی ئادار هەڵبژێردران.

٢- ژمارەیەکی زۆر ئافرەت نوێنەر بوون، ئەمە بۆ جاری یەکەم بوو ئافرەت بەم ژمارەیە بەشداری بکەن.

٣- نوێنەری چەند حزبی عێراقی تێیدا میوان بوون وەك حزبی شیوعی و

حزبی بەعس و نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و پرۆفیسۆر کامەران بەدرخان و..... هتد.

٤- لە کەش و هەوایەکی ئازاد دابوو و بارزانیی نەمریش ئامادە بوو وتارێکی بەنرخی پێشکێش کرد.

- ڕاپۆرتی سیاسی خوێندرایەوە و گۆڕانی پرۆگرام و پەیڕەو کرا و بڕیاری سیاسیی گرنگ وەرگیران.

- بارزانیی نەمر بەتێکڕایی دەنگی ڕاستەوخۆ هەڵبژاردرا بەسەرۆکی پارتی.

- کۆمیتەی ناوەندی لە ٢١ ئەندام هەڵبژێردرا و بەم شێوەی خوارەوە:

١- حەبیب محەمەد کەریم

٢- ئیدریس بارزانی.

٣- مەسعود بارزانی.

٤- سالح یووسفی.

٥- دکتۆر مەحموود.

٦- سامی عەبدوڕەحمان.

٧- عەلی عەبدوڵڵا.

٨- نووری شاوێس.

٩- هاشم عەقراوی.

١٠- ئیسماعیل مەلا عەزیز.

١١- عەزیز عەقراوی.

١٢- فاخیر مێرگەسۆری.

١٣- فارس باوه.

١٤- ڕەشید سندی.

١٥- شەکیب عەقراوی.

١٦- عەبدولوەهاب ئەتروشی.

١٧- عەلی سنجاری.

١٨- دارا تۆفیق.

١٩- عەبدول سۆران.

٢٠- سدیق ئەمین.

٢١- زەکیە ئیسماعیل حەقی.

- **م.س: بەم شێوەیە**

- حەبیب محەمەد کەریم: سکرتێر و ئەندامانی م.س: دکتۆر مەحموود، سامی عەبدوڕەحمان، عەزیز عەقراوی، سالح یووسفی، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوێس.

- ساڵی ١٩٧٣ چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ڕیزی پارتییان بەجێ هێشت و چوونە ڕیزی عێراق وەك عەزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی و ئیسماعیل مەلا عەزیز پێشتریش زەکیە ئیسماعیل حەقی و فاخیر مێرگەسۆری لە ڕیزی حزب دەرکران چونکە گومانیان لەسەر هەبوو. ئەم پێنج ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندیی لە حزب دەردەکران و پێنج ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی هێندران بۆ کۆمیتەی ناوەندی وەك ڕەشید عارف، محەمەد مەلا قادر، عەلی هەژار، حەمید بەرواری، شێخ ڕەزا گولانی.

- هەڤاڵ ئیدریس بارزانی لە جێگای عەزیز عەقراوی کرا بەئەندامی م.س و هەڤاڵ مەسعود بارزانیش کرا بە پاڵێوراوی م.س.

٤- لە چوار ساڵەی ١١ی ئاداردا زۆر ڕووداوی گەورە هەبوون، لێرەدا ناتوانین هەمووی باس بکەین بەڵام دوو جار پیلان لەسەر گیانی بارزانیی نەمر کرا، جارێکیان لە ١٩٧١/٩/٢٩ بارزانی لە مەرگ دەربازی بوو، لە ساڵی ١٩٧٠ لە مانگی ئایار لە بەغدا پیلان لەسەر گیانی ئیدریس بارزانی کرا و لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەی نەبوو و هەڤاڵ حەمید بەرواری بەرکەوت و بە موعجیزە لە مردن ڕزگاری بوو.

## کۆنفرانسی ئاب ١٩٧٦/٨/١١ لە بەرلین

- ئازاری ١٩٧٥ شۆڕش تووشی نسکۆ هات بەهۆی پیلانێکی گەورەی دوژمنانی کوردەوە.
- خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون بۆ ئێران و هەندێکیش بۆ ئەوروپا و ئەمریکا.
- ڕێژیمی بەعس شاڵاوێکی دڕندانەی هێنایە سەر کورد لە هەموو لایەکەوە.
- ئەمریکا بێ وەعدی کرد و ئێران پشتی تێ کردین بەڵکەم تاوانی گەورەیان کرد لە دژی شۆڕشی کورد.
- کادری پارتی لە دەرەوە دەورێکی باشیان بینی و هەندێکیان هاتنەوە کوردستان.
- هاوینی ١٩٧٥ خوێندکاران لە ئەوروپا کۆنگرەیان هەبوو. کە دەستەی بەڕێوەبردن ئەمانە بوون: دکتۆر ڕۆژ، دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە، ڕەشۆ زیلان، دکتۆر شێرزاد، دکتۆر ناسح. لەوێ هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد، ٣٥ کەسی سەر بە یەکێتی نیشتمانی لە کۆنگرە دەرچوون.
- هەندێ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گەیشتنە ئەوروپا وەك سامی و عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوێس و کاك مەسعوود بۆ ئەمریکا.

- شوباتی ١٩٧٦ کۆبوونەوەیەك لە ئەڵمانیا کرا و باس لە ڕێکخستنەوەی پارتی کرا.
- کۆمەڵەی خوێندکاران ساڵی ١٩٧٦ کۆنگرەی خۆی بەست، دکتۆر ڕۆژ بوو بە سکرتێر.
- پاش ئەوەی دوژمنانی کورد لە نزیك و دوور، پیلانێکی گەورە و زلیان لە دژی شۆڕشی ئەیلوول کرد و ئەم شۆڕشە تووشی شکستی گەورە هات، بەهەزاران خەڵك ئاوارەی ئێران و هەندەران بوون، چارەنووسی میللەتەکە ڕۆشن نەبوو. هەندێ لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی پارتی و بارزانی لە ٥/٢٦ لە شۆڕشی گولانی پێشکەوتنخوازدا بڵێسەی شۆڕشی خەڵکی کوردستان جارێکی تر بڵند کردەوە، کە ئەم شۆڕشەش تەواوکەری شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بوو. هەروەها لە ١١-١٦ ئابی ١٩٧٦ لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا کۆنفرانسی پارتی بە بەشداربوونی نزیکەی ٨٠ هەڤاڵ بەسترا، لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێشووی پارتی سامی عەبدوڕەحمان و نووری شاوێس و چەند کادری تری پێشکەوتووی پارتی بەشدارییان کرد.

لەم کۆنفرانسەدا سەرکردایەتی کاتی پارتی کە پێشتر دروست کرابوو جێگیر کرا و لەم هەڤاڵانەی خوارەوە پێك هات.

١- مەسعود بارزانی.

٢- ئیدریس بارزانی.

٣- سامی عەبدولڕەحمان.

٤- عەلی عەبدوڵڵا.

٥- نووری شاوێس.

٦- جەوهەر نامق.

٧- ئازاد بەراوری.

٨- کەریم سنجاری.

٩- عارف تەیفوور.

١٠- محەمەد ڕەزا.

١١- کەمال کەرکووکی.

١٢- دڵشاد میران.

١٣- وریا ساعاتی.

١٤- ئازا خەفاف.

١٥- عەبدولڕەحمان پێداوی.

کۆنفرانسەکە ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی هەڵسەنگاند کە بەرنامەی نوێی پارتی تێدا بوو و پەسەند کرا.

- یەکەم جار لە مێژووی حزبدا سەرۆکی مابێ بەم شێوەیە ڕەخنە لە شۆڕش بگرن.
- ئەو ڕەخنەیە وای کرد جارێکی تر خەڵکێکی زۆر لە دەوری پارتیدا کۆ ببێتەوە.
- ئەم ڕێبازە لە کۆنگرەی نۆیەمدا پەسەند کرا.
- لەم کۆنفرانسەدا درێژە دان بە شۆڕش پەسەند کرا.

## کۆنگرەی نۆیەم: ١٩٧٩/١٢/٤

سەرکردایەتیی کاتی بە بەشداریی زۆربەی ئەندامان لە ناوەڕاستی مانگی ١٩٧٩/٥دا لە گوندی شاوانە لە ناوچەی شنۆ کۆبوونەوەیەکی کرد، چەند ڕۆژی خایاند و لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بگیرێ، ئەمەش لەسەر داوای ئەندامان و کادیرانی

پارتی بوو لە زۆر شوێندا، چونکە دۆخەکە وای دەویست، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی ئامادەکار بەم شێوەیە دروست کرا.

١- عەلی عەبدوڵڵا.

٢- ئیدریس بارزانی.

٣- محەمەد مەلا قادر.

٤- ڕەشید سندی.

٥- عارف تەیفوور.

٦- کەریم سنجاری.

٧- وریا ساعاتی.

دوای ئەوەی لێژنەکە فراوانتر کرا، لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە دەستی کرد بەکارەکانی خۆی و لێژنەی تری لقی دروست کرا، واتە کاری لەسەر ئەندامانی خۆی و ئەندامی تر دابەش کرد. کۆنگرەی نۆیەم لە هەڵومەرجێکی تایبەتیدا بەسترا و کۆنگرەیەکی مێژوویی بوو، دوو ڕووکاری هەبوو یەکیان دەیگوت کۆنگرە ببەسترێ و دووەم هەلومەرجی لەبار نەدەبینی بۆ بەستنی کۆنگرە. بەپێی بۆچوونی ئاراستەی دووەم هۆکاری نەبەستن ئەمانە بوون:

١- کۆچی دوایی بارزانی کە هەمیشە هێمای یەکبوونی حزب بوو، گومانی ئەوە دەکرا دەستەبەرێك نەبێ بەڵام سوپاس بۆ خوا توانرا تا ڕادەیەکی زۆر جێگای ئەوان پڕ بکرێتەوە.

٢- دۆخی ناوچە... شای ئێران ڕووخابوو ڕێژیمێکی نوێ هاتبووە سەر کار، هێشتان لێی تێ نەگەیشتبووین.

٣- ئەم دوو بۆچوونە لە نێوان سەرکردایەتیی کاتیدا توندوتیژ بوون.

- بەڵام هەر توندبوونی ئەو ناکۆکییانە پێویستی کرد کۆنگرە ببەسترێ.

- ناکۆکیی هزری نەبوو بۆیە هەڤالان پاش چەند ساڵێك زۆربەیان هاتنەوە ناو پارتی.
- هەروەها هەندێك کەس حزبیان دروست کرد بەڵام پاشان هاتنەوە ناو پارتی.
- هەر لە مانگی ۱۹۷۹/۷ دەست کرا بە هەڵبژاردن چ لە ناو ئێراندا و چ لە ریزی پێشمەرگەی کوردستان، لە ماوەی ۳ سێ مانگدا هەڵبژاردن بەتەواوی بە کۆتا هات و نوێنەران دیاری کران و بڕیاردرا کۆنگرە لە ناوچەی مەرگەوەڕی ئێران و لە گوندی دەربەند بگیرێ و کە ڕۆژی ۱۹۷۹/۱۱/٤ دەستی پێ کرد، دانیشتنی کردنەوە لەوێ دەستی پێ کرد و هەڤاڵی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی وتارێکی خوێندەوە کەوا چۆنیەتیی دروستبوونی سەرکردایەتیی کاتی و شێوەی کارکردنی تا ئەمرۆ باس کرد.

هەروەها وتاری حزبی شیوعی عێراقی لە لایەن مەحموود ناوێك، خوێندرایەوە و بەڕێز ابو حکمت بەرپرسی وەفدەکەیان بوو. بروسکەی زۆر حزبی کوردستانی تورکیا و سوریا خوێندرانەوە کە پیرۆزباییان لە سەرکردایەتیی پارتی کرد بەم بۆنەیەوە.

دوای ئەوە بڕیار درا کۆنگرە بۆ ئۆردوگای زێوە بگوازرێتەوە لە ناوچەی مەرگەوەڕ لەبەرئەوەی ئەم شوێنە بچووك بوو، کۆنگرەکە ۱۲ ڕۆژی خایاند و ۳۲٥ نوێنەری هەبوو، زۆربەی زۆری نوێنەران بەهەڵبژاردن بوون، لەم کۆنگرەیەدا ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی (طريق الحركة التحررية الكوردية) پەسند کرا و بەدیکۆمێنتی کۆنگرەی نۆیەم، زۆر بڕیاری گرنگ وەرگیران بۆ نموونە بڕیار درا پارتی دەوری ناوبژیکاری لە نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و جمهووری ئیسلامی ئێراندا ببینی، و زۆر لەسەر ئەمە کاری کرد بەڵام بێ ئەنجام بوو.

هەروەها یەكێك لە بڕیارە گرنگەكانی كۆنگرە ئەوە بوو بەرەیەكی نیشتمانی عێراقی بەرفراوان دروست بكرێ هەروەها بەرەیەكی كوردستانی كە لە دواییدا باسیان دەكەین، هەر دووبەرەش دروست بوون.

هەروەها گۆڕانكاری لە پەیڕەو و پڕۆگرامدا كرا كە لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیەی پارتیدا بگونجێ و مادەی ٥ پڕۆگرامی حزب گۆڕانكاری زۆر بەسەر هات و زیاتر بەرەو لای ماركسیییەت بوو، بەڵام لە هەمان كاتدا هەر لەم مادەیەدا كولتووری هزری بارزانی نەمر كرا بە سەرچاوەیەكی هزری واتە هزرێكی ئاوێتە (مزیج) هاتە كایەوە.

لە كۆنگرەدا بەڕێز هەڤاڵ مەسعود بارزانی بەتێكڕای دەنگ بەدەنگی ڕاستەوخۆ هەڵبژاردرا بە سەرۆكی پارتی و بەچەپڵە ڕێزان پێشوازی لەم هەڵبژاردنە كرا و زۆر بەگەرمی لە لایەن ئامادەبووان پیرۆزبایی لێ كرا.

كۆمیتەی ناوەندی كە لە ٢١ ئەندام پێك هات بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژێردرا:

١– عەلی عەبدوڵڵا.

٢– ئیدریس بارزانی.

٣– فازڵ میرانی.

٤– فەلەكەددین كاكەیی.

٥– نووری شاوێس.

٦– دكتۆر ڕۆژ نووری شاوێس.

٧– دكتۆر محەمەد ساڵح جومعە.

٨– دكتۆر جەرجیس حەسەن.

٩– محەمەد مەلا قادر.

١٠– خورشید شێرە.

١١- ڕەشید عارف.

١٢- ملازم یونس.

١٣- محەمەد سەعید دۆسکی.

١٤- هوشیار زێباری.

١٥- ملازم عەلی.

١٦- حەمید بەرواری.

١٧- هجر سندی.

١٨- ڕەئیس عەبدوڵڵا سەدیق.

١٩- ئازاد بەرواری.

٢٠- دکتۆر سەعید ئەحمەد بارزانی.

٢١- نەجمەدین یووسفی.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو، ئەوانەی ڕیزی پارتییان بەجێ هێشتبوو، کۆنگرە لە حزبی دەرکردن لە سەیدا ساڵح یوسفی نەبێ، ئەو بەردرا بەهۆی ئەوەی بەپەسندایەتی بارزانی گەڕابووەوە عێراق.

پاش کۆنگرە یەکسەر کۆمیتەی ناوەندی بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی پارتی کاک مەسعود بارزانی لە ئوردوگای زێوە لە ماڵی کاک خالید شلی یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەست پێ کردو ٣ سێ ڕۆژی خایاند لەم کۆبوونەوەیەدا م.س هەڵبژێردرا بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: عەلی عەبدوڵڵا سکرتێری پارتی.

دووەم: ئەندامانی م.س:

١- ئیدریس بارزانی.

٢- فازڵ میرانی.

٣– فەلەكەددین کاکەیی.

٤– دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە.

٥– ڕەئیس عەبدوڵڵا.

٦– نووری شاوێس.

لەم کۆبوونەوەیەدا لقەکانی پارتی بەم شێوەیەی خوارەوە دامەزرانەوە و بەرپرسیان بۆ دانرا:

١– لقی١: دکتۆر جەرجیس حەسەن.

٢– لقی٢: خورشید شێرە.

٣–لقی٣: ملازم یونس ڕۆژ بەیانی.

٤– لقی٤: محەمەد مەلا قادر.

٥– لقی٥: ڕەشید عارف ئەتروشی.

٦– لقی٦:ئەورووپا، هوشیار زێباری.

٧– لقی٧: ئەمریکا و کەنەدا، محەمەد سەعید دۆسکی.

٨– لقی٨: ئێران، عەریف حەمید بەرواری.

وە لە دواییدا گۆڕانکاری لە م.س کرا. لە جێگای نوری شاوێس و ڕەئیس عەبدوڵڵا لە ساڵی **١٩٨٣** دکتۆر ڕۆژ و دکتۆر جەرجیس کران بە ئەندامانی م.س هەروەها محەمەد مەلا قادر لە ساڵی **١٩٨٤** لە جێگای دکتۆر محەمەد ساڵح هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی م.س.

لە کۆتاییدا، کۆنگرە بەیانی کۆتایی لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆتایی بڵاوکرایەوە و گرنگی زۆریان هەبوو و زۆر لایەنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی تێدا باس کرابوو.

بەڕاستی و بێگومان کۆنگرەی نۆیەم کۆنگرەی بووژانەوە و زیندووکردنەوەی پارتی بوو بەشێوەیەکی لێهاتووانە، لە ماوەی یەك دوو

ساڵدا توانی ڕێکخستنی پارتی و پێشمەرگایەتی کە بەیەکەوە لەلایەن لقەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا، بەچاکی ڕێك بخات و یاسای پیشمەرگە دەربکات و ڕێکخستنی پارتی بەچاکی و زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان ڕێك خرایەوە.

لە دوای کۆنگرەی نۆیەم زۆر ڕووداو و کاردانەوە و هەڵوێست هاتنە پێشەوە، لێرەدا بەکورتی هەندێکیان باس دەکەم:

١- هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتیی کاتی لە پارتی دابڕان و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ حزبێکیان دروست کرد بەناوی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان.

٢- ٢٨/١١/١٩٨٠ بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی (جود) لە پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق و حزبی سوسیالیستی کوردستان پێك هات و پاش ماوەیەکی کەم پارتی سوسیالیستی کورد (پاسوك) هاتە ناو ئەو بەرەیەوە، هەروەها لە ١٣/١١/١٩٨٤ (٣) حزبی تری کوردستانی و عێراقی هاتنە ناو ئەم بەرەیەوە کە ئەوانیش:

١- حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان ٢- پارتی سوسیالیستی عیراقی

٣- کۆبوونەوەی (التجمع) دیموکراتی عێراقی واتە ئەم بەرەیە (جود) بەگشتی بووە ٧ حزبی کوردستانی و عێراقی.

٣- یەکێتی ماوەیەکی زۆر پێش دروستبوونی جود ناکۆکیی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کوردستان هەبوو بەڵام کە ئەو بەرەیە دروست بوو زیاتر دەستی بەشەڕ فرۆشتن کرد و چەند شەڕی گەورە و بچووك لە نێوان بەرەو یەکێتی بەرپا بوو، ئەوە بوو ئاشتبوونەوەی گشتی لە نێوان پارتی و یەکێتی لە مانگی ١٠/١٩٨٦ لە تەهران هاتە کایەوە کە ئیدریسی جوانەمەرگ ئەندازیاری ئەم ئاشتبوونەوەیە بوو هەروەها لە نێوان حزبەکانی تریش.

٤- بەرەی (جود) زۆر کاری گرنگی بەرەییی ئەنجام دا لەوانە لە دەرەوە چالاکی بەرەیی و لە ناوەوەش چالاکی بەرەیی، هەتا چالاکیی عەسکەریش بەشێوەی بەرەیی ئەنجامی دەدا، پەیڕەو و پرۆگرامی ناوەخۆی بەرە هەبوو، زمانحاڵی بەرە ڕۆژنامەیەك بەناوی (بەرە) دەردەچوو.

٥- بەرەی کوردستانی لە ١٩٨٧/٥/٢ دروست کرا و لەم حزبانە بوون:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٣- حزبی شیوعی عێراق (حشع) (هەرێمی کوردستان).

٤- حزبی سوسیالیستی کوردستان (حسك).

٥- حزبی سوسیالیستی کورد (پاسوك).

٦- حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان.

٧- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

ئەم بەرەیە هەنگاوی مەزنی هاوێشت لە ڕووی سیاسی و عەسکەری و دارایی و کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بەناوی (بەرەی کوردستانی) ئەم بەرەیە بەردەوام بوو تا هەڵبژاردنی پەرلەمان و دروستبوونی حکوومەتی هەرێم.

٦- ڕژێمی عێراق لە ١٩٨٨/٣/١٦ شاری هەڵەبجەی کیمیا باران کرد و دەستی بەئەنفالکردنی کوردستان کرد تا مانگی ١٩٨٨/٩ هەموو ناوچە و گوندەکانی کوردستان و هەتا هەندێ شار و شارۆچکەش بەبەر ئەنفال و وێرانکردن کەوتن، شۆڕشی کوردستان تووشی بسکۆی گەورە هات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد جارێکی تر تووشی شکستێکی عەسکەری هاتەوە، بەڵام خوا و ڕاستان ڕەوشێکی تر لە داهاتووی عێراقدا هاتە کایەوە.

٧- شەڕ وەستان لە نێوان عێراق و ئێران دێتە کایەوە پاش ٨ هەشت ساڵ شەڕی نێوان هەردوو لا و ئەمەش کارتێکردنی زۆر نێگەتیڤ لەسەر شۆڕش هەبوو.

٨- لە خواکورك نزیکەی ٤٥ ڕۆژ شەڕ بوو و کۆتاییی ئەنفال بوو. کاك مەسعود سەرکردایەتی شەڕەکەی کرد، ٢٨ شەهید و ١٦٤ بریندار و ٦٠ بریندار ی کیمیاوی بوون.

مەفارزی لقی یەك لە کوردستان مایەوە.

هەوەها لە شۆڕشی گوڵان ئەم خاڵانە جێبەجێ کران:

١- دەست کرایەوە بە دروستکردنەوەی پێوەندییەکان.

٢- بەیانێکی هاوبەش لەگەڵ دیموکرات دەرکرا.

٣- پێوەندی لەگەڵ سووریا و پارتی سووریا کرایەوە.

٤- ئێزگە دامەزرا و ڕۆژنامەی خەبات کەوتەوە دەرچوون.

٥- ڕێکخراوە جەماوەرییەکان زیندوو کرانەوە.

٦- مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوە کرایەوە.

٧- لە کۆنگرەدا بڕیاردرا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دابمەزرێ.

٨- دەزگاکانی فێرکردن و تەندروستی دانرا.

٩- خوولی کادیران کرایەوە واتە خولی ٧، ٨.

## کۆنگرەی دەیەم

- پێشەکی دەبووایە کۆنگرە لە ساڵی ١٩٨٣ یان ١٩٨٤ ببەسترایە بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆی ئەو کاتە، بەڵام کۆنگرە دوا خرا و لە کۆمیتەی ناوەندی چەندجار باس کرا، بەهۆی شەڕ و نالەباری ئەو سەردەمە دواخرا تا ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٩ لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی لە مانگی ٦ بڕیار درا لێژنەیەکی ئامادەیی دروست بکرێ

بەمەرجێك هیچ کامیان ئەندامی سەرکردایەتی پارتی نەبن، بۆیە لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لە هەڤاڵ نێچیرڤان بارزانی و قادر قادر و مەحمود محەمەد و مەلا حاجی دیلویی و عەبدولعەزیز تەیب پێك هات و هەڤاڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی لێژنەکە بوو، زۆری پێ نەچوو لێژنەکە لە مانگی حەوتەوە دەستی کرد بەکاری خۆی و هەڵبژاردن لە ڕێکخستنی ناو ئێران و ناو پێشمەرگە ئەنجام درا و لە مانگی ١٩٨٩/١٠ کاری هەڵبژاردن کۆتایی هات. بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تری دەرەکی کۆنگرە دواکەوت بۆ ١٩٨٩/١٢/٢ واتە لەم ڕۆژەدا کۆنگرە دەستی پێ کرد.

- م.س: ڕاپۆرتێکی گشتی بەرفراوانی ئامادە کرد و لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا پەسەند کرا و دەستی لەسەر کەموکورتی سیاسی و ڕێکخستن دانا بوو. هەروەها ڕاپۆرتی ڕێکخستن و دارایی و عەسکەری لەلایەن بەشەکانی م.س هەریەکە بەپێی تایبەتمەندی خۆی ئامادە کراو لە کۆنگرەدا خوێندرایەوە.
- سەرۆك مەسعود بارزانی وتارێکی کورتی خوێندەوە و بەخێرهاتنی میوانانی کرد.
- لەم کۆنگرەیەدا وەفدی حزبەکانی نێو بەرەی کوردستانی و حزبی تر و نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە دانیشتنی کردنەوە بەشدار بوون.
- بەناوی بەرەی کوردستانی وتار هەبوو.
- نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران وتاری هەبوو.
- ڕاپۆرتی گشتیی مەکتەبی سیاسی لەلایەن سکرتێری پارتی کاك عەلی عەبدوڵڵا خوێندرایەوە.
- لەم کۆنگرەیەدا ئاڵوگۆڕی لە مادەی ٥ی پرۆگرامی پارتی کرا و وشەی مارکسی-لینینی لادرا و بەگشتی دەستکاری لەم مادەیەدا کرا.

- هەروەها دەستکاری و گۆڕانکاری زۆر کرا لە دەسەڵاتی سەرۆکی پارتی واتە پێشتر دەسەڵاتی سەرۆك بەپێی پەیڕەو لەگەڵ سکرتێر دابەش کرابوو، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا دەسەڵاتی سکرتێر نەما و لەجیاتی ئەو جێگری سەرۆك داندرا کە لەلایەن سەرۆکەوە دەسەڵاتی پێ دەدرێ و ئەم گۆڕانکارییەش لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی پێشوو پێشنیاز کرا و درا بەکۆنگرە، کۆنگرەش پەسەندی کرد.
- کۆمەڵێك گۆڕانکاریی تر لە پەیڕەو و پرۆگرام کرا بەگوێرەی ئەو کات و سەردەم، لەبەرئەوەی کۆنگرە کاتێك بەسترا کوردستان ئەنفال کرابوو و شەڕ لە نێوان عێراق و ئێران ڕاگیرابوو.
- کۆنگرە لە مزگەوتی گوندی هاشم ئاباد (هێشماوە)ی ناوچەی مەرگەوەڕ دەستی پێ کرد لە ١٢/٢ - ١٩٨٩/١٢/١٥و ئەندامانی کۆنگرە ٣٣٢ نوێنەر بوون.
- دوو کەسایەتیی تازە، کاك نێچیرڤان و کاك جەوهەر نامیق هاتنە ناو سەرکردایەتیی تازەوە.
- چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی پێشووی پارتی وەك محەمەد مەلا قادر و ڕەشید عارف، خورشید شێرە و نادر هەورامی و عەریف حەمید و دکتۆرسەعید ئەحمەد بارزانی خۆیان نە پاڵاوت هەریەکەیان بەهۆی تایبەتی بەخۆی.
- کاك مەسعود بارزانی بەگشتیی دەنگی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرا بەسەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ جاری دووەم.
- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کۆنگرەی دەیەم دەنگیان وەرگرت و بوون بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- نێچیرڤان بارزانی.

٢- فەلەکەددین کاکەیی.

٣- دكتۆر ڕۆژ نووری شاوێس.

٤- فازڵ میرانی.

٥- جەوهەر نامیق.

٦- هۆشیار زێباری.

٧- دكتۆر جەرجیس حەسەن.

٨- عەبدولمهەیمن بارزانی.

٩- حەمید ئەفەندی.

١٠- مەسعود سالەیی.

١١- ڕێبوار یلدا.

١٢- عەزەددین بەرواری.

١٣- ئازاد قەرەداغی.

١٤- زەعیم عەلی.

١٥- پیرۆت ئەحمەد.

١٦- قادر قادر.

١٧- قادر عەبدولعەزیز (قاچاغ).

١٨- دكتۆر عەلی بابە.

١٩- دكتۆر محەمەد ساڵح.

٢٠- عومەر مێرگە سووری.

٢١- كەمال كەركووكی.

**- ئەندامی مەكتەبی سیاسی بەم شێوەیە بوو:**

١- نێچیرڤان بارزانی.

٢- فازڵ میرانی.

٣- دكتۆر ڕۆژ نووری شاوێس.

٤- دكتۆر جەرجیس حەسەن.

٥- جەوهەر نامیق.

٦- هۆشیار زێباری.

٧- زەعیم عەلی.

- پاش کۆنگرە، ئاڵوگۆڕی لە لقەکان کرا و هەوڵدرا وا مەفرزەی پێشمەرگە ڕەوانەی کوردستان بکرێ بەڵام ئاسان نەبوو لە لقی یەك هەڤاڵ سمکۆ ئامێدی ئەندامی کارگێڕی لقی١ و بەرپرسی کاری نهێنی و چالاکیی عەسکەری لە سنووری لقی١ بوون، لەگەڵ مەفرەزەیەکدا شەهید بوو. هەروەها هەڤاڵی تریش شەهید بوون.

- پاش ئەنفالەکان ڕەوشی کوردستان بەتەواوەتی تێك چوو.

- لە ئێرانیش دۆخی بەرهەڵستکارانی عێراقی بەکوردستانی و ئیسلامی و عیلمانی بەرەو خراپتر دەچوو.

- حکوومەتی عێراقی هەڵەیەکی گەورەی کرد کە لە ١٩٩٠/٨/٢ بەناوی ئنقلابی عەسکەری و گوایە لەسەر داوای خەڵکی کوێت کوێتیان داگیر کرد و حکوومەتێك دروست کرا ئەمیرەکانی کوێت هەموویان ڕایان کرد بۆ سعودیە.

- ئەمریکا و بەریتانیا و ٣٠ دەوڵەت و پاش هەوڵی زۆر عێراق کوێتی بەجێ نەهێشت ئەوە بوو لە ١٩٩١/١/١٧ هاوپەیمانەکان لە ئاسمان و زەوی و دەریا هێرشیان بردە سەر عێراق لە کوێت و لە خاکی عێراق، ئەوە بوو پاش زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ شەڕێکی خوێناوی، عێراق لە ڕووی سەربازی و هەتا سیاسیش تووشی شکستێکی گەورەی ئابڕووچووانە هات، ئەم زەمینەیە لە بەردەم بەرهەڵستکارانی کوردستانی و عێراقی خۆش بوو بۆ چالاکیکردن.

- له سەرەتای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراقی کەوتنە جموجۆڵی سیاسی و عەسکەری.
- پارتیش چەند کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی کرد و هەروەها کۆبوونەوەیەکی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی (پالنیوم)ی ساز کرد، کە تێیدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی بەشداربوون، هەموویان نزیکەی ٥٠ هەڤاڵ بوون.
- کۆبوونەوەکە لە سەرەتای مانگی شوباتی **١٩٩١** دا بوو و لەوێ بڕیار درا ئامادەیی بکرێ بۆ چوونە ناو خاکی کوردستان و دەستکردن بەراپەڕین.

بۆ ئەم مەبەستە بڕیار درا چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی وەك دوکتۆر جەرجیس و ملازم یونس و حەمید ئەفەندی لەگەڵ بەڕێز سەرۆك بارزانیدا بن و بۆ لقەکانیش ٣ سێ قۆڵ دانران:

١- قۆڵی سلێمانی - کەرکووك: هەڤاڵ نێچیرڤان بارزانی و ڕەشید عارف و نادر هەورامی و قادر قادر و دەروێش ئاغا و ئازاد قەرەداغی و لەگەڵ لقی٣، ٤.

٢- قۆڵی هەولێر: محەمەد مەلا قادر و عومەر عوسمان و عەبدولموهیمەن بارزانی و خورشید شێرە لەگەڵ لقی٢.

٣- قۆڵی دهۆك و مووسل: زەعیم عەلی و کەمال کەرکووکی و نەجمەددین یووسفی و ملازم بابەکر و عەبدولعەزیز تەیب و قادر قاچاغ و لقی١، لە دواییدا قۆڵێکی تر لە قەڵادزە و ڕانیە کرایەوە کە هەڤاڵ حەمید ئەفەندی بووە بەرپرس و مەحمود محەمەد و حاجی دیلویی و کەسانی تر بوون بەئەندام لەم قۆڵەدا.

پاش شکەستی عێراق لە کوێت لە ١٩٩١/٣/٤ سەرۆك مەسعود بارزانی و قۆڵەکان جووڵانەوە بەرەو ناوەوە و کاك مەسعود و برادەرەکانی لەگەڵیدا و قۆڵی لقی٢ بەرەو قاسمەڕەش و قۆڵەکانی تر بەرەو شوێنی خۆیان.

- قۆڵەکانی ئێمە لەگەڵ بەرەی کوردستانی قۆڵی هاوبەشیان دروست کرد.
- نوێنەرانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەڕێز کاك مەسعود لە ڕێگای قەلادزەوە چوونە ناوەوە.
- لە ڕۆژی ٣/٥ ڕاپەڕین لە ڕاپەڕین لە ڕانیە دەستی پێ کرد و تا ٣/٢١ هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کەرکووکەوە ڕزگار کران و ٢ فەیلەقی سوپای عێراقی لەگەڵ چەکدارانی جاش تێك شکان، هەموو بارەگای سوپا و ئەمن و حزبی بەعس کەوتنە دەستی جەماوەر و بەرەی کوردستانی شکەستێکی گەورە بوو بەچارەنووسی حکوومەتی عێراق و سەرکەوتنێکی گەورەش بوو بەبەشی جەماوەری کوردستان و بەرەی کوردستانی.
- خۆشی و شادی سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و جیهانیش بەرامبەر بەم سەرکەوتنە سەرسام بوو.
- ڕێژیمی عێراق لە ٣/٢٧ دژە هێرشی لە کەرکووك دەست پێ کرد و کەرکووك کەوتەوە دەستی ڕێژیمی لە دوای ئەمە هەموو شارە گەورەکان وەك هەولێر و سلێمانی و دهۆك ڕێژیمی دەستی بەسەردا گرتەوە، بەڵام لە دەربەندی کۆڕێ هێزەکانی پارتی بەپلەی یەکەم و یەکێتی بەپلەی دووەم لەگەڵ کەمێك هێزی لایەنی تر توانرا بەرهەڵستێکی قارەمانانە و داستان خوڵقێن ئەنجام بدەن و دوو هێرشی گەورەی دوژمن لە ١٣-٤/١٧ تێك بشکێنن و زیانی زۆر بەدوژمن بگەیەنن، کۆمەڵێك تانك و زرێپۆش بەتەواوی کەوتنە دەستی پێشمەرگە.

- لە ئەنجامدا وتوویژ لە نێوان بەرەی کوردستانی و حکوومەتی عێراق دەستی پێ کرد و چەندجار شاندی بەرە چووە بەغدا، جارێکیان بەڕێز کاك مەسعود بارزانی و بەڕێز جەلال تالەبانی پێکەوە لەگەڵدا بوون، لەم وتوووێژەدا و لەم سنوورەشدا بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بەژمارەی ٦٨٨ دەرچوو ناوچەی ئارام دیاری کرا لە سەرووی هێڵی ٣٦ و چەند شوێنی تر.
- ڕژێمی عێراق شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی بەجێ هێشت، هەر لە ساڵی ١٩٩١ و ١٩٩٢ و ئەم ناوچانەی لە ئیدارەی حکوومەت چۆڵ کرا. بۆیە لەلایەن بەرەی کوردستانی بەڕێوە دەچوو تا ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ لە کۆبوونەوەیەکی بەرەی کوردستانی کاك مەسعود بارزانی پێشنیازی کرد هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ ئەمەش هەنگاو بنێرێ ئەوە بوو لەلایەن لێژنەی بالای بەرەی کوردستانییەوە ئەم پێشنیازە پەسەند کرا و بوو بەبڕیار و کاری بۆ کرا لە ناوەوە و دەرەوە. ئەوە بوو لە ١٩٩٢/٥/١٩ هەڵبژاردن ئەنجام درا و هەڵبژاردنەکەش بەشێوەی ڕێژەیی (نسبی) بوو، لە ئەنجامدا پەرلەمانێك هاتە کایەوە لە پارتی و یەکێتی و ئاشووری کە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەگشتی ١٠٥ ئەندام بوو و ئەنجامیش بەم شێوەیە بوو:

ڕێژەی دەنگی لیستی زەرد ٥١٪

ڕێژەی دەنگی لیستی سەوز ٤٩٪

بەلام سەرکردایەتیی پارتی جەنابی کاك مەسعود بارزانی بۆ بەرژەوەندی گشتی و بۆ ڕێگرتن لە شەڕ و گیرگرفت بڕیاری دا دەنگی پارتی و یەکێتی پەنجا بەپەنجا (ففتی – ففتی) بێ و (٥) کورسیش بۆ ئاشوور و مەسیحی بێت.

## دوكیومێنت

جا بۆ ئەوەی هەندێ كەس بازرگانی بە بۆچوونەكانی ئەو كاتەی مەسعوود بارزانی نەكەن، وا لێرەدا دەقی ئەو برووسكەیە بڵاودەكەینەوە كە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن لە ١٩٩٢/٥/٢٣ وەك پەیامێك بۆ هەموو لق و ناوچەو هێزەكانی پارتی و ڕاگەیاندن ڕاگەیاندرا و كەوتە بەردەست و گوێی هەموو خەڵكی كوردستان:

دەقی برووسكەی ژمارە (٦٨٧) ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٢٣

«لە: مەسعود بارزانی

بۆ: هەموو لقەكان و ناوچە و هێزەكان و ڕاگەیاندن

پێشەكی بەئەركی سەرشانی خۆمی دەزانم سوپاسی هەموو پێشمەرگە و كادیر و لایەنگران و دۆستان و جەماوەری پارتیمان بكەم بۆ ئەو هەوڵ و كۆششەی كردتان لە پێناوی سەرخستنی پارتیماندا.

ئێوە بەئەركی مێژوویی خۆتان هەڵسان و ئالای پارتیمانتان بەرز كردەوە. ئەنجامی هەڵبژاردن زۆر ڕوون و ئاشكرایە كە تەنیا لیستی پارتی و لیستی یەكێتی و زەحمەتكێشان (نسبە) یان هێناوە، بۆ پارتی ٥١٪ بۆ ینك و زەحمەتكێشان ٤٩٪، بەلام ئەوەی جێگەی داخە لە كاتی هەڵبژاردن زۆر خروقات كراو قیمەتی هەڵبژاردن و شەرعیەتی كەم كرایەوە، لایەنی ئیجابی هەر ئەوە بوو كە بەئاشتییانە و بەپێی تەوجیهاتی دیموكراتییانە هەڵبژاردنەكە ئەنجام درا.

بۆ ئێمە جێگەی سەربەرزییە كە فیكرەی هەڵبژاردن فیكرەی ئێمە بووە و شەرەفی دامەزراندنی یەكەم بەردی بناغەی دیموكراتییەت بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوەی كە خروقاتی زۆر كراوە، نەئێمە و نەهیچ لایەنێكی تر (اعتراف) بەئەنجامی هەڵبژاردن ناكەین و هەموومان پێمان وایە كە

غەدر و تەزویریّکی زۆرکراوە، بۆ ئەوەی سومعەی گەلی کورد لە دەرەوە خراپ نەبیّ و ئەم هەلە میّژووییەمان لە دەست، نەچیّت، لەبەرئەوەی لە دەرەوە هەڵبژاردنەکە زۆر بەئیجابی وەرگیراوە، ئەگەر ئیّمە ئەنجامەکانمان هەڵبوەشاندایەتەوە ئەمە واتای ئەوە بوو کە مەسئول دەبووین بەرامبەر بەمیّژوو و هەلیّکی وامان لە دەستی کورد دەدا.

ئیّمە کەوتبووینە بەرامبەر دوو ڕیّگە: یان موجازەفە بەهەموو چارەنووس و ئایندەی گەلی کورد بکەین و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەڵبوەشیّنینەوە یان چارەسەرییەك بدۆزینەوە کە ئابڕووی کورد نەچیّت، بۆیە بڕیارمان دا ئەنجوومەنیّك پیّك بیّنین کە وەك ڕیّکەوتنیّك بیّ لە نیّوان پارتی و یەکیّتی نەك پەسندی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، هەرچەندە ئیّمەش بردوومانەتەوە، بەلاّم من خۆشم باوەڕم پیّی نییە لەبەرئەوەی مەجالی (طعن) هەیە، ئەمەی ئیّستا ڕیّککەوتنە نەك قەبووڵکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن، بۆیە وا تیّ نەگەن کە ئیّمە بواری سەرکەوتنی خۆمان لە دەست دابیّ، بەلاّم ئیّمە قوربانیمان داوە لە پیّناو پاراستنی بەرژەوەندیی گەلی کورد. بۆ (ڕابەر)یش من حازر نیم قبووڵ بکەم ئەگەر هەڵبژاردن بەتەواوی پاك و خاویّن نەبیّت.

١– هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بکریّتەوە بەزووترین کات.

٢– هەڵبژاردنی ڕابەر بکریّتەوە بەپیّی یاسای خۆی.

٣– پەرلەمانیّك پیّك بهیّنریّ نیوە بەنیوە.

٤– سەرۆکی پەرلەمان پارتی بیّ و جیّگرەکەی یەکیّتی.

٥– سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن یەکیّتی بیّ و جیّگرەکەی پارتی بیّ.

٦– ئەحزابی دی لە دەزگای ڕاپەڕاندن بەشدار بن.

دووبارە پیّتان ڕادەگەیەنم، ئەمە ڕیّککەوتنە نەك پەسندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، هەموو لایەك گلەییان هەیە، خروقات و تەزویر کراوە، نەمانتوانی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، هەڵبوەشیّنینەوە لەبەر دەرەوە،

ئەوەی بوو بۆ پاراستنی ئابڕووی کوردە تا هەڵبژاردنێکی تر بەخاوێنی دەکرێ و موستەلزەماتی تەواوی بۆ ئامادە دەکەین، هەڵوێستی حزبەکانی تری هاوپەیمان زۆر لە ئاستی بەپرسیاریەتی مێژوویيدا بوو، خۆیان ڕازی بوون کە پارتی و یەکێتی ئەم ٤–٥ مانگە پەرلەمان دابمەزرێنن، بۆیە زۆر سوپاسی هەڵوێستیان دەکەین، ئێمە لەگەڵ (ینك) وا ڕێك کەوتبووین ئەنجامەکانی چۆنە وا ئیعلان بکەین واتە پارتی ٥١٪ و ینك ٤٩٪ ، پاشان ڕێککەوتنی دوو قۆڵی بکەین بۆ دابەشکردنی پەرلەمان نیوە بەنیوە، بەڵام حاکم لە ڕاگەیاندنەکەیدا باسی ئیعلانی نەکرد لەبەر ئەمە پێویست بوو ئەم ڕوونکردنەوەیە بخەینە ڕوو، داواتان لێ دەکەم ورەتان بەرز بێ، بەهیچ شێوەیەك وا تێ نەگەن هەقتان خوراوە یان سەرکەوتنتان لە دەست داوە، بەڵکو ئەمەش قوربانییەکی ترە لە پێناوی کورد و کوردستان.

دەبێ هەر لە ئێستا خۆتان ئامادە بکەن سوود لە هەڵەکانی پێشوو وەربگرن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو و بۆ پاراستنی ئاڵای پارتی و ناوی بارزانی، ئەبێ لەم قۆناغەدا زیاتر گیانی برایەتی بپارێزن لەگەڵ برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و برایانی بەرەی کوردستانی کە ئێستا زیاتر لە جاران ئیلتزاممان هەیە بەرامبەریان، هەرچی بیکەین بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی گەلی کورد لە پێناوی گیانی شەهیدانە کە ئەمە بەرهەمی خوێنی ئەوانە». برووسکەکە بە کۆتایی هات.

– جا لەسەر ئەم بنەمایەدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست کرا و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە پارتی بێ و جێگرەکەشی یەکێتی بێ سەرۆکی حکوومەتی هەرێم یەکێتی بێ و جێگرەکەی پارتی، لە وەزیر و جێگریش بەم شێوەیە ڕەفتار کرا، وەزارەتێکیش درا بەشیوعی و وەزارەتێکیش بەئاشووری و لە دوایيدا وەزارەتێکیش درا بەحزبی سوشیالیست.

– جا کابینەی یەکەم و دووەم بەم شێوەیە دەوامی کرد.

## کۆنگرەی یازدەیەم

– مـاوەی یـاسایـی کـۆنـگـرەی دەیـەم تـەواو بـوو و لـە لایـەکـی تـر ئـەو بـارودۆخـەی تـازە پـارتـی دیموکـراتـی کـوردستـان بـەتـایـبـەتـی پـاش هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی دەخواست کۆنگرەی تازە واتە کۆنگرەی یازدەیەم ببەسترێت بۆ ئـەوەی کـەسانـی تـازە بـێنـە نـاو سەرکـردایـەتـی و لـە لایـەکـی تـریش ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێویست دەکات زیاد بکرێ، لە لایەکی ترەوەش هەوڵی ئەوە هەبوو کەوا هەندێ حزب و ڕێکخستن بێنە ناو پارتی ئەوەش پێویستی بەکۆنگرە هەیە، لەبەر ئەم هۆیانە بەگشتی لە کـۆبـوونـەوەیـەکـی کـۆمیتـەی نـاوەندی لـە مـانـگی ١٩٩٣/٣ بـڕیـار درا لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لەم هەڤاڵانەی خوارەوە پێك بێت بەمەرجێك هیچیان ئەندامی سەرکردایەتی نەبێ.

١– محەمەد مەلا قادر.

٢– فەرەنسۆ حەریری.

٣– ڕەمزی شەعبان.

٤– خورشید شێرە.

٥– نەجمەدین یووسفی.

٦– شێخەڵڵا ئیبراهیم.

٧– بارزان مەلا خالید.

٨– کەمال حەسەن.

٩– نەجات حەسەن.

١٠– حەبیب کەلەش.

١١– ئیجرا سەعید.

- ئـەم لـێژنـەیـە دوای دەرچـوونـی بـڕیـارەکـە لـەگـەڵ مـەکتـەبـی سیـاسی دانیشتن و ئـامۆژگاری و ئـاراستـەی پێویست وەرگیرا و لێژنـەکە دەستی بـەکاری خۆی کرد، لە هـەولێر بـارەگایـەکی بۆ خۆی لە بـارەگای لێژنـەی نـاوچـەی زانکۆ دروست کرد.
- پێش هـەموو شتێك داوای لە لقەکانی پارتی کرد کە بەپەلە لیستی ئەندامانی خۆیان بۆ لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بنێرن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لە لایەن لێژنەی ئامادەیی پێیان دراوە، دوای نزیکەی ماوەی مانگێك لیستی تێکرای لقەکان گەیشتن.
- دوای ئەوە لێژنەی ئامادەکار ٣ لێژنەی لقی دروست کرد، لێژنەیەك بۆ سلێمانی و کەرکووك لێژنەیەکیش بۆ هەولێر و لێژنەی سێیەمیش بۆ دهۆك.

هـەڵبژاردن دەستی پێ کرد بەپێی ئەو خشتانەی دانرابوون، تا کۆتایی مانگی ٦ هەڵبژاردن بەتەواوی و بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێ هات، هەروەها لە ئەورووپاش لێژنەیەکی ئامادەکاری لقی هەبوو ئەوانیش هەڵبژاردنی خۆیان تەواو کرد.

لەم سەروبەرەدا گەڕانەوەی چەند حزبێك بۆ ناو پارتی یان باشتر وایە بڵێین یەکبوون و یەکگرتنیان لەگەڵ پارتی دەستی پێ کرد، ئەویش ئەمانە بوون:

١- پارتی یەکگرتن (سۆسیالیست، پاسوك، گەل).

٢- یەکێتی دیموکراتی کوردستان.

٣- بزووتنەوەی کوردی فەیلی موسڵمان.

- بۆ مەبەستی دیاریکردنی نوێنەری خۆیان بەپێی ئەو ڕێژەیەی بڕیاری لەسەر درا لە نێوان سەرکردایەتی پارتی و ئەو حزبانە، ئەوانیش ناوی نوێنەرانی خۆیان دا بەلێژنەی ئامادەکار کە لە ئەنجامدا نوێنەرانی کۆنگرە بەهەڵبژێردراو و دیاری کراو گەیشتنە ٢١٧٠ نوێنەر.

- لێژنەی ئامادەکار پاش هەڵبژاردن چەند لێژنەیەکی تری دانا بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.
- لێژنەی هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆنگرە و لێژنەی دارایی و لێژنەی ڕاگەیاندن و لێژنەی ئاسایشی کۆنگرە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی کۆنگرە هەموو جۆرە ئیمکانیەتی دایە دەست لێژنەی ئامادەکار.
- هۆڵی وەرزش لەسەر جادەی ٦٠ مەتری کە ناوی لێ نرا (هۆڵی زەرد) بووە جێگای گرتنی کۆنگرەی یازدەیەم و زۆر جوان ڕازاندرایەوە و کاری تری تێدا کرا.
- لێژنەی ڕاگەیاندن دروست کرا و لە ڕۆژانی کۆنگرەدا، ڕۆژنامەیەکی دەر دەکرد بەناوی کۆنگرە و گواستنەوەی دەنگوباسەکانی کۆنگرە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەزیندوویەتی دەکرا.
- لێژنەی دارایی و ئیدارەش کاری دامەزراندنی نوێنەران لەجێی دیاریکراو بەچاکی تاوتوێ کرا.
- کارتی ئەندامانی کۆنگرە چاپ کرا و درا بەئەندامان.
- بەکورتی هەموو کارەکانی پێویست بەچاکی ئەنجام دران.
- مەکتەبی سیاسی بانگهێشت نامەی ئاراستەی زۆر پارت و کەسایەتی ناوەوە و دەرەوە کردبوو، بەدەیان مێوانی دەرەوە و ناوەوە بەشداریی کۆنگرەیان کرد.
- ڕۆژی ١٦ ئابی١٩٩٣ ڕۆژی بەستنی کۆنگرە بوو لە ٢٦ ئابی١٩٩٣ کۆتایی هات.
- ڕۆژانی کۆنگرە لە هەولێر و سەلاحەدین وەك ڕۆژانی ئاهەنگ گێڕان وابوو.
- ناو کۆنگرەش وەك خۆپێشاندانێکی سیاسی بوو، زیاتر لە فیستیڤاڵی سیاسی دەچوو.

- له هەمان کاتدا کۆنگره له کاتی پشووداندا ئاهەنگێکی خۆشی له لایەن نوێنەرانی شارەکانی کوردستان پێشکێش کرا.

ئەم کۆنگرەیه کۆنگرەی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی بوو، هەروەها ناوی دەبرا بەکۆنگرەی یەکگرتن.

- له کۆنگرەدا ژمارەیەکی زۆر نوێنەری ئافرەت بەشدار بوون که نزیکەی ١٣٠ نوێنەر دەبوون.
- کۆنگره کرایەوه بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێك له قورئانی پیرۆز که له لایەن مەلا جەرجیس پێشکێش کرا.
- هەڤاڵی بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی وتارێکی گرنگ و بەنرخی پێشکێش کرد که پێشەکی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و ناوی زۆر له میوانەکانی هێنا که له کۆنگره ئامادە بوون.
- دوای ئەوە وتاری زۆر حزبی کوردستانی و عێراقی و کەسایەتیی دەرەوە پێشکەش کرا.
- ڕۆژی یەکەم بەهەردوو دانیەوە بۆ وتاری مێوانان بوو لە دوابیدا لێژنەی سەرپەشتی کۆنگره له ٨ هەڤاڵ دروست کرا.
- گۆڕانکارییەکی فراوان له پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوەخۆی کۆنگرەی دەیەم کرا که لەگەڵ بارودۆخی تازەدا بگونجێ. لێژنەی چاودێری و پشکنینی باڵا دروست کرا و لەناو کۆنگره هەڵبژێردرا.

ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی له ٧ بوو بە١١ ئەندام هەروەها ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ٢١ ئەندام بوو بە٣٧ ئەندام.

- کۆمەڵێك مەکتەبی ناوەندی بڕیاری لەسەر درا که ژمارەیان ٩ مەکتەب بوو.
- هەروەها بڕیار درا لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەدوو لیست بیت.

– لیستی یەکەم ٢٦ ئەندام بۆ پارتی و یەکێتی دیموکراتی و بزووتنەوەی فەیلی و ١١ ئەندام بۆ یەکگرتن.

– لە ئەنجامدا هەڤاڵی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی تێکڕای دەنگ ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرا بەسەرۆکی پارتی بۆ جاری سێیەم.

هەڤاڵی بەڕێز عەلی عەبدوڵڵا بە جێگری سەرۆك.

– ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش بەم شێوەیە بوو:

١– نێچیرڤان بارزانی.

٢– سامی عەبدوڕەحمان.

٣– هۆشیار زێباری.

٤– جەوهەر نامیق.

٥– فازل میرانی.

٦– دکتۆر ڕۆژ نوری شاوێس.

٧– ئازاد بەرواری.

٨– عزەددین بەرواری.

٩– عارف تەیفور.

١٠– دکتۆر جەرجیس حەسەن.

١١– زەعیم عەلی.

١٢– ملازم سەید کەریم.

١٣– سەعد عەبدوڵڵا.

١٤– ڕەمزی شەعبان.

١٥– فەرەنسۆ حەریری.

١٦– عەبدوڵڵا ئاگرین.

١٧- مەسعوود سالەیی.

١٨- قادر جەباری.

١٩- نیزامەددین گلی.

٢٠- سەلاّح دەلۆ.

٢١- برووسك نووری.

٢٢- كەمال كەركووكی.

٢٣- شەوكەت شێخ یەزددین.

٢٤- عومەر بۆتانی.

٢٥- عەلی سنجاری.

٢٦- كەریم سنجاری.

٢٧- ملازم یونس ڕۆژ بەیانی.

٢٨- جەلیل فەیلی.

٢٩- محەمەد مەلا قادر.

٣٠- شیرین ئامێدی.

٣١- عومەر عوسمان.

٣٢- قادر قادر.

٣٣- عەبدولعەزیز تەیب.

٣٤- سەید كاكە سەید اسماعیل.

٣٥- ملازم شوان.

٣٦- دەروێش ئاغا.

٣٧- حەمەی حاجی مەحمود.

- هەروەها لەم كۆنگرەیەدا دروشمی پارتی و ئالاّی پارتی بڕیاری لە سەردرا و چەسپێندرا.

ئەندامەکانی یەدەك بەم شێوەیە بوو:

١- مەحمود محەمەد.

٢- مامۆستا ئەمین قادر.

٣- زێرەڤان.

٤- دکتۆر ناسح.

٥- ئازاد قەرەداغی.

٦- ئەکبەر حەیدر.

٧- کەمال حسێن.

٨- بارزان مەلا خالید.

٩- نووری حەمە عەلی.

مەکتەبی سیاسی بەم شێوەیە بوو:

١- نێچیرڤان بارزانی.

٢- جەوهەر نامیق.

٣- سامی عەبدوڕەحمان.

٤-هۆشیار زێباری.

٥- فازل میرانی.

٦- دکتۆر ڕۆژ نووری شاوێس.

٧- دکتۆر جەرجیس حەسەن.

٨- ئازاد بەرواری.

٩- زەعیم عەلی.

١٠- حەمەی حاجی مەحمود.

١١- ملازم سەید کەریم.

- لە دواییدا حەمە پارتیی بەجێ هێشت هەڤاڵ عزەددین بەرواری لە جێگای بوو بە ئەندامی م.س.
- دواتریش ملازم کەریم شەهید بوو و هەڤاڵ عارف تەیفور لە جێگای ئەو بوو بە ئەندامی م.س.

## دەستەی چاودێری و پشکنینی پارتی

لە کۆنگرەدا هەڵبژێردران و لەم هەڤاڵانەی خوارەوە پێك هات:

١- فەلەکەددین کاکەیی: سەرۆکی دەستە

٢- حەبیب محەمەد کەریم: ئەندام

٣- ڕەشید سندی: ئەندام

٤- ئیسماعیل مەلا عەزیز: ئەندام

٥- عەلی جان: ئەندام

٦- محەمەد ساڵح جومعە : ئەندام

٧- محەمەد مەعروف: ئەندام

٨- جەمیل محەمەد قادر: ئەندام

٩- محەمەد قازی: ئەندام

١٠- میکائێل دۆسکی: ئەندام

١١- عەلی قاسم سنجاری: ئەندام

- جارێکی تر شەڕی ناوەخۆ یان شەڕی براکوژی ١/٥/ ١٩٩٤ پەرپەوە لە ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیە دەستی پێ کرد و بۆ سلێمانی و ناوچەکانی گەرمیان و تا دەگاتە هەولێر و شوێنەکانی تر.
- ئەم شەڕە نەگریسە کە لەسەر دەسەڵات بوو ٤ ساڵی بەڕێ کرد و ٤ قۆناغی شەڕی بەسەر برد و زیانی زۆر گەورەشی لە ئەزموونەکەمان دا و دڵی دوژمنانی خۆش کرد و بێگومان دەستی ئەوانیشی تێدا هەبوو.

- زۆربەی جەماوەری کورد ئەم شەڕەی پێ خۆش نەبوو و ڕەتی کردەوە.
- دۆستانیشمان لە دەرەوە پێی دڵتەنگ بوون و کاری نێگەتیڤی لەسەر کێشە رەواکەمان هەبووە.
- ئێستاش لە ئەنجامی ڕێکەوتنی ڕێکەوتنی ١٧/ ٩/ ١٩٩٨ (ڕێککەوتنامەی واشنتن) بەدەسپێشکەری هەڤاڵی بەڕێز سەرۆکی پارتی و پاڵپشتی ئەمریکا لەسەر دەستی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم ڕێکەوتنە هاتووەتە کایەوە و ماوەیەکی زۆریش پێش ئەوە کۆبوونەوەی زۆر لە نێوان وەفدی باڵای پارتی و وەفدی باڵای یەکێتی هەبووە و لە کۆیە و شەقڵاوە و ئێستاش هەر بەردەوامە و بەو ئومێدەین پرۆسەی ئاشتی بەزوویی و سەرکەوتوویی بگاتە ئەنجامەکانی کۆتایی.
- بەداخەوە شەڕێکی تری کوردی ئەویش pkk تیروریست کە لە ساڵی ١٩٩٢ نایەوە لە دژی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەویش بەفیتی دوژمنان و سەرەڕای ئەوەی بەسەریان هات تا ئێستاش بەچاوی دوژمن سەیری ئەزموونی دیموکراسی کوردستانی عێراق دەکەن.
- ئەوەش لە بیر نەکەین لە ساڵی ١٩٩٦ پاش ئازادکردنی شاری هەولێر و بەگەڕ کەوتنەوەی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی کابینەی سێیەم کە پارتی و چەند لایەنی تری کوردستان تێیدا بەشداربوون، دەوری چاکیان هەبوو لە پاراستنی موڵك و سامانی خەڵك و چەسپاندنی ئاسایشی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و بەدەیان پرۆژەی گەورە و بچووکی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییان پێشکەش بە جەماوەری کوردستان کردووە و تائێستاش بەردەوامە.
- خاڵی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە پارتیمان هەوڵی داوە لە پاش کۆنگرەی یازدەیەمەوە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانمان لە ئێران و تائێستا سەرکەووتوانە بەردەوامیی هەیە و بەهەزاران خێزان تا ئێستا

گەراونەتەوە باوەشی گەرمی کوردستان و هاوکاری کراون لە لایەن پارتی و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

- هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی نەمران بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی جوانەمەرگ ئەمەش یەکێك لە بڕیارەکانی کۆنگرە و بەدەست پێشخەری سەرۆك مەسعود بارزانی بوو. ئەوە بوو لە ٦/١٠/١٩٩٣ لە پێشوازییەکی گەورەی گەرمدا لە ڕۆژی ٨/١٠ لە زێدی پیرۆزیان (بارزان)ی سەر بڵند بەخاك سپێردران.
- ئومێدەوارین کەوا خەڵکی کوردستان لەسەر ڕێزلێنانی خۆیان لەم دوو زاتە مەزنە بەردەوام بن لە یادە پیرۆزەکانیاندا.

## کۆنگرەی دوازدەهەم

کۆنگرەی دوازدەیەم پاش تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر کۆنگرەی یازدەیەم دەبەسترێ لە شاری هەولێر لە ٦-١٤/١٠/١٩٩٩.

لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە مانگی ٣/١٩٩٩ بڕیاری بەستنی کۆنگرەی دوازدەیەم درا، یەك لەبەر ئەوەی ماوەی یاسایی تەواو بووبوو و پێویست بوو کۆنگرە بگیری، لە لایەکی تریش سەرۆك مەسعود بارزانی لە سەردانی بۆ دەڤەری بادینان لە کۆبوونەوەیەکدا وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد کۆمەڵێك گیروگرفتی هەنووکەییی ئاشکرا کرد و بڕیاری دا چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و ئەوە بوو لەو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە ١٣/٣/١٩٩٩ ئەم کێشەیە باسی لێوەکرا پاش گفتوگۆی زۆر بڕیاری بەستنی کۆنگرە درا.

ئەوەبوو لە کۆبوونەوەیەکی تری کۆمیتەی ناوەندی لە ١٤/ ٤/ ١٩٩٩. لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بڕیاری لەسەر درا بەڵام دەستنیشانکردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دوازدەیەم درا بە م.س بەسەرۆکایەتیی سەرۆك.

لە مانگی ١٩٩٩/٥ لێژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە پێك هات لەم هەڤاڵانەی خوارەوە:

١- فەلەکەدین کاکەیی: سەرۆکی لێژنەکە

٢- دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە: جێگری سەرۆکی لێژنەکە

٣- شێخەڵڵا ئیبراهیم: ئەندام

٤- تەمەر ڕەمەزان: ئەندام

٥- نەجمەددین یوسفی: ئەندام

٦- مامۆستا حەسەن: ئەندام

بۆ ئاگاداری لە پەیڕەوی ناوەخۆ کراوەتە مەرج ئەوەی دەبێ بەلێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە نابێ خۆی بۆ ئەندامێتی سەرکردایەتی بپاڵێوێ.

هەر لە کۆبوونەوەی ٤/١٤ پێشنیاری سێ مێژوو کرا بۆ بەستنی کۆنگرە.

١- ١٦: ئاب ڕۆژی دامەزراندنی پارتی

٢- ١١: ئەیلوول ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول

٣- ٦ تشریسنی یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتی سوڤیێت لە ساڵی ١٩٥٨ و ڕۆژی هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی بارزانیی نەمر و ئیدریسی جوانەمەرگ لە ساڵی ١٩٩٣.

هەروەها لێژنەی ئامادەکاری ژمارەیەکی تری زۆری کرد بەئەندامی لێژنەی ئامادەکار وەك نوێنەری لقەکان و مەکتەبە ناوەندییەکان و ژمارەی لێژنەی ئامادەکاری بەگشتی نزیکەی بۆ ٧٠ هەڤاڵ دەچوو. ژمارەیەکیش ئافرەتی تێدابوو.

لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لە ئاخر و ئۆخری مانگی ١٩٩٩/٥ دەستی کرد بەهەڵبژاردنی لێژنە ناوچەکان و هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە

بەرپێژەی یەك لە ٣٥٠ ئەندامدا. لێژنەی ناوبرا و لە دهۆکەوە واتە لە لق١ دەستیان کرد بەکاری خۆیان واتە بەکۆمەڵ و لق بەلق هەڵبژاردن دەستی پێ کرا.

تا ناوەڕاستی مانگی ١٩٩٩/٧ هەموو هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بەکۆ تایی هات جگە لە هەندێ ناوچە گیروگرفت ڕووی دا و دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن کرایەوە و تا سنوورێکی مام ناوەندی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتوو بوون و سەرۆك لە ناو کۆنگرەدا سوپاسی کردن.

کۆنگرەی دوازەیەم لە شاری هەولێر لە هۆڵی (زەردی کۆنگرەی یازدەیەم) دەستی پێ کرد لە کاتژمێری ١٠ بەیانی ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٦.

کۆنگرەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز کرایەوە و دوای ئەوەش دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی جوانەمەرگ.

لەم کۆنگرەیەدا میوانێکی زۆری پارتەکانی کوردستانی عێراق و عێراقی و پارچەکانی تری کوردستان بەشدارییان کرد.

لە لایەن لێژنەی ئامادەکار، کۆنگرە کرایەوە و دوا بەدوای ئەوە سەرۆك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیمان وتارێکی بەنرخی پێشکیش بەمیوانان و هەڤالان کرد و زۆر لایەنی سیاسی گرنگ و لایەنی تری تێدا شرۆڤە کرد.

وتاری چەند حزبی سەرەکی دوای وتاری سەرۆك پێشکیش کران یەکێك لەو حزبانە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو کە وتارەکە لە لایەن فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی خوێندرایەوە هەروەها وتاری حزبی شیوعی عیراقی و کوردستانی و یەکگرتووی ئیسلامی و چەند حزبی تر.

هەروەها بروسکەی جێگری سەرۆکی ئەمریکی ئالگۆر و نوێنەری

کۆنگریسی ئەمریکی و زۆر برووسکەی تر پێشکەش کران لە هەردوو دانی بەیانی و دانی ئێوارەدا.

میوانەکان تەنیا دانی بەیانی بەشداربوون و پاش بەجێهێنانی ڕێورەسمی فراڤین خواردن بە بەشداربوونی سەرۆك و م.س و کۆمیتەی ناوەندی پاش نیوەڕۆ. میوانەکان بەرەو جێگای خۆیان گەڕانەوە. هەروەك ئاماژەم بۆ کرد کۆنگرە پاشی نیوەڕۆ بەردەوام بوو لە گوێگرتن لە خوێندنەوەی برووسکەکانی ناوەوە و دەرەوە.

ڕۆژی دووەم لە کاتی دیاریکراو کۆنگرە دەستی بەکاری خۆی کردەوە، لێژنەی سەرپەرشتکاری کۆنگرەی هەڵبژارد کە هەڤاڵان فەلەکەدین کاکەیی و دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە و سیامەند بەننا و خاتوو نازەنین سوو و شیرین عەلی و شێخەڵڵا ئیبراهیم و نەجمەدین یوسفی و چەندانی تر بەشدارییان تێدا کرد.

دوای ئەوە لە لایەن کۆنگرەوە نزیکەی ١٠ لێژنە دروست کران وەك لێژنەی پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی سیاسی و لێژنەی پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی ڕێکخستن و لێژنەی پێداچوونەوە بەڕاپۆرتی مالی و لێژنەی پێداچوونەوە بەپرۆگرام و پەیڕەو و لێژنەی پێداچوونەوە بەڕاپۆرتی عەسکەری و لێژنەی پێداچوونەوە بەپەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لێژنەی شەکاوی و لێژنەی پێداچوونەوە بەڕاپۆرتی شەڕی داسەپاو و....

لێژنەکان لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا بەگشتی کارەکانی خۆیان تەواو کرد و لە ڕۆژی پێنجەمی کۆنگرەی گشتی واتە کۆنگرە بەشداربووانی خۆی کە ١٥٠٠ ئەندام بوو دەستی کردەوە بەگفتوگوکردن لەسەر ئەم بڕیار و ڕاسپاردە و گۆڕینکارییانە لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆدا.

لە ناو کۆنگرەدا و لە لێژنەکانیشدا گفتوگۆی ئازاد هەبوو و ماوە بەئەندامەکانی کۆنگرە دەدرا بەپێی ڕێسایەك کە لێژنەی بەڕێوەبەردنی کۆنگرە بۆ خۆی دانابوو.

بەڕاستی زۆر گۆڕینکاری و بڕیاری گرنگ وەرگیران و تا ڕادەیەکی باش دەکرێ مرۆڤ بڵێت کۆنگرەیەکی بابەتی بوو و توانی دەست لەسەر هەموو گیروگرفتی هەنووکەیی دابنێ و هەروەك وتم تاڕادەیەکی باش دەستی لەسەر هەڵە و کەموکورتییەکان دانا و بڕیاری چارەسەری بۆ دەرکردن.

سەرۆك مەسعود بارزانی لە وتاری خۆیدا داوای کرد کەوا پارتیمان بەرەو بەدەزگاکردن واتە (مؤسساتی) بچێ و سیما و تێوری سەردەم و شارستانیی پێوە دیاربێ چ لە دەزگاکانی حزب بێ یان لە دەزگاکانی حکوومەتیدا.

لە ناو کۆنگرەدا زۆر بڕیاری گرنگ وەرگیران بەتایبەتی بڕیاری گۆڕانکاری لە هەموو داوودەزگاکانی حزب و حکوومی و لەشکری و دوای کۆنگرە زۆر هەنگاو لەم مەیدانەدا هاوێژراوە.

لە کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندی لە ٣٧ ئەندام کرا بە ٣١ ئەندامی کارا و ٩ ئەندامی یەدەك و بەم شێوەی خوارەوە و بەپێی زنجیرەی دەنگەکان:

١- نێچیرڤان بارزانی.

٢- مەسرور بارزانی.

٣- شەوکەت شێخ یەزددین.

٤- فازل میرانی.

٥- د. ڕۆژ نوری شاوێس.

٦- هۆشیار زێباری.

٧- سامی عەبدولڕەحمان.

٨- ئازاد بەرواری.

٩- کەریم سنجاری.

١٠- نووری حەمە عەلی.

١١- عارف تەیفور.

١٢- فەرەیدوون جوانڕۆیی.

١٣- زەعیم عەلی.

١٤- سەلاّح دەڵو.

١٥- جەوهەر نامیق.

١٦- ڕەمزی شەعبان.

١٧- عومەر بۆتانی.

١٨- شیرین ئامێدی.

١٩- جەمال مورتکە.

٢٠- د. کەمال کەرکووکی.

٢١- سەرباز هەورامی.

٢٢-فەرەنسۆ هەریری.

٢٣- عومەر عوسمان.

٢٤- برووسکە نوری شاوێس.

٢٥- سەفین دزەیی.

٢٦-قادر قادر.

٢٧- عزەددین بەرواری.

٢٨- سەعد عەبدوڵڵا.

٢٩- محەمەد مەلا قادر.

٣٠- د. جەرجیس حەسەن.

٣١- یونس ڕۆژبەیانی.

یەدەکەکان:

١- عەبدولعەزیز تەیب.

٢- محمود محەمەد (مەحمووده سوور).

٣- مەسعوود ساڵەیی.

٤- جەعفەر ئیبراهیم.

٥- عەبدولمهەیمن بارزانی.

٦- د. عەبدوڵڵا ئاگرین.

٧- دیاری حسێن.

٨- قادر جەباری.

٩- د. حەسەن سووره.

هەروەها پێش هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگره ڕاستەوخۆ هەڤاڵ مەسعود بارزانی بۆ جاری چوارەم بە سەرۆکی پارتی هەڵبژارد بە تێکڕای دەنگ، هەروەها لەسەر داوای سەرۆکی پارتی و پاڵاوتنی هەڤاڵ عەلی عەبدوڵڵا بۆ جێگری سەرۆکی پارتی، کۆنگره بەتێکڕای دەنگ پشتیوانیی پاڵاوتنەکەی سەرۆکی کرد.

بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و یەدەگەکانی، کۆنگره داوای لە وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان کرد کە ١٢ دادوەر ڕەوانە بکات بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردەنەکان و وەزارەتی دادیش ئەم دوازده دادوەرەی ڕەوانە کرد بەشێوەی ڕەسمی. هەر لە کۆنگرەوەش لێژنەی باوەڕی پێکردن (اعتماد) هەڵبژێردرا بۆ هاوکاریی دادوەرەکان و سەرپەرشتیی هەڵبژاردن و پرۆسەی هەڵبژاردن زۆر بەرێکوپێکی و پاکی ئەنجام درا. جا دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی دوازدەیەم لە ١٤/١٠/١٩٩٩. پاش دوو ڕۆژ پشوودان کۆمیتەی ناوەندی لە ڕۆژی ١٧/١٠ یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی کرد بەئامادەبوونی هەر سی و یەك لە ئەندامەکانی بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی پارتی و ئامادەبوونی جێگری سەرۆك.

ئەم کارانەی خوارەوەی کرد:

١- مەکتەبی سیاسی نوێی لە ٩ ئەندام هەڵبژارد و لەم هەڤاڵانەی خوارەوە و هەڵبژاردنەکەش بەدەنگدانی نهێنی بوو و ئەم هەڤاڵانە دەرچوون: لە نێوان ١٦ پاڵێوراو.

١- نێچیرڤان بارزانی.

٢- هۆشیار زێباری.

٣- مەسرور بارزانی.

٤- جەوهەر نامیق.

٥- فازڵ میرانی.

٦- سامی عەبدولڕەحمان.

٧- ئازاد بەرواری.

٨- د. ڕۆژ نوری شاوێس.

٩- زەعیم عەلی.

٢- بەرپرسی لقەکان بەم شێوەیە دابەش کرا:

١- محەمەد مەلا قادر بووبە بەرپرسی لقی ١.

٢- فازڵ میرانی بووە بەرپرسی لقی ٢ بەڵام دەوامی نەکرد و لە دواییدا گۆڕا و هەڤاڵ فرەنسۆ حەریری بووە بەرپرسی لقی٢.

٣- هەڤاڵ سەلاح دەلۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کرا بە بەرپرسی لقی٣، پاش چەند مانگێك گۆڕا. هەڤاڵ مەحموود محەمەد کرا بە بەرپرسی لقی٣.

٤- عزەدین بەرواری بووە بەرپرسی لقی ٤ لە دواییدا نەچوو و پاش ماوەیەك هەڤاڵ قادر جەباری بووە بەرپرسی لقی ٤.

٥- قادر قادر بووە بەرپرسی لقی ٩ و لە دواییدا بووە بەرپرسی لقی١٠.

٦- هەڤاڵ عومەر عوسمان بووە بەرپرسی لقی١٠ و لە دواییدا بووبە بەرپرسی لقی٩.

٧- هەڤاڵ یونس ڕۆژبەیانی بووبە بەرپرسی لقی١١.
٨- هەڤاڵ نووری حەمە عەلی بووبە بەرپرسی لقی١٢.
٩- هەڤاڵ سەفین دزەیی بووبە بەرپرسی لقی٦ و لە دواییدا گۆڕا لە نوێنەرایەتیی پارتی لە ئەنقەرە مایەوە.
١٠- هەڤاڵ کەمال کەرکووکی هەر لە لقی ٧ مایەوە و لە دواییدا بووبە بەرپرسی لقی ٦ لە ئەورووپا.

٣- بڕیاری کۆتاییی کۆنگرە ئامادەکرا و بڕیاری لەسەر درا.

٤- بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەڤاڵ نێچیرڤان بارزانی دەستنیشان کرا و هەڤاڵ سامی عەبدورەحمان بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

٥- بڕیار درا بۆ مەکتەبی سیاسی سکرتێرێك دیار بکرێ و ئەویش لە دەسەڵاتی خۆی بێ، لە دواییدا هەڤاڵ جەوهەر نامیق لە لایەن م.س دیاری کرا بۆ سکرتێری م.س.

٦-هەندێ بڕیاری تریش وەرگیرا.

کۆنگرەی دوازدەیەم بەکۆتایی هات و دەرەنجامی باشی لێ کەوتەوە و ئێستاش پارتیمان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێش دەچێ و گۆڕانکاریی زۆری کردووە.

## ئەنجام گری

- لە ئەنجامی ئەو شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی کە لە پێشەوە باسمان لێوە کردوون ئەمەوێ ئەم چەند ئەنجامە مێژووییانە بخەمە بەردەستی هەڤالان:

١- بۆمان دەرکەوت کە پارتی ٥٥ ساڵ لە تەمەنی پڕ لە شانازیی چەند هەوراز و نشێوی بەخۆیەوە دیوە و تووشی چەندان سەرکەوتن و شکستی گەورە بووە بێ لادان و بادان، لە ڕێبازی نەتەوایەتیی خۆی لای نەداوە.

٢- هەروەها دەركەوت كە بارزانيى نەمر دەورى بنەڕەتيى هەبووە لە دامەزراندنى پارتى و گەشە پێكردن و پەرەى پێ داوە و گەياندنى بەچەند قۆناغى مەزن.

٣- بۆمان دەركەوت كە پارتى لە چەند ئەزموون و شۆڕش و ڕاپەڕيندا دەورى سەركردايەتى يا دەورى چالاكى تێدا هەبووە وەك بەشداربوونى بارزانيى نەمر و دەستەى دامەزرێنەر و هەڤالآن و پێشمەرگەكانيان لە كۆمارى مەهاباد و بەرپا كردنى شۆڕشى گولآنى پێشكەوتنخواز و دەورى شاكار و سەرەكى لە ڕاپەڕينى بەهارى ساڵى ١٩٩١دا.

٤- پاش ٢٤ ساڵ خەباتى سياسى و ١٠ ساڵ خەباتى شۆڕشگێڕى و چەكدارى لە شۆڕشى ئەيلوولى مەزندا پارتى گەيشتە پۆپەى سەركەوتن و دروشمى ناوەندى خۆى ئۆتۆنۆمى بۆ كوردستان لە ڕێكەوتنامەى ١١ى ئازارى ١٩٧٠دا بەجێ هێنا.

٥- پارتى بەتايبەتى هەڤاڵ مەسعود بارزانى سەرۆكى پارتى دەورى سەرەكى و بنەڕەتى هەبوو لە بيرۆكەى دامەزراندنى پەرلەمان و حكوومەتى هەرێمى كوردستان لە ساڵى ١٩٩٢دا.

٦- پارتى دەسپێشكەريى كرد لە كۆنگرەى نۆيەم بۆ دامەزراندنى بەرەى نيشتمانيى عێراقى و بەرەى كوردستانى.

٧- سەروەرييەكانى بارزانيى نەمر و گەورە لە سەركردايەتيى پارتى و بزووتنەوەى ڕزگاريخوازى كورد گەلێك زۆرە و مێژووى كورد و كوردستانى ڕازاندووتەوە. دەبێ لە مێژووى كورد و كوردستاندا بنووسرێ و لە زانستگاكانماندا بخوێندرێت.

٨- دواى ڕزگاركردنى شارى هەولێر لە ٣١ ئابى ١٩٩٦ و گەڕانەوەى شەرعييەت. لە ماوەى ئەم چوار ساڵەدا كابينەى سێيەم و چوارەم دامەزران و توانييان لە هەردوو پارێزگاى هەولێرى پايەتەخت و دهۆك

زۆر پێشكەوتنی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبری و...... وەدەست بێنن كە لە ئەنجامدا ئاشكرابوو پارتی تا چ ڕادەیەك لە ڕووی ئیداری و حكومییەوە دەتوانێ خزمەتی كورد و كوردستان بكات.

٩- دامەزراندنی سەنتەری مەلا مستەفا بارزانی لە زانكۆی ئەمریكا لە واشنتۆن لە ساڵی **١٩٩٩** هاتە كایەوە و لە ساڵی ٢٠٠٠دا كۆنگرەیەكی گرنگی بەرپا كرد بەناوی (كورد و گەڕان بەدوای ناسنامە) كە دەوری زۆری دەبێ لە ناساندن و پێشخستنی كێشەی كورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستكەوتێكە بۆ مێژووی پڕ سەروەری پارتی و ڕێبازی بارزانی.

**دوا وتە**

هەروەك لە پێشەوە ئاماژەم پێ کرد کولتووری بارزانیی نەمر و مێژووی پڕ شانازی پارتی و بارزانیی مەزن یەکجار زۆر و فراوانە.

بێگومان من ناتوانم وا بەئاسانی لە چەند لاپەڕەیەکی کەمدا هەموو ناوەڕۆکی بابەتەکان بەتەواوی بیانووسم و شییان بکەمەوە بەڵام کۆششی من ئەوە بووە کەوا بەکورتی و بەپوختی ئەم دوو بابەتە گرنگە وەك سەرەتایەك یا وەك بناغەیەك یا باشتر وایە بڵێین وەك سەربابەت و سەرپەچڕێك لەم دوو بابەتە بنووسم بۆ ئەوەی خوێنەران و هەڤاڵان بەئاسانی و بەخێرایی بتوانن تامەزرۆیی خۆیان بشکێنن.

بەتایبەتی بۆ هەڤاڵانی بەشداربووی پەیمانگەی کادیران و خولەکانی رۆشنبیریی پارتایەتی لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانن وەك بابەتی وانە بێ و یا وەك سەرچاوەیەك بێ لێی بەهرەمەند بن و سوودی باشی لێ وەربگرن.

جا بێگومان کارێکی وا گرنگ، ئاسان نییە هەڵەی تێدا نەبێ هەرچەندە زۆرم کار کردووە لە هیچ ڕووێکەوە هەڵەی تێدا نەبێ بەڵام ئەوەی هەڵە ناکات هەر خوایە.

داوای لێبوردن ڕەوایە، کاری لێبوردنیش فەرمانی خوایە و لەم سەردەمەشدا کارێکی ئاساییە هەروەها خوازیارم لە هەڤاڵان و دۆستانم ئەگەر هەر کەم و کورتییەك هاتە بەرچاو ئاگادارم بکەنەوە بەهەر شێوەیەك کە بۆیان دەلوێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا چارەسەریان بۆ بدۆزمەوە.

هەروەها بۆ ئاگاداریتان توانیومە جگە لە زانیارییەکانی خۆم سوود وەربگرم لە پەڕتووکێکی بارزانی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە نووسینی هەڤاڵ سەرۆك مەسعود بارزانی وە کتێبەکەی هەڤاڵ عەلی عەبدوڵڵا بەناوی مێژووی پارتی.

هەروەها سوودم لە کتێبەکەی هەڤاڵ حەبیب محەمەد کەریم لەسەر مێژووی پارتی وەرگرتووە و لە هەندێ سەرچاوەی تریش.

## ناوەڕۆك


خەباتنامە ........ ٧
بەشی یەکەم ........ ١٠
کەلتووری بارزانی نەمر یان ڕێبازی بارزانی ........ ١٠
ڕوونکردنەوە ........ ١٨
وتاری بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٦٧ ........ ٢٢
ناوەڕۆکی وتاری بارزانی نەمر ........ ٣٤
بەشی دووەم ........ ٤٢
کورتە مێژووی پارتی ........ ٤٢
پارتی چۆن دەمەزرا ........ ٤٣
لە کۆنگرەی یەکەم ........ ٤٤
کۆنگرەی دووەم ........ ٤٧
کۆنگرەی سێیەم ........ ٤٨
کۆنگرەی چوارەم ........ ٤٩
کۆنگرەی پێنجەم ........ ٥٤
کۆنگرەی شەشەم ........ ٥٦
کۆنگرەی حەوتەم ........ ٦٣
کۆنگرەی هەشتەم ........ ٦٧
کۆنفرانسی ئاب ١٩٧٦/٨/١١ لە بەرلین ........ ٧٠
کۆنگرەی نۆیەم ........ ٧٢
کۆنگرەی دەیەم ........ ٨٠
کۆنگرەی یازدەیەم ........ ٩١
کۆنگرەی دوازدەهەم ........ ١٠٠
دوا وتە ........ ١١١